پڕفرۆشترینی نیۆرک تایمز

The New York Times

ستیڤ هارڤی

وەک کەسێکی سەرکەوتوو ڕەفتار بکە، وەک کەسێکی سەرکەوتوو بیربکەرەوە

GOLDEN BOOK

STEVE HARVEY

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

وەک کەسێکی سەرکەوتوو ڕەفتار بکە، وەک کەسێکی سەرکەوتوو بیربکەرەوە

دۆزینەوەی تواناکانت لەگەڵ ڕێگای
گەیشتن بەسەرمایەکانی ژیان

ستیف هارڤی
پڕفرۆشترینی نیۆرک تایمز

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە :
شێنێ ڕەئوف

Scanned with CamScanner

ناوی کتێب:
وەک کەسێکی سەرکەوتوو ڕەفتار بکە، وەک کەسێکی سەرکەوتوو بیربکەرەوە
بابەت : دەرونزانی
ناوی نوسەر : ستیف هارڤی
وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە : شێنێ ڕەئوف
پێداچونەوە: سیروان سلێمان حسین
دیزاین : هەرێم عوسمان
تیژار : ١٠٠٠ دانە
چاپ: تاران
نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (١٣٧٩) ی سالی (٢٠١٩) ی پێدراوە

Scanned with CamScanner

پێشکەشە بەدایکی خوشەویستیم (ئیلوسی ڤیراهارڤی) کەمامۆستایەکی دڵسۆزی قوتابخانەبوو بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ ، دڵ و ڕۆحمی پیرۆزکرد بە دیاری باوەڕ، باوەڕی ئەو بە من بەردی بناغەی بوونم بووە، یارمەتی دەرم بووە بۆ سەرکەوتن بەسەر ناخۆشییەکانی ژیانمدا ، کردومی بەم کەسەی ئێستا، لەبەرئەوە زۆرم خۆشدەوێت ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بیری دەکەم.

پێشکەشە بەباوکم تاکە ئیشی ئەوە بوو پیاوەتیم فێربکات، بەدڵنیاییەوە کردویەتی، هەروەها ڕەوشتی کاری تیادا نەخشاندووم بۆیە لە هەموو ژیانی کارمدا قەرزداری ئەوم سوپاس باوکە.

پێشکەشە بە (مارجور)ی هاوسەرم کە وەکو هاوڕێم بووە و یارمەتی دەرم بووە تابگەم بە لوتکە ئەو هاندەرو ڕێنیشاندەرم بووە ، ئەوخۆشەویستی ژیانمە هۆکاری بوونمە بەم کەسەی ئێستام خۆشمدەوێت کچەکە !

ناوەڕۆک

پێشەکی
تواناکەت بانگت دەکات ئایا ئامادەی وەڵام بدەیتەوە ؟

بەشی یەکەم:
کاتێ دەڵێت بەسە ئیتر
١ من بێزارم لەخۆم
٢ ترس و شکست
٣کردنەوەی سەری قوتووەکە

بەشی دوو:
دۆزینەوەو لەئامێز گرتنی تواناکەت
. ٤ مەودای نێوان لەناوچون و قوربانیدان بە خەونەکان
. ٥ بۆ چ کارێک پارەت پێدەدرێت و خۆت بۆچ کارێک دروست کراویت
٦ زانینی تواناکەت و بەکارهێنانی لەئامانجی دروستدا
٧ تێگەیشتن لە قەشەنگ بوونی تۆ
٨ سەرکەوتن بەسەر شاخەکاندا تا ئەگەیت بە خەونەکانت
٩ ئەبێت بەچاوی خۆت بیبینیت تاباوەڕی پێبکەی
١٠لێکچواندنی (پیاوێک لەسەر پەتێک)
١١هیچ کەسێک ناتوانێت بەختی خۆی دروست بکات

Scanned with CamScanner

بەشی سێیەم
گەورەکردنی تواناکەت
١٢چیرۆکی شریتەکە
١٣هەرگیز لەنوێبونەوەی خۆت مەترسە
١٤هێزی وتنی نەخێر

بەشی چوارەم
دروستکردنی میراتەکەت
١٥ بەسەرکەوتنەکانت وەڵامی ئەوانە بدەرەوە کەڕقیان لێتە
١٦ هاوسەنگی جادویی ژیان
١٧خودای گەورە دڵت خۆش بکات تا سوپاس گوزاربیت

Scanned with CamScanner

وەک کەسێکی
سەرکەوتوو
ڕەفتار بکە،
وەک کەسێکی
سەرکەوتوو
بیربکەرەوە

Scanned with CamScanner

پێشەکی

تواناکەت بانگت دەکات
ئایا ئامادەی وەڵام بدەیتەوە؟

من ئێستا لە ناو تەیارەیەکی تایبەتدام لەجۆری (جێت)، لەگەڵ سیدریک (کە بەڕێوەبەرێکی بەرنامەکەیە) ئێمە لە شوێنی وێنەگرتنی ستیڤ هارڤی گەشتمان کرد بۆ شارێک کەتیایدا بەرنامەمان پێشکەش دەکرد لە ژێر ناوی (پاشاکانی کۆمیدیا)، کەتەنیا من و (بیرنی ماک و سید) بووین، هەموویان لە کابینەی گەشتیارەکاندا خەویان لێکەوتبوو ، کاتێ لە پەنجەرەکەوە سەیرم کرد ئەمتوانی ڕوناکیە درەوشاوەکەی شارەکە ببینم، لەپڕ فرمێسکەکانم ڕژانـە سـەر دەم وچـاوم، لـەوکاتـەدا من هەموو ژیانی خۆم هـەژمار نەکردبوو، هەموو پیرۆزیەکانم... سەرکەوتنەکانم. نەمئەتوانی باوەڕ بکەم کە من لەناو تەیارەیەکی تایبەتی جۆری ج۳ کە نێردرابو لەلایەن بەڵێندەرانی گەشتەکەوە ، بیرم کـردەوە سەیرکە ژیانم گەیشتووە بە کوێ، من پێم وتراوە کە قەت نابم بە هیـچ! بەڵام من ڕزگارم بوو لە ئیشی پاکردنەوەی فەرش، کە زۆر بێزارکەربوو ، فرۆشتنی دڵنیایی

Scanned with CamScanner

ژیان کە دڵم هیچ پێخۆش نەبوو، ئەو هەفتانەی بێکار بووم وازهێنان لە ئیشەکەم بێماڵ بوون وە دەرکردنم ، بۆمدەرکەوت من تووشی زۆرشت بوم، لەپڕ هەستێکی بەهێزی سەرکەوتن بە سەرمدا زاڵ بوو وە فرمێسکەکان بەردەوامبوون، ڕوون بویەوە کەخەونەکانم بوون بەڕاستی، ئەمویست ببم بە یەکێک لە کومیدییە سەرکەوتوەکانی وڵات، ئێستاش ڕوئەدات ناونیشانی گەشتەکە (پاشاکانی کومیدیا) بوو، دواتر ئێمە بەرنامەکەمان پێشکەش کرد و سەلماندمان . بوین بەیەکەمین ڕۆتینی کۆمیدی کە ئەوەندە پارە بەدەست بێنێت، گەشتەکە ٥٨ ملیون دۆلاری بەدەستهێنا ، خەونەکانم هەموی ئەهاتنەدی لەبەر چاوم، ئەوە یەکەم سات بوو هەستم بەسەرکەوتنی خۆم کرد، هەستێکی خۆش و پڕئاسودەیم هەبوو، گونجاندنی ڕاست لەگەڵ پلانی خواوەند . سەرکەوتن بەلای منەوە پەیوەندی بەو سەیارەوە نیە کەپێمە، یان ئەو خانوەی تییادا دەژیم، یان شێوازی گەشتکردنم، یاخود قاتەکانی بەرم، ڕاستە بەشێکی سەرکەوتنەکانم پەیوەندی بەو پارەوەیە کە دەستم دەکەویت و ئەو شتانەی ئەتوانم بیکڕم بۆ خۆم و خیزانەکەم، بەڵام هەرکەسێک چاک بمناسێ ئەزانێ پارەبچوکترین بەشی سەرکەوتنەکانمە، سەرکەوتن ژیانمە، لەهاوسەرگیری خەونمدا لەگەڵ ئەو ئافرەتەی یارمەتیداوم ببم بەباشترینی خۆم ، سەرکەوتن دەربڕینی خۆشەویستیە بۆ منداڵەکانم و بوونی هەلێکە تابتوانم کاریان لە گەڵدابکەم، لەگەڵ ئەوەشدا بزنسەکەم دروست بکەم و گەورەتری بکەم، سەرکەوتن ئەوەیە هەموو ڕۆژێک خۆم زۆر هیلاک بکەم بۆ کردنی ئەو ئیشەی کەزۆر حەزم پێیەتی، لەوانەیە پێناسەی تۆ بۆ سەرکەوتن کەمێک جیاوازبێت، بەڵام مرۆڤ بەگشتی

Scanned with CamScanner

هەمان حەزی هەیە لەژیاندا، ئارامی مێشک و هاوڕێ و خێزانی خۆشەویست، تەندروستییەکی باش، وە ئاستێکی دیاریکراوی حەسانەوەی ئابووری، گرنگ نیە پێناسەی تۆ بۆ سەرکەوتن چییە، ئەم کتێبە ژیان گۆڕە دەتخاتە سەر ڕێگای ڕاست، تابەدەستی بێنیت، خەرجکردنی ئەوپارەیەی کەبەگرانی بەدەستت هێناوە بۆ کڕینی ئەم کتێبە، وەکو کەسێکی سەکەوتوو ڕەفتاربکە، وەکو کەسێکی سەرکەوتوو بیربکەرەوە... دەریدەخات کەتۆ بەڕاستی ئەتەوێت ژیانت بخەیتە ئاستێکی تر و بەدەستهێنانی هەموو ئەو شتانەی کەژیان پێت ئەبەخشێت، ئەم کتێبە. دڵت ناشکێنێت لەگەیشتن بەئامانجەکانت، من کاتێ ئەم پەڕانەم نووسیوە چەند کەسێکی جیاواز لەخەیاڵمدا بون، گرنگ نییە کەتۆ قوتابی زانکۆ بیت یاخود دەرچویەکی تازەی زانکۆیت، هەوڵ ئەدەیت بچیتە ناو ژیانی کارەوە، یان خانەنشینی چاوەڕوانی بزانی دوای ئەوە چی دێت، یان کەسێکی لەلوتکەدایت، ئەتەوێت لەوێدا بمێنیتە، وە ئەم کتێبە بۆ تۆیە، ئەگەر سەرەتا دەست پێدەکەیت یان بڕیارت داوە بوەستی لەجەنگان بەرامبەر ڕێگرەکان، کە تۆ زۆر سوری لەسەرکەوتن بەسەریاندا یان تۆ پێشتر سەرکەوتویت بەسەر شاخەکەدا هاندەرێکت نییە تازیاتر سەربکەویت، بۆ ئەوانەشە کە کەوتون، بۆ ئەوانەشتانە کەبەشێکی ڕێگاکەتان بڕیووە و بۆت ڕونبوەتەوە کەئەمە نابێت هەموو ئەو شتانەبێت کەژیان پێشکەشت دەکات، یەکەم کتێبم (وەکو ئافرەت ڕەفتار بکەو وەکو پیاو بیرکەرەوە) یارمەتی ملیۆنەها ئافرەتی داوە کە بەشێوازێکی نوێ سەیری پەیوەندییەکانیان و ڕەفتاری جێژوانیان بکەن ، (وەکو کەسێکی سەرکەوتوو ڕەفتار بکە، وەکو کەسێکی سەرکەوتوو بیربکەرەوە) یارمەتیت دەدات

ئامانجەکانی ژیانت هەڵبسەنگێنیت و ئامرازەکانی گەیشتن پێیان دیاری بکەیت، کتێبەکانی پێشووم زیاتر ئافرەتی بە ئامانج گرتبوو وەکو جەماوەری سەرەکی، وەکو کەسێکی سەرکەوتوو ڕەفتار بکە، وەکو کەسێکی سەرکەوتوو بیربکەرەوە... دروست کراوە تاهەموان بەهێز بکات، ئافرەتان و پیاوان و پیر و گەنج، تازە تێکەڵی هێزی کار بووبیت، یا خانەنشین بووبیت، ئەم کتێبە خەرمانێکە لەکۆمەڵێ بابەتی سەرنجڕاکێش کەیارمەتیت ئەیات لەهەر شوێنێکی گەشتی ژیانتا بیت، وەکو کەسێکی سەرکەوتوو ڕەفتار بکە، وەکو کەسێکی سەرکەوتوو بیر بکەرەوە، فێرت ئەکات کەژیان هەر ئەوە نییە بونت هەبێ و بەس، ژیان تەنیا ئەوە نییە بەدەوری پیشەیەکی بێزراو بخولێیتەوە و پاشەکەوت بکەیت، بەڵام بەدەستهێنانی کاتژمێرێکی ئاڵتونی و پارەی خانەنشینی، ژیانی تۆ ئەبێت زۆر لەوە زیاتر بێت کەچاوەڕوانی دەرفەتی گونجاوبیت، تۆ بدۆزێتەوە، ژیانی تۆ لەوەزیاترە کەبەسەیرکردنی سەرکەوتنەکانی خەڵک تێیپەڕێنیت ، وشەکانی ئەم کتێبە هانت دەدات بۆ ئەوەی باشترین لەژیانتدا فەراهەم بکەیت، لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەو شتەی کە لەسەرەتاوە هەتە... تواناکانتە..

توانای من دڵخۆشکردنی خەڵکە، تۆش توانایەکی تایبەتیت هەیە، لەوانەیە تواناکەت زۆرتایبەت بێت، یان هاوشێوەی کەسێکی تربیت، بەڵام ئەوە بزانە کەتواناکەت تایبەتە بەخۆت، کاتێ سود لەتواناکەت وەردەگریت، گەردوون سوپاسمان دەکات بەبەخشینی بوخچەیەک لەسەرمایە، وەکو هەلی کاری بێشومارو بەدەستهێنانی تەندروستییەکی باش و سامانێکی دارایی، کاتێ لەقوراوی گەردوندا ناگەوزێیت بۆت دەردەکەوێت

شتەکانی ژیانت بەرەوخراپتر دەچێت، بەڵام کاتێ جارێکیکە ئەگەڕێیتەوە ناوگەردون لەکاتی گونجاو، سۆزی بەتینت و پابەند بوونت بەکەسانی چواردەورت، جیهان گورزەیەک لە هەلت بۆ دەرەخسێنێت، تا لەناویاندا بدرەوشێیتەوە، بەکارهێنانی تواناکەت لەژیانت و بڵاوکرنەوەی لەگەڵ خەڵکیدا خۆشیت پێدەبەخشێت، حەزو ئارەزویەکی نوێت پێدەبەخشیت تا بەباشترین شێوە بژیت.

ئـەم کتێبە یارمـەتیت ئـەدات کـەتـواناکـەت بەئاشکرا دەربخەیت لەژیانت، ئەم کتێبە جەخت لەوە دەکاتەوە کەچۆن بتوانی تواناکەت لەبەشە جۆراوجۆرەکانی ژیانت بگوازیتەوە، وەک هەبونی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ خاوەن کارەکەت، یان زیاتر بچیتە ناوکۆمەڵگاوە، یاخود هەوڵبدەیت خێزانەکەت بەهێز بکەیت، ئەم کتێبە یارمەتی دەرت دەبێت لەزیادکردنی ژیانت .

ئەو سەرکەوتنەی ئێستا کەدڵم پێی خۆشە، بەبێ هیلاک بون بۆم فەراهەم نەبووە، ئەو ژیانەی ئێستا هەمە لەڕاستیدا خەونێکەو هاتوەتەدی، وەکو کەسێکی سەرکەوتوو ڕەفتاربکەو وەکو کەسێکی سەرکەوتوو بیربکەرەوە

پڕیەتی لـەزانـیاری دەربـارەی ئەوشتانەی فێری بوم لەگەشتەکەمدا بۆ گەیشتن بەئاواتەکانم، ئەمەوێت لەگەڵ ئێوەدا باسیبکەم، تا ئێوەش بگەن بەئاواتەکانتان .

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

چۆن زۆربەی زانیارییەکانی ئەم کتێبە وەربگرین؟

Scanned with CamScanner

بەشی یەکەم:

ئەم کتێبە باس لەوە دەکات کەتۆ ڕاستگۆبیت دەربارەی ئـەوەی ئێستا لەکوێی ژیانتایت، ئێمە بێ بەزەییانە ڕاستگۆ دەبین لەگەڵت، تا بتوانیت بەسەر ترسەکانت زاڵبیت و هەستیش بەکەموکورتییەکانت بکەیت لەگەڵ هەڵدانەوەی سەرقاپی ژیان.

بە شی دووەم:

جەخت ئەکاتەسەر ئەوەی تۆ تواناکانت دیاری بکەیت، کاتێ زانیت کامە توانای تۆیە من ڕێنیشاندەرت پێشکەش ئەکەم، دەربارەی ئەوەی چۆن بتوانی تواناکەت بلکێنیت بەئامێرێکەوە تاژیانتی پێبگوازیتەوە، کاتێ مەشقی ئەم (هەل)ە دەکەیت، ئیتر تۆ ئەو کارانە دەکەیت کەحەزت لێیانە، گۆڕانکاری زۆر گەورە دەبینیت، گۆڕانکاری یەکەم ئەبێت لەناخی خۆتەوە سەردەربێنێت، تۆ بریسکەیەک دادەچۆڕیت کەئیشی موگناتیسێک دەکات، لەڕێگەی نزیکبونەوە لەوکەسانەی کەهۆشمەندن و هەمان خولیا و ئارەزوی تۆیان هەیە، ئەچیتە ناو مەودای بیرکردنەوە سەرکەوتوەکان، لەم کتێبەدا باسی دروستکردنی خشتەیەکی زەینت لەگەڵ دەکەم، کەوەکو هۆشدارکەرەوەیەک بەکاربێت، بۆ بەردەوام بوون لەسەر کۆرسی ڕۆیشتن بۆ ژیانێکی گەورەت، دوای لکاندنی تواناکەت بەئامێری گونجاوەوە، پێویستە هەموو تواناکانت بەکاربێنیت بەشێوازێکی ژیرانە بۆسود وەرگرتن لەتواناکەت بە باشترین شێوە.

Scanned with CamScanner

بەشی سێهەم:

ڕێگاکانی باشکردنی تواناکەت دەردەخـات، ئەم بەشانە زانیاری بەنرخ و ئامرازی بەنرخی تیادایە، بایەخ و سوود لەبەهرەکانت وەردەگریت، ئامۆژگاری تێدایە لەسەر دانانی ئامانج و پەیوەندی ئەم ئامانجانە بەبەدیهێنانی خەونەکانتەوە، پێشنیارە پراکتیکیەکان شتێکن ئەتوانن ڕاستەخۆ لەژیانتدا کاری پێبکەیت، ڕاهاتن لەبەکارهێنانی تواناکانت ژیانت ناکات بە نمونەیی، بەڵام واتاومەبەست بەژیانت دەبەخشێت، بەبیرتدەهێنمەوە: ئەگەر بتوانی جێبەجێکردنەکانت هەڵسەنگێنیت بەڕاستگۆیی ئەوا تۆ کلیلی سەرکەتنی گەورەت بەدەستهێناوە، ئەم بەشە نرخی کاتت بۆ دیاری دەکات، باس لەگرنگی وتنی نەخێر و داواکردنی ئەوشتانەی کەئەتەوێت. هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ باوەڕبەخۆنەبون و باسکردنی چەمکی هـەموو ئەوانەی لەگەڵتدا دێن ناتوانن لەگەڵتدابڕۆن.

وەکو کەسێکی سەرکەوتو ڕەفتار بکەو، وەکو کەسێکی سەرکە وتوو بیربکەرەوە... کۆمەڵێک ووشەی کاریگەری تێدایە تا تۆهانبدات سامانەکەت ببەخشیت، ئەم بەشە سێ بابەتی گرنگ لەخۆدەگرێت، بەسەرکەوتنەکانت وەڵامی ئەوانە بدەرەوە کەڕقیان لێتە، فێربونی ئەوئامرازانەی وەک کلیلن بۆ باڵانسی ژیان، وەڕێگە بدەیت پیرۆزیەکانت ژیانی کەسێکی تر خۆش بکات. ئەم کتێبە بۆئەوە نەنووسراوە بەسادەیی بیخوێنیتەوە، هیچ شتێک نەگۆڕیت لەژیانت، لەگەڵ سەرکەوتن تێکەڵت دەکات، من داوات لێدەکەم لەچەند پەڕەیەکدا کاردانەوەکانت، پێشبینیەکانی ژیانت بنوسی، کاتێ کار بەم قسانە دەکەیت وەکو پلانێکی سەرکەوتن دەچێتە بـواری جێبەجێکردنەوە.

خاوەندارێتی ئەوشتانە بکە کەدروستیان دەکەیت، لەپرۆسەی نیشاندانی بەهرەکانت و تواناکانتدا تیمێک دروستبکە، ئەگەر پێویستت بە یارمەتی هەبوو تاوەکو کەسێک هانتبدات و ئامرازەکانی سەرکەوتن پێکەوە جێبەجێبکەن، پێکەوە خۆت و تیمەکەت پێویستە ئەم کتێبە بخوێننەوە، تێبینی بڵاوبکەنەوە یارمەتی یەک بدەن بۆگەیشتن بەخەونەکانتان. ئەمە یاریدەدەر دەبێت تابگەیت بەئاستێکی بەرزتری سەرکەوتن.

هەروەها کۆمەڵگایەکی ئۆنلاینیم دروست کردوە کەپێکدێت لەکۆمەڵە کەسێکی وەکو تۆ، کەپابەندن بە «وەکو کەسێکی سەرکەوتوو ڕەفتاربکە، وەکو کەسێکی سەرکەوتو بیربکەرەوە» بەم ناونیشانەwww.actlikeasuccess.com بەشداربیت لەگەڵ کەسی تر لەوڵاتی جیاواز، کەهەوڵی باشکردنی ژیانیان دەدەن.

ئەم سایتە بەکاربێنە بۆ گەشەدان بەپلانی سەرکەوتن، لەبەشێکی سایتەکەدا شوێنێک هەیە کەدەتوانیت شوێن پێی بیرکردنەوەکانت و گۆڕانکاری لەکردەوەکانت تۆمار بکەی، وە بەدەستگەیشتنی نامەی هاندان لەلایەن کەسە ناوازەکانی جیهانەوە دەنوسرێت.

تەنانەت ئەتوانیت گەواهی خۆت بەجێبهێڵیت دەربارەی پەرەسەندنەکەت، ئەگەر تویتەر یان ئینستگرام بەکاردێنیت ئەتوانیت تویتێک یان ڤیدیۆیەک دەربارەی گەشەکردنەکەت بنێریت بۆ ئەم ناونیشانە ActLileASuccess@

زۆربەی کتێبەکانی یارمەتیدانی خود و بەهێزکردن پێتدەڵێن: کەپێویستە شتێکی ترت هەبێت کەتۆ ئێستا نیتە، تا مەزنبون بەدەست بهێنیت، من لێرەم تاپێت بڵێم: هیچ پێویست ناکات

Scanned with CamScanner

پۆلێکی تر بخوێنیت، زمانێکی تر فێربیت، هاوڕێیەتی کۆمەڵێکی تر بکەیت، یان پارە سەرف بکەیت بۆئەوەی بەتەواوەتی سەرکەوتو بیت لە ژیانتدا، ئەبێت لە تواناکانتەوە دەستپێبکەیت، ئینجا ئەزانی چی زۆرخۆشە دەربارەی ئەوە؟ تۆ لەسەرەتاوە ئەو ئامرازەت پێبوە کەپێویستە، دەزانم بەشێکی ئێوە نازانن تواناکەتان چیە، بەشێکی ترتان بیرۆکەیەکتان هەیە لەسەری، بەڵام نازانیت چۆن ڕێزی لێبگریت و نرخی بزانی و نمونەی بکەیت، وەلکاندنی بەئامرازی گونجاوەوە، دوایی یارمەتیدەربیت تاسەرکەوتنی زیاتر ببینیت کە هەرگیزچاوەڕوانیت نەدەکرد، هەموو وەڵامەکانت هەیە لەم پەڕانەدا، لەگەشتەکەم بە ئاڕاستەی سەرکەوتنمدا ئەوەم بۆدەرکەوت، کەمانەوەم بەسەرکەوتویی بۆ خۆی هونەرێکە، بەقەدەر سەرکەوتن لێزانینی دەوێت، کاتێ بەڕاستی وەکو کەسێکی سەرکەوتو ڕەفتار بکەیت و بەسەرکەوتویش بیربکەیتەوە ئەتوانی هەموو خۆشییەکانی ژیان بەدەستبهێنی، ئەوە جۆرێکە لەژیانی خۆشگوزەرانی کەئەمەوێت ئێوە پێیبگەن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

خاوەندارێتی ئەوشتانە بکە کەدروستیان دەکەیت، لەپرۆسەی نیشاندانی بەهرەکانت و تواناکانتدا تیمێک دروستبکە، ئەگەر پێویستت بە یارمەتی هەبوو تاوەکو کەسێک هانتبدات و ئامرازەکانی سەرکەوتن پێکەوە جێبەجێبکەن، پێکەوە خۆت و تیمەکەت پێویستە ئەم کتێبە بخوێننەوە، تێبینی بڵاوبکەنەوە یارمەتی یەک بدەن بۆگەیشتن بەخەونەکانتان. ئەمە یاریدەدەر دەبێت تابگەیت بەئاستێکی بەرزتری سەرکەوتن.

هەروەها کۆمەڵگایەکی ئۆنلاینیم دروست کردوە کەپێکدێت لەکۆمەڵە کەسێکی وەکو تۆ، کەپابەندن بە «وەکو کەسێکی سەرکەوتوو ڕەفتاربکە، وەکو کەسێکی سەرکەوتو بیربکەرەوە» بەم ناونیشانەwww.actlikeasuccess.com بەشداربێت لەگەڵ کەسی تر لەوڵاتی جیاواز، کەهەوڵی باشکردنی ژیانیان دەدەن.

ئەم سایتە بەکاربێنە بۆ گەشەدان بەپلانی سەرکەوتن، لەبەشێکی سایتەکەدا شوێنێک هەیە کەدەتوانیت شوێن پێی بیرکردنەوەکانت و گۆڕانکاری لەکردەوەکانت تۆمار بکەی، وە بەدەستگەیشتنی نامەی هاندان لەلایەن کەسە ناوازەکانی جیهانەوە دەنوسرێت.

تەنانەت ئەتوانیت گەواهی خۆت بەجێبهێڵیت دەربارەی پەرەسەندنەکەت، ئەگەر تویتەر یان ئینستگرام بەکاردێنیت ئەتوانیت تویتێک یان ڤیدیۆیەک دەربارەی گەشەکردنەکەت بنێریت بۆ ئەم ناونیشانە ActLileASuccess@

زۆربەی کتێبەکانی یارمەتیدانی خود و بەهێزکردن پێتدەڵێن: کەپێویستە شتێکی ترت هەبێت کەتۆ ئێستا نیتە، تا مەزنبون بەدەست بهێنیت، من لێرەم تاپێت بڵێم: هیچ پێویست ناکات

پۆلێکی تر بخوێنێت، زمانێکی تر فێربێت، هاوڕێیەتی کۆمەڵێکی تر بکەیت، یان پارە سەرف بکەیت بۆئەوەی بەتەواوەتی سەرکەوتو بیت لە ژیانتدا، ئەبێت لە تواناکانتەوە دەستپێبکەیت، ئینجا ئەزانی چی زۆرخۆشە دەربارەی ئەوە؟ تۆ لەسەرەتاوە ئەو ئامرازەت پێبوە کەپێویستە، دەزانم بەشێکی ئێوە نازانن تواناکەتان چیە، بەشێکی ترتان بیرۆکەیەکتان هەیە لەسەری، بەڵام نازانیت چۆن ڕێزی لێبگریت و نرخی بزانی و نمونەی بکەیت، وەلکاندنی بەئامرازی گونجاوەوە، دوایی یارمەتیدەربیت تاسەرکەوتنی زیاتر ببینیت کە هەرگیزچاوەڕوانیت نەدەکرد، هەموو وەڵامەکانت هەیە لەم پەڕانەدا، لەگەشتەکەم بە ئاڕاستەی سەرکەوتنمدا ئەوەم بۆدەرکەوت، کەمانەوەم بەسەرکەوتویی بۆ خۆی هونەرێکە، بەقەدەر سەرکەوتن لێزانینی دەوێت، کاتێ بەڕاستی وەکو کەسێکی سەرکەوتو ڕەفتار بکەیت و بەسەرکەوتویش بیربکەیتەوە ئەتوانی هەموو خۆشییەکانی ژیان بەدەستبهێنی، ئەوە جۆرێکە لەژیانی خۆشگوزەرانی کەئەمەوێت ئێوە پێیبگەن.

بەشی یەکەم
کاتێک دەڵێیت بەسە ئیتر

Scanned with CamScanner
Scanned with CamScanner

چاپتەری یەکەم
«من لەخۆم بێزارم»

باسی بێزاربونم ئەکەم، چونکە ئەو (ستیڤ هارڤیی)ەی تۆ ئەیناسیت کاتێک هەبوو لەڕابردوویدا لەخۆی بێزاربوە!

من (ستیڤ هارڤی) هیلاک بووم، هیلاکبووم لەشێوازی ژیانم، بێزاربوم لـەوەی شتەکان ناگەن بەئەنجام، من ڕقم لەهەژاری ئەبویەوە، هـەژاری ماندوی کردبوم، زۆر هـیلاک ئەبووم بەبیرکردنەوە لەڕێگاکانی پارەپەیداکردن، ومانەوەم لەهەژاریدا، زۆر قورس بوو بینینی ئەوشتانەی حەزملێدەکردو نەمئەتوانی بیانکرم، من بەتەواوەتی شەکەت بووم بەدەست هەژارییەوە، من ڕقم لەخۆم دەبوویەوە، چونکە بـەدوای ئەو بەهرەیەدا نەڕۆیشتوم کەخودا پێیبەخشیوم.

لەو کاتەدا بەڕاستی نەمئەزانی چۆن دوای خەونەکانم بکەوم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە نابێت ببێت بەبیانوو، چونکە نەزانین ئەوهەستە ناخۆشەی ناخمی نەوەستاند، من بێزاربوم لەهەوڵدان، بێزاریش بوم لەخۆم، بیزاربووم لەهەموو شتێک، بێزاربوم لەبێهیواکردنی چواردەورم، بەتایبەتی دایک و باوکم، من بێزاربوم لە نەبینینی تواناکانم کەخەڵکی چواردەورم بەڕونی

Scanned with CamScanner

ئەیانبینی، بێزاربوم لەژیان، لەشوێنێکی ناخوش و بچوک، من بەتەواوی بێزاربوم لەخۆم، من هیلاک بووم لەوەی سەیری دەرەوەی خۆم بکەم بۆ وەلامەکان، بەلام گەیشتمە ئەوباوەڕەی کەشیکاری هەموو ئازار و کێشەکانم لەناخی خۆمدایە، دایکم جاران ئەیوت: کوڕەکەم (هەندێکجار هیچ شتێک لەژیانت ناگۆردرێت، تاوەکو تۆ بێزارو بێتاقەت ئەبیت لەبێزاربوون). کەقسەی (فانی لوهامر) بوو، بائەم گەشتە پێکەوە ببڕین، چونکە ئەگەر بێزاریت لەبێزاربوون، ئەوە چاک بزانە منیش وابوم، ئایا تۆ بێزاریت لەخوت؟ ئایا تۆ لەو بەڵێنە دوبارانەی بەخوتداوە کە هەرگیز ئەوەندە بەهێز نەبویت تا کۆتایی ڕێگاکە ببینیت؟ ئایا بێزاری لەبیانوو هێنانەوە بۆخۆت، کەهیچ گۆڕانکارییەکت ئەنجام نەداوە؟ ئایا بێزاری لەبەراوردکردنی خۆت بەخەڵکی و خۆت بەکەم زانیبێت؟ ئایا بێزاری لەوەی بەخۆت ئەڵێیت بەیانی شتێکی جیاواز دەکەم، بەلام ئەو بەیانیە قەت نایەت؟ باشە بێزاربوون لەخۆت شتێکی باشە! چونکە ئەوە دەگەیەنێت کەتۆ ئامادەی گۆڕانکاریت لەژیانت، کەخەلاتی باشت پێدەبەخشێت، دلْخۆشم لەکۆتایدا لێرەیت، کاتێ کەتۆ لە بارودۆخی بێزاریت، لەڕاستیدا تۆ بەتەنیانیت، هەموو ئەوانەی لەچواردەورتن لەخێزانەکەتەوە بۆ هاوپیشەکانت بێزاربون لەتۆ... لەبیانوەکانت، تواناکەت دەبینن و لەگەڵ ئازارەکانت، چونکە نەچویتەتە ناو ئەو ئامانجەی خواوەند بۆی داناویت، تاوەکو ببیت بەباشترینی خۆت. سەیرکە خەڵکی ئەتوانن بێڵن ئیمە لەتۆ بێزارین، بەلام تاخۆت لەخۆت بێزارنەبیت هیچ گۆڕانکاریەک ڕونادات، ئایا ئیتر تۆ وەستاوی لەڕێگەگرتنی خۆت لەو دەرفەتانەی کەبەئاسانی ئەبون بەهی تۆ؟ جا گرنگ نییە مانگی ڕابردو بوبێت یان ساڵی ڕابردو، یان دەساڵ

پێش ئێستا؟ زۆربەی جار ئێمە لەبیرکردنەوەکانمانەوە سەیری خۆمان دەکەین، دوایش ئەم بیرکردنەوانە پەرەدەسێنێت و دەبن بە ڕەفتار، کەزاڵ دەبێت بەسەر هەڵسوکەوتی ڕۆژانەماندا، لەکاتێکی ژیانماندا ڕادێین لەگەڵ هێزی تێبینیمان، وە ڕێگەی پێدەدەین ببێتە بەرهەڵستی توانا و هەوڵەکانمان ئەبین بەدژی خۆمان، کاتێ ئەمانە پەسەند دەکەین کەمتەرخەمی و درۆکردن لەگەڵ خۆماندا، بەراوردکردنی خۆمان لەگەڵ کەسانی دیکەدا و هەبونی گومان لەخۆمان. بەکورتی هەرشتێک ببێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی ببیت بەوکەسەی لەچارەنوسدا بۆت نوسراوە، جا چ شتێک ئەبێتە هۆکاری ئەوەی بروخێیت؟ چی وات لێئەکات کەتۆ هەڵسێنتێت لەخەو؟ جا چی وات لێ دەکات لەکۆتایدا هەست بەوەبکەیت ئەم ژیانە زۆر لەژێر ئەو توانایانەوەیە کەخودای گەورە پێیبەخشیویت؟ ئەمە ژیانی تۆیە، ئەبێت ئەمرۆ تیایدا بژیت، ناتوانی یەک ساتی تر بفەوتێنیت، کەتیایدا ئاسودە نەبیت، نارازی بیت و سودت لێوەرنەگیرێت ، لەئێستاوە دەڵێم هەر ئێستا کاتی تۆیە کەسود لەخەونەکانت و ئامانجەکانت کەلەدڵتا هێشتوتەتەوە بۆماوەیەکی زۆر ببینیت.

جۆردن بیلفۆرت نوسەری کتێب وهۆکاری فلیمی
The wolf of the Wall Street

ووتی: تاکەشت وەستاوە لەبەینی تۆ و خەونەکانت، ئەو چیرۆکە بێمانایەیە کەهەموو کاتێ بەخۆتی دەڵێت، بۆچی ناتوانیت ئامانجەکانت بەدیبێنیت. بەڵام ئەمەوێت هەنگاوێک زیاتر بهاوێژم، بیانوەکان ئەودرۆیانەن کە

بـاوەڕت پێیانە کەڕاستین، تـاخـۆت بـەدور بگریت و نەیسەلمێنیت کەتۆ شایەنی ئەو توانایەیت کەپێت بەخشراوە،

Scanned with CamScanner
Scanned with CamScanner

لەگەڵمدا ئەمە بڵێنەوە: ((ئیتربەسە... بیانوو بەسە)).

کاتێ من قوتابی بوم لەزانکۆی شاری کێنت، بابەتی سەرەکیم سایکۆلۆجیابوو، بەڵام لەڕاستیدا شارەزایم لە بیانوودا هەبوو، ملیۆنەها بیانوم هەبوو، کەبۆچی ناتوانم بچم بۆ پۆل، یان بۆ ناتوانم کرێ خانوەکەم بدەم. دوای زانکۆ بیانوی زیاترم هەبوو، من گیرم خواردبوو لەئیشە بێ ماناکان، جا لەبەرئەوە بوو بەدوای خەونی بوونم بە کۆمیدیەن نەڕویشتوم، ئینجا ئەم درۆیانەم بەخۆم دەوت، کەزیاتر باوەڕم بەخۆم هێنا، کەشایەنی شەهادەکەم نیم، یان بچمە سەر تەختی شانۆ، دوای ڕۆژێک بەهاوڕێیەکم ئەوت، لەبەرچی وازم لەخویندن هێنا، کە گوێم لەوشەکان بوو ئەهاتنەدەرەوە لەدەمم، زانیم کەئەمە نەهەڵەی مەکتەبەکەم بووە، نەهەڵەی ماڵەوە بوە، بەدڵنیاییەوە هەڵەی خۆم بوە، هەموو شتێکم هەبوو کەپێویستم بو، بەڵام لەهەموو لایەکدا هۆکارێکم ئەدۆزیوە تادەست پێنەکەم بەربەستم بۆ خۆم دروست دەکرد، تا بەرپرسیار نەبم لە تواناکەم، ئەگەر وەکو من بیت ئە بێ بوەستی لەدرۆکردن و بەهانە هێنانەوە، بیانوەکانت زۆر بێمانان، هیچیان لێ سەوز ناکەیت، ئەمەوێت ئەوە بزانی تواناکانت هەل ودەرفەتن وەباوەڕیکی نوێ لەئامێز بگرە، کەتۆ سەرکووتویت، ئیستا پێش ئەوەی بڵێت کە من بیانوو ناهێنمەوە بۆ ژیانم، بوەستە! ئەوکەسانەی وائەڵێن لە ڕاستیا گەورەترین تاوانبارن. تۆ خۆت باشتر ئەناسیت، تۆ کەسێکی دەرەجە یەکیت، کەلەئیشەکەتدا خۆت زۆر ماندودەکەیت، بەڵام زۆربەی کات بەژدرای ئاهەنگی لەدایک بونەکان نابیت، یان بۆ سێجار ژوانێک ڕەت دەکەیتەوە وسەرکەوتن تەنیا یەک بەشی ژیانت ناگریتەوە، ئەگەر ئەتەوێت سەرکەوتو بیت، ئەوا

دەبێت لە هەموو بوارەکانی ژیانتدا سەربکەویت. ئەبێت ویستی بەکارهێنانی تواناکەت هەبێت تادەرفەتەکان بقۆزیتەوە و ژیانت بگۆریت، کاتێ دەستم بەکاری کۆمیدیا کرد، زۆرئەترسام لەوەی کەسی نوێ بێنمە ناو ژیانمەوە، وەکو کۆمیدیەنەکانی تر بابەتەکانم ئەنوسی، لەڕاستیدا تابەربەستەکانی ترس و شەرمم نەبەزاند نەمئەتوانی پەرە بەو ڕێگایانە بەم کەخۆمم تیادا دەدۆزیەوە، بڵاوکردنەوەی ڕاستیەکانم بابەتی زۆری بۆ دابین کردم، تا وەکو نوکتە بەکاریان بێنم، وەکو ڕابردوم پەیوەندیم لەگەڵ ماڵەوەمان، پەیوەندییە شکست خواردوەکانم، ئەو شتانەی بەسەرمدا هاتوە تابتوانم تواناکانم پەرەپێبدەم، یەکەم شت فێری ڕاستگۆ بونبوو. کاتێک خۆت ئامادە دەکەیت بۆ ڕاستگۆیی، ڕاستیەکە هەر شتێک بێت ئەتوانی مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، ئەگەری هەیە هەموو ڕاستیەکانی تۆ نەرێنیانە بێت، بەڵام دەتوانرێت شتێکی باشی لێوەدەربچێت، ئەگەر شتە نەرێنیەکانی خۆت دیاری بکەیت، ئەوا هەلێکی گەشەسەندنت هەیە، بۆیە زۆر گرنگە کاتێ شتێک لەپەیوەندیەکانت و بزنسەکەت خراپ دەبێت یەکەم پرسیار لەخۆتی دەکەیت ئاخۆ چی شتێکی هەڵەم ئەنجامداوە، تۆ چانسێ ئەوەت هەیە کەخۆت بگۆڕیت و بارودۆخەکە چاک بکەیت، هەر کاتێک بتەوێت تۆ ناتوانیت کەس بگۆڕیت، ئەگەر پەنجەی تۆمەتبارکردن ئاڕاستەی کەسێک بکەیت و سێ پەنجەکەی تر پشتگوێبخەین کە دەگەڕێتوە بۆخۆمان، ئەوا چانسی باشتربون و پەرەسەندنیم نەهێشتوە. بەڵام کاتێ گرنگی بەو سێ پەنجەیە دەدەیت کە ئەگەڕێتەوە بۆخۆمان، تەنیا لەم کاتەدا گەشە دەکەین و بەرەو باشتردەڕۆین، زۆربەی جار تۆ سەرنجت بەس لەسەر شتە خراپەکانە، بێئەوەی بزانی

Scanned with CamScanner

شتەباشەکان چییە، ئەنجامدانی خەونەکانت نییە، چونکە تۆ زۆر سەرقاڵیت بەگرنگیدان بەوەی ئەگەر وانەبو؟ تۆبڵێیت چی دەربچیت؟ بۆچی بۆمن سەرناگرێت؟ هەموو ئەمانە بیانوون تۆ ئامادەی چەندەها ساڵی ژیانت بەفیرۆبدەیت و دوربیت لەخەونەکانت لەجیاتی ئەوەی بەرەوچارەنوست ڕابکەیت.

نەفرەتی بەراوردکردن:

بەشێکی زۆر لەئێوە ئەترسن کە پێبنێنە ناو خەونەکانتان، چونکە زۆر سەرقاڵیت بەبەراوردکردنی خۆت بەخەڵکی، خودای گەورە تۆی دروستکردوە ئەوشێوازەی کارەکانتی پێئەنجام دەدەیت تایبەتە بەتۆ، ژیان کاتی ئەوەی نیە مامەڵە لەگەڵ نوێنەرەکانی تۆدا بکات، پێویستی بەتۆی تاک و تایبەتە کەبێت و ڕووناکیەکەت بدرەوشێنیتەوە. چەقبەستوانە بیرمەکەرەوە، بڵێیت جاخۆ ئێستا ملیۆنەها قسەکەری هاندەر هەیە، هیچ شتێکی نوێ نییە من پێشکەشیبکەم، لەوانەیە پەنجا قسەکەری هاندەر هەیە، بەڵام تۆ تاکە کەسیت کەئەزمونە تایبەتیەکان، هەڵەکان، ترسەکان، سەرکەوتنەکانی تۆی هەیە، کە جیاوازی دروست دەکات لەنێوان کەسێک ژیانێکی ئاسایی هەبێت لەگەڵ کەسێک داهاتویەکی ناوازەی هەبێت. زۆر سەرت دەسوڕمێت کاتێ چیرۆکە سادەکەت کەباسی بەجێ هێشتنی شارۆچکەکەت و ڕۆیشتنت بۆشارێکی گەورە کاریگەریەکی زۆرتری هەبێت لەسەر گەنجێک بەبەراوردکردنی لەگەڵ چیرۆکێکی (لیس براون). هێزەکەو بەکاربهێنە بۆئەوەی کارەکانی خۆت نمونەیی بکەیت نەک کارەکانی خەڵکیە.

Scanned with CamScanner

من ئامادەنیم لەسەر مێزە گەورەکە دابنیشم

زۆربەی کات ئەم بیرکردنەوە زۆرباوانە لەمێشکماندا جێگیر دەبێت، دەربارەی ئەوەی کێ ناتوانێت لەسەر مێزە گەورەکە دابنیشێت و ببنە کەسانی بڕیاردەر، ئێمە خۆمانی لێدەردەکەین پێش ئـەوەی یارییەکە دەستپێبکات، ئـەم بیانوانە ئەکەین بەهۆکار کە باش پەروەردە نەکرابێتین و خوێندن یان ئەزمونی باشمان نییە تاشایەنی ئەو دەرفەتانەبین کاتێ ڕۆژێک دێت ئەو ڕێکخراوەی ئیشی تیادەکەیت کۆبونەوەیەکی زۆر گرنگی تیادا ئەنجام دەدرێت، نابێت خۆت لەمێزەکە بەدوربگریت، چونکە وابیردەکەیتەوە کەناوەکەت بەپێی پێویست گـەورە نییە، من گرنگی بەبنەچەت و ڕەگەزت و ڕابردوت، باری ئابوریت نادەم، ئەگەر خـودا ئەو توانایەت پێببەخشێت کەکارەکان نمونەیی بکەیت، ئیتر کاتێ خـۆت مـەکوژە بەوتنی من شایەنی نیم! بوەستە لەسنوردارکردنی تواناکانت، چونکە تۆ وێنە گەورەکە نابینیت، تۆش مافی دانیشتنت هەیە لەسـەر مێزەکە هەروەکو ئـەوان. بۆماوەیەکی زۆر درێژ مێزەگەورەوەکە داگیرکراوە لەلایەن کۆمەڵەمەڵە کەسانێک، بەباوەڕ بەخۆبوەنەوە باسی ئەوشتانە بکە کەزانیاریت هەیە لەسەریان، وە ئەو بەهایانە دابنێ کەلەمێزەکەدا کەس باسی ناکات، دەرفەتەکانت بقۆزەرە تا تواناکانت و شارەزاییەکانت زیاد بکەیت، دەبێت ئاگاداری ئەو گفتوگۆیانە بین کەلەگەڵ خۆماندا ئەنجامیدەدەین دەربارەی تواناکانمان، چی بەخۆت دەڵێت کاتێ کەس لەچواردەورت نییە؟ ئەو گفتوگۆیانە چین کەلەبەردەم ئاوێنەدا هەموو ڕۆژێک ئەنجامی دەدەین؟ ئایا بەقسە ئەتەوێت خەونەکانت بەدیبێنیت؟ یان تۆ

ترس و نائارامیەکانی کەسێکی تر دوبارە دەکەیتەوە؟ ئایا تۆ ڕۆژەکەت بەخوێندنەوەی دەقی پیرۆزو وتەی گەشبینیانە دەست پێدەکەیت یاخود گومان و تەڵە دەخەیتە ناختەوە؟ هەندێکمان هەمان تۆماری ڕوخێنەر دوبارە دەکەینەوە بۆماوەیەکی ئەونە دورودرێژ، کەئیتر نەتوانین بەشێوازێکی جیاواز بیربکەینەوە

من ئەوەندە زیرەک نیم ئەم کارە ئەنجام بدەم

هەرگیز وەکو دایکم یان باوکم باش نابم

ئەم کارە بۆتۆ گونجاوە بەڵام دەزانم بۆ کەسێکی وەکو من بەکەڵک نایەت

زۆر قورسە کردنی ئەم کارە

تازە بۆمن درەنگە لەم جۆرە کارانە ئەنجام بدەم

لەوانەیە وا بیربکەیتەوە کەتەنیا لەگەڵ خۆتدا ئەم گفتوگۆ ناخ ڕوخێنەرانە ئەنجام دەدەیت، بەڵام تازیاتر ئەم ئاخاوتنانە دووبـارە بکەیتەوە زیـاتر وەکـو ئـەوە وایـە هـەموو ڕۆژێـک چاکەتێکی نادیاری نەهامەتی لەبەر بکەیت. وا دەزانیت کەتەنیا تۆ ووشە ڕووخێنەرەکان دەبینیت، بەڵام لەڕاستییدا لەڕەفتارەکان و شێوازی خۆ دەرخستنت لە جیهاندا دەردەکەوێت.

چۆن گۆرانییەک دەربارەی ژیانت دەڵێیت؟ ئەتوانیت زۆر بەئاسانی دەستپێبکەیت بەووتنی ئەو شتانەی کە دەیزانیت: من بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هاتومەتە دنیاوە

خواوەند پلانێکی بۆ من داناوە

من لەکەسێکی جیهانگیر زیاترم .

ئەتوانم خەونەکانم بکەم بەڕاستیی

شارەزابە لەزمانی سەرکەوتن:

ڕاهێنان بکە لەسەر ئەوەی چۆن قسە دەربارەی سەرکەوتن بکەیت، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە شارەزای زمانی سەرکەوتنن. یەکێک لەڕێگا باشەکانی فێربوونی زمانێکی بیانی، تێکەڵبوونە بەکەلتووری ئەوکەسانەی کەبەو زمانە دەدوێن. هەمان بنەما ڕاستە بۆ ئەوەی بەزمانی سەرکەوتن بدوێیت، ئەتەوێت لەگەڵ ئەوکەسانەدا بیت کەئەزانن چۆن ڕێکەوتنی ملیۆنەها دۆلار لەقسەوە بکەن بە کردار. ئەتەوێت لەو گفتوگۆیەدا بیت کاتێک باشترین پرۆژەی خێرخوازی نوێ دروست دەبێت. ئەتەوێت گوێکانت ڕاهاتبن بە بیستنی بیرۆکە ناوازەکان کەدەبنە هۆی گەشە سەندنی جیهان .

بیربکەرەوە لە ڕاستییدا چی بەدەست دەهێنیت ئەگەر قسەکانت پڕبن لەو ڕستانەی کەبە (من ئەتوانم) دەست پێ دەکات لەجیاتی من ناتوانم؟ تاکەی خەونەکانت ئازار بچێژن کە دەڵێیت بۆچی من نا؟ لە جیاتی بۆچی من؟

هەر کاتێک کە فێری زمانێکی نوێ دەبیت ئێستاش بەهەڵە دەڵێیت لەوانەیە ئەوەم بکردایە لەجیاتی ئەوەی بڵێیت من ئەوە دەکەم خۆت تێکەڵی قسەکەرە ناوخۆییەکان بکەیت، هەرزوو فێری زمانەکە دەبیت بەباشترین شێوە. فێردەبیت بە زمانێکی نوێ باسی بەدیهێنانی خەونەکانت بکەیت.

واباشترە بەشێکی خولیاکانت بەباوەڕەوە لای کەسێکی نزیک و هاوڕێیەک و ئەندامێکی خێزانەکەت وە هەندێک بەشی خولیاکەت بەڕاستی پێویست ناکات کەس پێیبزانێت و باسیبکەیت مەگەر لەوکاتەیانەبێت کە لەنوێژەکانت داوای دەکەیت.

Scanned with CamScanner

پێویستە مامەڵە بە ناوەکەتەوە بکەیت:

زۆربەی خەڵک ڕێگای ژیانیان هەڵە کردووە، چونکە دەترسن خاوەنداریێتی بۆ خەونەکانیان بکەن. خۆتۆ دەتوانیت بە ڕوونی خەونەکە ببینیت، بەڵام کاتی خۆت بە فیڕۆ دەدەیت، زۆر بیرکردنەوە لەشتە نەزانراوەکان و قسەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی لەئاواتەکانت تێناگەن، چەندەها کەس دەناسم لە هۆڵیوود ئەڵێن من بۆ ئێستا کاری گارسۆنی دەکەم بەڵام لە ڕاستیدا ئەکتەرم، کەوایە بۆ ئێستا کاری ئەکتەری ناکەیت؟ ئەگەر پابەندبیت بە بەدیهێنانی خەونەکانت ئەوا پێویستە مامەڵە بەناوەکەتەوە بکەیت.

بەدڵنیاییەوە هەموو خۆشییەکانی ژیان لەدەست دەچێت ئەگەر ڕازی نەبیت بەوەی توناکەت بلیتی براوەو ئامرازی گەیشتنە بەخۆشییەکانی ژیان. تەنیا ئەوەت لەسەرە پابەندبیت بە توناکەتەوە. دواتر پارەو پەیوەندییەکان، دەرفەتەکان... دێنە سەر ڕێگات بە زووترین کات. بابەشێوەیەکی تر ڕوونی بکەمەوە: کاتێک خۆت بەتواناکەتەوە هیلاک دەکەیت ئەوا تۆ سوپاسگوزاربوونی خۆت بۆ خودا دەردەبڕیت. هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد لە کۆمیدیادا شکست بێنم، هەمیشە چاوەڕوانی سەرکەوتن بووم، تەنانەت لەناخۆشترین کاتەکانی ژیانمدا بێهیوا نەبووم، هەمیشە وتومە ڕۆژێک دێت ئەو ڕووناکییە کزە دەدرەوشێتەوە و ڕێگای پڕ دەرفەتم بۆ ڕووناک دەکاتەوە.

کردارەکانی سەرکەوتن:

ئەمەوێت چەند خولەکێک لەکاتی خۆت بگریت و بیر لەو بیانوانە بکەیتەوە کە هەفتەی ڕابوردوو بەکارت هێناوە، لەپەڕەی داهاتوودا بیاننووسە، ئێستا ئەو بیانوانەی کەزۆر بەکاریان دەهێنیت بیانخە ناو بازنەوە و دیاریان بکە، ئێمە ناویان لێدەنێین سێ باوترین بیانوو، ئەمانە لە پەڕەی بیست و حەوت دا بنووسە، لەژێر سێ باوترین بیانوەکانتدا سێ پێشبینیەکەت بنووسە، تا بیانووەکانی پێ ئاڵوگۆڕ بکەیت ناویان دەنێن سێ پێشبینیە باوەکە، پێویستت بەیارمەتیە کە دووان دیاری بکەیت ؟ ئەمانە هی منن

بیانویەکان	بۆ چی ناتوانم بیان بکەم
پێشبینیەکان	بۆ چی ئەیان کەم

جیاوازیەکە دەبینیت؟ بیانوەکان ئەو ڕێگرانەن خۆت لەسەر ڕێگاکەت دای دەنێیت، وەکو قەرەباڵغی ترافیک وایە لەسەر ڕێگاکەی خۆت لات دەدات و بەرەو ڕێگای سەرکەوتن دەتبات، پێشبینیەکان پلانی فراوانن بۆ ئەو کەسانەی نرخی نایاب بون بدەن، ئەو پێشبینییە تازانە چین کەئەتوانیت دروستیان بکەیت بۆ ژیانت؟ ئامادەیت چی بەخۆت بڵێت کاتێک کە ژیان قورس دەبێت؟ بیرت لێکردنەوە؟ کەواتە بینووسە .

بیانووە هەڵبژێدراوەکانت

....

....

Scanned with CamScanner

سێ بیانووە زۆر باوەکان

.١

.٢

.٣

سێ پێشبینیە زۆر باوەکانت

.١

.٢

.٣

ئەگەر بەڕاستێ ئەم کردارە بەگرنگ وەربگریت، ئەوە ئەمەوێت پیشبینیەکانت لەسەر پەڕەیەکی پاک بنووسیت و واژویان بکەیت، ئەم بەیانە ئەبێتە هۆی ووشەی بەڵێن بۆ خۆت، دیاریکردنی سەرەتای گەشتەکەت بۆ نیاب بوون .

Scanned with CamScanner

چاپتەری دوو
ترس و شکست:

لەکاتی یەکێک لەدەرکەوتنە سەرەتاییەکانم لەبەرنامەی بیشۆپ ت.د من بەیاننامەیەکی زۆر بوێرانەم ووت ، من لە هەموو کەسێکی ئەم ژیانە کەمتر ئەترسم، نازانم چی وای لێکردم ئەم قسەیە بکەم، چونکە لەژیانما قسەیەکی وام نەکردوە، وامزانی بیشۆپ تیمەکەی ئەم قسەی منیان زۆر لاپەسەند بووە، چونکە لەکاتی ڕیکلام بۆ بەرنامەکە بەکاریان هێنا. بەڵام ئەمە ڕاستی مەسەلەکەیە (من زۆر ئەترسم)، ترسم لە بەرهەمهێنانی بەرنامە تەلەفزونیەکەم هەبوو، وامئەزانی کەسەرکەوتوو نابێت، لەکاری ڕادیۆش هەر ئەترسام، چونکە ئەمزانی بە سپۆنسەری باش سەر ئەگرێت. لەدەسپێکردنی گەشتی (پاشاکانی کۆمیدیا) ئەترسام، کاتێک والتەرلاتەم هات بۆ لام و وتی: ئێمە لەئەریناکانی یاری باسکتبۆڵ بەرنامەکە پێشکەش ئەکەین، ترسێکی زۆر دایگرتبووم، زۆرترین خەڵک تا ئێستا بەرنامەم لە بەردەمیانە پێشکەش کردبێت پێنج هەزار کەس بووە، کە ئەمە لەشەوێکی زۆر باشدابوو، کە چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئۆبامادا کرد شڵەژا بووم، چونکە نەمئەویست شکست بێنم، پێش ئەوەی بچمە

ناو بەرنامەکەی بیشۆپ بۆ ماوەی سێ شەو خەوم لێزڕابوو هەر ئەم دیوو ئەو دیوم ئەکرد .

گەورەترین ساتی ترسم ئەو کاتە بوو یەکەم بەرنامەی تایبەتی HBO کرد، لە هیچ شتێکی پیشەکەمدا بەقەدەر ئەم بەرنامەیە ترسم نەبوو، هەموو بلیتەکانی هۆڵی گوێگرتن فرۆشرابوو، منیش لەپشت پەردەیەکی تەنکدا وەستابوم دور لەچاوی جەماوەر و لەچاوەڕوانی دەستپێکردنی بەرنامەکەدا بوم، دڵم زۆربەخێرایی لێیدەدا، ئەگەرجوان سەیری ڤیدیۆکان بکەیت دەستم هەموی تەڕو ئارەقاوی بوو.

هەڵەیەکی تەکنیکی ڕویدا لەکاتی هەڵدانەوەی پەردەکەدا، زۆر شڵەژابوم، کاتێ لەودیوی پەردەکەوە وەستابووم هەستم بەخۆشەویستی جەماوەکە ئەکرد، بەتامەزرۆییەوە دەیان وت: وەرە دەرەوە ستیڤ.

کاتێ لەکۆتایدا پەردەکە هەڵدرایەوە جەماوەرەکە زۆریان پێخۆش بوو، منیش مایکەکەم گرت و بۆماوەیەک وەستام، تاوەکو کەمێک ئارام ببمەوە، کاتێ دەستم بەقسەکردن کرد، گوێم لێبوو دەنگم ئەلەریەوە، تەنیا دوعام دەکرد خوایە ئارامم بکەرەوە، جارێکی تر دەرفەتی واباشم بۆنارەخسێت جابزانە چی؟ تا پانزە خولەکی بەرنامەکە ڕۆیشتوو بێکێشە پێشکەشم کرد، بەرنامەکە بوو بەیەکێک لەباشترینەکانم تائێستا. ئەوەی لەوساتەدا فێری ببوم ئەمەیە، کاتێ تۆ بەرەنگاری ترسەکانت دەبیتەوە بۆت دەردەکەوێت ترسەکانت هەرگیز ئەوەندە گەورە نین کە تۆ بیرت لێدەکردنەوە، ئەوەی ترسەکانت گەورە دەکات ئەوەیە تۆلەکاتی خۆیدا بەرەنگایان نابیتەوە، کاتێ لەپشتی پەردە خراپبوەکەدا وەستابوم بیرم دەکردەوە (هەژمارتی [illegible])

سەیری ئەو هەموو کەسە بکە، تازیاتر لەویادا بوەستامایە ترسی زیاتر دایدەگرتم و شکستم ئەهێنا، یاخود یەکسەر برۆمە دەرەوە و سەرکەوتوبم، لەکۆتایدا ئەکەوێتەوە سەر ئەوەی ئایا تۆ ئەتەوێت بیبەیتەوە یا بیدۆڕێنیت.

شکست بەشێکی سەرکەوتنە

زۆربـەی کەسەکان شکست دێنن، چونکە ترسەکانیان تووشی ئیفلیجبوون هاتون، ئایا من بەرەنگاری ترسەکانم دەبمەوە و ئەچم سەیری ئەگەرەکان دەکەم تابزانم لەڕاستیدا ژیانم ئەبێت بەچی؟ یان من چۆک بۆ ترسەکانم دادەم؟ یان

ئەوشتە بکەم کەپێشتر کردوومە؟ ئەگەر وەکو سەرەوە بکەیت ئەوا تۆخۆت بۆ شکست حازردەکەیت، چونکە تەنانەت هەوڵی سەرکەوتنیشت نەیاوە. چەندجار کردنی کارەکانت پشتگوێ خستوە، چونکە لەئەنجامەکەی دەترسیت؟

من خـۆم فێرکردوە کەشتەکان تاقی بکـەمـەوە، ئەگەر چانسێکی بچوکی باشکردنی ژیانمی تیابێت. ئەبێت باوەڕ

بـەخـۆمـان بێنین کـەئـەگـەری ڕودانـــی شتێکی بـاش زۆرمەزنترە لەوەی هیچ نەکەیت. گوێگرە: ئەگەر تۆ بەڵێندەرێک بیت زۆر پەرۆشی کارەکەت و بەرهەمەکانت بیت، بەڵام هەرگیز داوا لەکەس نەکەیت بێن و بەرهەمەکانت بکڕن دڵنیابە هیچ نافرۆشیت، ڕاستە ئەگەری ئەوە هەیە بتوانی ڕیکلامێکی باشی بۆبکەیت و بەجوانترین جل و بەرگەوە، بەڵام ئەوان هەر ئەڵێن نەخێر نامانەوێت. جاچی تیایە؟ ئایا ئەزانی چەند جار بەنەخێر جوابیان یاومەتەوە کاتێ ویستوومە فلیمێک یا بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بنووسم ؟

Scanned with CamScanner

یان ئەزانی چەند نوکتەم نوسیوەوکەس پێنەکەنیوە پێی؟ هـەزان... تەنانەت یەک گۆڕستانم دروست کردووە کەپڕیەتی لەنووکتەی خراپ. بەڵام زۆر بەڕاستی من ئەو نوکتە بێمانایانەم لابـردوەو فێربووم چۆن کارەکەم باش بکەم، چەندەها نوکتە هەیە کەحەز ئەکەم هەر نەم نووسینایە هەندێکیشم هەیە کەزۆر سەرکەوتووبوم تیایاندا.

بەڵام بزانە چی؟ من ئێستا شەش بەرنامەی تایبەت بەکۆمیدیام هەیە لەگەڵ هەشت سەعات لە ووتنی نوکتەی دەرەجە یەک، لەناویاندا نوکتەی دووبارە نییە. ئەتەوێت شتێکی سەرنج ڕاکێش بزانی؟ لەسەدا هەشتاو پێنجی ئەوبزنسەبچووکانە لەماوەی دوو ساڵدا شکست دێنێت، لەسەدا هەشتاو پێنج! ئەوە ڕێژەییێکی زۆرە لەشکست.

واریـن بـەفێت(سـەرمـایـەدارێکی ئـەمرکییـە) ووتـی: من سەرمایەکەی خۆم تەنیا ئەخەمە ئەو ئیشانەوە کە خاوەنەکەی بەلایەنی کەمەوە دووجـار شکستی نەهێنابێت، زۆرم پێخۆشە کەکەسی سەرکەوتو ودەوڵەمەند لەوەتێدەگات کە شکست بەشێکی سەرکەوتنە، بـەڵام زۆربـەی کـات کە شکستی سەرکێشیەکی بزنسەکەمان ئەبینین ڕیگە بەوشکستە ئـەیـەین کەتووشی ئیفلیجیمان بکات و نەتوانین جارێکی تر هەوڵ بەینەوە. شکستەکە لەوانەیە لە کەمتەرخەمی لەدانانی پلانی دارایـدا بووبێت، یان لەکەمی سەرچاوەکان یاخود نەبوونی ئەندامی گونجاو بۆتیمەکە، بەڵام ئەبێت ئەوە بزانی کە شکست بەشێکی پڕۆسەکەیە تا ئەگەیت بەسەرکەوتن، تاکە ڕێگا تابێیتەوە سەرخەت ئەوەیە پلانێکی کەدابنێیت، من شکستی زۆرم بینیوە، بەڵام نابێ ڕێگەی پێبدەیت ژیانت بوەستێنێت و ڕێگر بێت لەبەردەم بەدیهێنانی خەونەکانت.

شکستەکەی شارڵت
(شارێکە لە باشوری کالیفۆڕنیا):

کاتێ من کاری کۆمیدیای سەرشانۆم ئەکرد، هەر زوو فێربووم کەشەوە قورسەکان یەکەم شەو نییە، بەڵکو ئەوشەوەیە کەئەبێت بچیتەوە سەرشان، کاتێ شەوی پێشوتر بەرنامەکی زۆر خراپت پێشکەش کردووە. منیش ئەزمونێکی وەکو ئەوەم هەیە، لەیەکەم شەوی گەشتەکەی (پاشاکانی کۆمیدیا) لەشارڵت باکوری کالیفۆڕنیا، دایکم تازە کۆچی دوایی کردبوو، بیروهۆشم لەشوێنی خۆی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا تازە بابەتێکی تایبەتی کۆمیدیام پێشکەش کردبوو، ئەونە شڵەژابوم، تەنانەت سەیریشم کردبوو.

هەریەکە لەپاشاکانی کۆمیدیا بۆمان دیاری کرابوو تا سی خولەک لەسەر شانۆ بمێنینەوە، بەڵام (سێد) چوە سەر شانۆو چل وحەوت خولەکی پێچوو، بێڕنیش یەک سەعاتی تەواوی خایاند! ئەونە هەیە جانییان بەخەڵک بەخشیبوو ئەریناکە بەناچاری داوای ناوبڕێکی کرد، جا دوای هەڵەیەکی تەکنیکی لەیەکێک لەئامێرەکاندا ناوبڕەکە چل و پێنج خولەکی خایاند.

ئینجا سەرەی من هات، هەوڵمدەدا بابەتەکانم پێشکەش بکەم، جەماوەرەکە لەبەینی سێد و بێڕنید بۆماوەی دووسەعات گوێیان لە کۆمیدیا بووە، لەگەڵ ناوبڕەکەش، کاتێ چوومە سەر تەختی شانۆکە زۆرترسام، بێ ئەوەێ هەستی پێبکەم من نوکتەکانم دوبارە بەکارئەهێنا، کە زۆر بەی جەماوەرەکە پێشترگوێیان لێبوە، جەماوەرەکە دەستیان کرد هاتوو هاوارو ئاژاوە نانەوە، منیش شڵەژابوم، ئەوەی ئەتوانم بیڵێم، بەیانی

داهاتوو لەسەر ڕێگاکەمان بۆ فڕۆکەخانە، دیجەیەکی خەڵکی شارڵت هات بەرەو ڕووم، ووتی: سێد و بێرنی بەڕاستی پاشای کۆمیدیان، بەس ستیڤ هەر گیز پاشای کۆمیدیا نییە، پێشبینی ئەوەی کردبوو بەرنامەکە بەگشتی سەرکەوتو نابێ. من ئەم کوڕەم ئەناسی، زۆریش توڕەبووم کە ئاوا بەڕقی مامەڵەی لەگەڵ کردم، تاگەیشتینە فڕۆکەخانەکە، کۆمەڵە کەسێکم بینیەوە کەدوێنی شەو لەبەرنامەکەیا بوون.

هەوڵی ئەوەیان ئەدا هانم بەن و خەمبارنەبم بەووتنی ئەم وشانە، ستیڤ هەموو شتێک قەینا، ئێمە هەر تۆمان خۆشدەوێت، پاڵپشتیەکەیانم زۆر بەدڵبوو.

کاتێ گەیشتینە فڕۆکەکەو مێزی ئیشکردنیان پێداین، دەستم کرد بەنووسین. کەگەیشتینە شاری کەنساس، لەکۆتایی ئەوڕۆژەدا من لەژوری ئوتێلەکەدا مامەوە، هەرنووسیم و هەرنووسیم، تا بەشی بەرنامەیەکی چل وپێنج خولەکیم نووسی، خۆم وون کردبوو لە نوسین و پێداچونەوەو ڕاهێنان کردن لەسەر نوکتەکان لەبەر دەم ئاوێنەدا، ئیتر بوو بە ئێوارەو بێرنی هات بولام تا بانگێشم بکات بۆ نانی ئێوارە، پێم ووت کەنایەم.

شەوی داهاتوو لەشاری کەنساس لەگەڵ بێرنی وسێد قسەی زۆرم کرد لەسەر ئەوەی پابەندبن بەکاتی دیاری کراوەوە، کە سی خولەک بو بۆهەریەکێکمان، کەچی کاتێ بەرنامەکەمان پێشکەش کرد سێد چل خولەکی پێچوو و بێرنیش چل وهەشت خولەک، هیچ گوێیان بەقسەکانم نەدابوو، دوایی بێرنی ناوبڕێکی بیست خولەکی هەبوو، ئیتر ترس دایگرتم و شکستەکەی شاری شارڵتم بیرکەوتەوە، بەس کە چومە سەرشانۆ زۆر باش بووم، شانۆم هەرلەو شەوەوە تا دووساڵی کە جەماوەر بەپێوە

دەوەستن تا شانۆ بەجێبهێڵم وەکو ڕێزلێنانێک.

ئەو دووشەوەی لە شارەکانی شارڵت و کەنساس بەرنامەمان پێشکەش کرد، وایلێکردم بەشێوازێکی نوێ سەیری شکستەکانم بکەم، بۆم دەرکەوت پێویست ناکات شکست ببێتەهۆی ئەوەی ژیانت لەناو بەریت، و وات لێبکات من هەرگیز ئەم ئەزمونە دوبارە ناکەمەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەزمونێکی بەنرخی فێربوونە، ئەمزانی سەرەتا بەرنامەکەی کەنساس قورس دەبێت، بەڵام ئەگەر من ئەوەندە خراپ نەبوومایە لە پێشکەشکردنی بەرنامەکەی شارڵت ئەوا زۆرم لەخۆم نەئەکرد تابەشی بەرنامەیەکی چل و پێنج خولەکی تر بنووسم، شکستەکەم لەشارڵت ئەو ئەزموونە دروستەی پێدام تابتوانم شەوی داهاتوو لە کەنساس شانۆکە بهەژێنم.

زۆربەی کات قوتابییەکان لەزانکۆ دەردەچن ئیشێکیان دەست ناکەوێ، بۆ؟ چونکە ئەزمونیان نییە. هیچ خاوەن کارێک نایەوێت کەسێک دابمەزرێنێت کە پێشتر نەدۆڕابێت، یان هەڵەیەکی نەکردبێت. خاوەن کارەکان ئەیانەوێت کەسێک دابمەزرێنن کە ئەزموونی شکستی هەبێت و لێیەوە فێربووبێت وبتوانێت بەباشترین شێوە کارەکە ئەنجامبدات.

ڕووخان بۆئەوە نییە کەلەناوت ببات، بەڵکو بۆئەوەیە کە هێزت پێببەخشێت تا ئەزمونەکانی ژیان بەرێبکەیت و لێیانەوە فێرببیت.

Scanned with CamScanner

کردنەوەی دەرگای زیندانە تایبەتییەکەت:

فێربووم کە ژیری وبیروبۆچونی هەموو ئەوکەسانە وەربگرم کەدێنە سەر ڕێگام لەژیاندا، تەنانەت بۆچونی ئەو ئافرەت و پیاوانەش کە لەبەندیخانەکانن، زۆربەی کەس بەچاوێکی کەمەوە سەیری بەندکراوەکان دەکەن، ڕاستیەکە ئەوەیە ئەوان شکستیان هێناوە لەکردنی کاری ڕاستدا و گیراون، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەلەهەموو بوارەکانی ژیاندا ڕووخاون، ئەکەوێتەوە سەر کاردانەوەیان لەسەر بەندکردنیان، ڕاستە ئەوان سنورێکیان هەیە بۆ ئازادیان، بەس زۆرم لاپەسەندە کاتێ بەندکراوەکان دەڵێن بەندیخانە ناتوانێ ببێت بە خاوەنی ڕۆحمان، ئەوان تەبابون لەگەڵ ئەو کردارانەی کەبوەتە هۆکاری بەندکردنیان، وداوای لێخۆشبونیان کردوە بۆهەڵەکانیان، تەنانەت هەندێکیان داوای لێبوردنیان لەوکەسانە کردووە کەبوونەتە قوربانی دەستی تاوانەکانیان. زۆربەیان سورن لەسەر چاککردنی ناخیان، جەستەیان، مێشکیان. هەندێکیان ئامۆژگاری کەسانی هەرزەکاردەکەن ودەڵێن: ئاگاداربن تۆ وەکو من ژیانت مەفەوتێنە، ئەگەر هەلێکت پێدرا لەم بەندیخانەیە بێیتە دەرەوە ئەوا لەدەرەوە بمێنەرەوە و نەیەیتەوە!

هەموومان خۆرهەڵهاتنێکمان دەبێت، ئەگەر ئەم ئافرەت وپیاوە بەندکراوانە بتوانن هیوا بۆخۆیان دروستبکەن، چۆن ئەبێت ئێمەی ئازاد وسنوردارنەکراو نەتوانیت هیواوخۆری ڕۆژە ڕوناکەکە نەبینین.

زۆربەمان گەمارۆدراوین لەناو ئەوبەندیخانەیەی لەمێشکماندایە، سەیری ڕوناکییەکەی خۆمان نەکردووە،

زۆر بەئاسانی گیردەخۆین لەئیشێکی ناخۆشدا، یان لەهاوسەرگیرییەکی بێ ڕۆح، یان بارودۆخێکی ئابوری بێهیوا.

ئەبێت هەموو بەیانیەک هەڵسین لەخەو و بڕیاری تیشک خستنە سەر شتە ئەرێنییەکان بدەین، ئێمە بەرەورۆشناییەکەمان ناڕۆین، ئەگەربەخەمبارییەوە سەیری ڕابردوو وباری کۆمەڵایەتی وهەرناخۆشیەک کەبەسەرماندا هاتبێت ئەوا ئەو ڕوناکیە لەدەست دەدەین کە لەو بارودۆخەدا هەبووە. سەیریکە ئەمە شتێکی دڵخۆشکەرانەیە:

ئەگەر تۆ هێشتا لەژیاندابیت، ئەوا ئەو پلانەی خوای گەورە بۆی داناویت جارێ تەواونەبووە، هەموو ڕۆژێک وەکو دەرفەتێک وایە تاڕوناکییەکە وەکو توانایەک ببینیت، ئەم هەڵانەش لەو کەسانەدا دەردەکەون کە ئەیانناسین، یان لەو بانگهێشتانەی پێمان دەگات، یان ئەوزانیارییەی کەوەریدەگرین. کاردانەوەمان بۆ ئەم هەڵبژاردنانە کوالیتی ژیانمان دیاری دەکات.

دەرفەتەکان لەبڕیارەکانت دایە:

بابڵێین کوڕێکی هەرزەکار هەیە ئەیەوێت بچێتە ناوگروپێکی چەکدارەوە، ناتوانین بڕیاربدەین و بڵێین ئەوهیچ هەلێکی نییە، بەلام هەرلەسەرەتاوە دەرفەتی زۆر بووە، ئەگەر خوێندنی تەواو بکردایە و وازی لە ئیشەکەی نەهێنایە، هەوڵی فرۆشتنی ماددە بێهۆشکەرەکەرەکانی نەدایە، بەگوێی داپیرەی بکردایەو بڕۆیشتایە بۆ کڵێسا، ئەیتوانی لەکۆمەڵە دەرفەتێکی جیاواز نزیک بوایەتەوە. بەڵام با ڕاستگۆبین:

ئەگەر ئەوە بکەیت کە هەمیشە دەیکەیت ناتوانیت ژیانت بگۆڕیت، ناتوانی داخوازییەکی هەلی کار پڕبکەیتەوە، کاتێ

تۆ لەناوگروپێکی خراپدابیت وەکو چەتە هێرش دەکەیتە سەر خەڵکی، ومادده بێهۆشکەرەکان بفرۆشیت. ناتوانیت لەدەرفەتە گونجاوەکانی ژیانت نزیکبیتەوە، کاتێ دەگیرێیت ودەچیتە بەندیخانەوە، ئامرازی بەدەست هێنانی دەرفەتەکانمان ئەکەوێتە سەر شێوازی بڕیاردانمان. بۆئەوەی ئەو دەرفەتانە بەدەست بهێنین کەدەمانەوێت، ئەوا دەبێت بڕیاری گۆڕان بدەین، بەداخەوە گۆڕان ئەو بارودۆخەیە کەزۆربەمان تیایدا نائارامین.

هەموو کردارەکانمان پێکەوە بەستراوە، ئامادەمان دەکەن بۆئەوشتانەی کە دێن ونازانین کەی و یاخود لەکوێ یان چۆن ساتە گەورەکەی داهاتوومان سەرهەڵدێنێت. من باوەڕم وایە لەبەرئەمە خودای گەورە هەموو ژیانمان پیشان نادات،

ئەگەر هەموو ژیانمان ببینیایە ئەوا بەدڵنیاییەوە تێکیدەدەین ودەڕوخێن، ئەگەر خواوەند لەسەرەتای ژیانمەوە پیشانی بدامایە کە من بێماڵ دەمێنمەوە و دووجار هاوسەرگیریم دەکرد، ئەوا دەموت توخوا با ئەمە بەسەر منا نەیەت، شتێکی باشترنیە؟

ئەگەر خواوەند بەشێکی ژیانمی پیشان بدامایە کەتیایدا ئەدۆڕام لەهەموو ئەو پێشبڕکێیانەی کۆمیدیادا کەبەژداریم تیادا دەکرد، پێش ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنم، بەدڵنیاییەوە دەتووت ئەبێ ئەمە گاڵتەبێت.

کاتێ بەرنامەی (شۆتایم)م پێشکەش ئەکرد لەشانۆی ئەپۆلۆدا، بەبیرم دێتەوە ئەوکاتەی ناوی (شۆن پەفی کۆبس)م هێنا تابێتە سەر تەختی شانۆکە، کاتێ بینیم لەگەڵ دوو هاوڕێی قەڵەوی بوو بەناوەکانی (بیگی سمۆڵس و لیل سیس) لەمێشکی خۆمدا ووتم: ئەمانە بەنیازی چین؟ ئەم هاوڕێیانە تەنانەت گۆرانیش ناڵێن! وام بیرکردەوە کەسەرکەوتوو نابین، بەڵام

(شۆن) دوای ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ تۆمارگەی (باد بۆیز) کرد، بۆجاری دووەم بەرنامەی پێشکەش کردەوە، ئەم جارە لەشکرێک لەخەڵکی لە گەڵدابوو، کە بەجل و بەرگی سەیری بەیسبۆڵەوە هاتبون.

ئەو کاتانەم بیرکەوتەوە کەشکستی خەڵکم بینیوە، بەڵام دوایی بەهەرجۆرێک بێت سەرکەوتن، سەیری تۆماری شکستەکانی خۆم کرد، بەڵام شکست بەشێکی هەرەگەورەی سەرکەوتنە، ئەگەر لەپێویستی شکست تێبگەین. هەرگیز ناتوانیت بیبەیتەوە تا نەیدۆڕێنیت. کاتێ سەیری کەسێکی مەزنی وەکو (مایکڵ جۆردن) دەکەیت، ئەبێت بزانین کە ئەو شەش پاڵەوانێتی نەبردۆتەوە، تەنیا بردنەوەی نەبینیوە بەڵکو زۆر جار شکستی خواردووە.

من ئیتر سەیری شکست ناکەم وەکو شکست، من ئێستا وەکو ئەزمونێکی بەنرخ و فێرکاریی سەیری دەکەم، چانسی ئەوەی پێبەخشیم کەوا بیربکەمەوە فێربوونی ئەوەی کەبزانی چی بکەیت، بەقەدەر ئەوە گرنگە بزانیت چی بکەیت، ئەمە پڕۆسەیەکە، بەڵام کاتێ پڕۆسەی شکست دەناسیتەوە و لەئامێزی دەگریت هەنگاوێک بەرەو پێش دەچیت.

Scanned with CamScanner

چاپتەری سێ
هەڵدانەوەی سەری قوتوەکە:

لەڕۆیشتن بەرەو خەونەکەت زۆر پێویستە سەری قوتوەکە هەڵبەیتەوە، زۆربەمان ڕێگە بەتەمەن، بنەچەو، ژێرخانی ئابوریمان دەدەین ببنە ڕێگر لەبەردەم بەدیهێنانی خەونە گەورەکانمان. بەلام نابێت ڕێگە بەخۆت بەیت کە بەرەو پێش نەچیت، بەهۆی ئەوەی دایک و باوکمان کردویانە یان بەهۆی ئەوسنورانەی کە لەژینگەکەی ئێستاتدا هەیە، پێویست دەکات سەرقاپی پێشبینیەکان هەڵبەیتەوە و خەونی گەورە ببینیت.

تائێستا سەیری کێچێکت کردووە(مێرویەکی بچوکی خوێن مژە)چی بەسەردادێت کاتێ دەیخەیتە ناو قوتویەکەوە؟ کێچەکە تەنیا تائەو ئاستە دەفڕێت کەسەری نەیات لەسەرقاپەکە، ئەگەر ئەو کێچانە زاوزێبکەن و کێچی بچوکتریان هەبێت، کێچە تازە لەدایکبوەکان کاتێک دەفڕن هەمان توانای ستونی فڕینیان دەبێت وەکو دایک و باوکیان، بەلام لەبەر ئەوەی لەژینگەیەکدا لەدایک بوون کە کێچەکانی تر دەبینین بۆ بەرزاییەکی دیاریکراو بازدەدەن تا سەریان نەیات لە سەرقاپەکە، ئەوانیش هەمان ڕەفتار دووبارە دەکەنەوە، نابێت خۆت مەشغوڵبکەیت و کرداری

ئەوانی کە دووبارە بکەیتەوە، دیارە کەتۆ دروست کراویت بۆئەوەی سەربکەویت و بازبدەیت و بفڕیت، دووسەدجارانی قەبارەی خۆت و زیاتریش.

چەند جار ڕێگەمان داوە کە دەربڕینەکانی کەسانی تر کاریگەریی هەبێت لەسەرگۆڕینی ئاڕاستەکانمان وهەڵسوکەوتمان و تواناکانمان؟ زۆرجار ئێمە پەرەسەندنەکانمان وەستاندوە، وەبازی سەرکەوتنمان دواخستوە، بەهۆی بۆچونی کەسانی ترەوە، چەندجار پێشکەوتنەکانمان وەستاندوە، چونکە سەیری لای ڕاست و لای چەپ دەکەین، و کردارەکانمان لەسەر توانای خەڵک داناوە؟ گیرمەخۆ لەتەڵەی بەراوردکردنی خۆت بەخەڵکەکانی تر. خۆت ڕزگار بکەلە بەهانەکان وسنورەکان. هەروەکو کێچێک، ئێمە بەتوانایەکی زۆرەوە دروست کراوین، تابتوانین بازێکی گەورەی ستونی بدەین بەهێواشی ودڵنیاییەوە. ڕێگە بەو گەڕەکە دەدەین کە تیایدا گەورە بوین، یان باری کۆمەڵایەتی و ئابوری خێزانەکەمان کاریگەریی لەسەر بەرزایی بازەکەمان هەبێت، ڕێک ئەبین بەوکێچەی لەناو قتوەکەدابوو، ڕێگە بە چواردەورمان ئەیەین بمانوەستێنێت لەگەیشتن بە توانا شاراوەکانمان، زۆربەمان ئەوەندە ڕاهاتوین بە مانەوەمان لەناو قوتووی سنورەکانمان، کاتێ لەکۆتایدا سەرقاپەکەی هەڵدەدرێتەوە نازانین چۆن خەونی گەورە ببینین. ناتوانین بیهێنینە بەرچاومان کە ئێمە شایەنی زیاترین لەوەی هەمانە. بەڵام ئەزانی چی؟

ئێمە هەموومان وادروست کراوین کەلەدەرەوەی قوتوەکەمان بژین، بەبێ گوێدانە تەمەنمان، ڕەگەزمان، یاخود تواناکانمان. ئێمە وادروست کراوین کەبتوانین بازێکی ئەووندە

Scanned with CamScanner

بەهێز بدەین کەسەری هەر قوتوویێک بشکێنین کەتیایداین، بیرمە کەی بۆیەکەم جار سەرقاپێکم خستە سەر ڕێگریەکانم، لەپۆلی شەش بووم، مامۆستاکەم داوای لەهەمووماں کرد لە پۆلەکەدا کەلەسەر پارچەیەک پەڕە بنوسین: ئەمانەوێت ببین بەچی کاتێ گەورەدەبین، هەمووماں دەستمان کرد بەنووسین، منیش زۆردڵخۆش بووم، بەڕاستی ئەمزانی ئەمویست ببم بەچی کاتێ گەورەدەبم، ئەمویست لەسەر تەلەفزیۆن دەرکەوم، ئەوەم لەسەر وەرەقەکە نوسی و هەڵمگێڕایەوە ئەودیو، ماموستاکەمان ناوی دەهێناین و ئەوەی نوسیبومان بەدەنگی بەرزدەیخوێندەوە، خواخوام بو زوو ناوی من بڵێت. کاتێ لەکۆتایدا سەرەی من هات مامۆستاکەم ووتی: (ستیڤ)ی بچوک وەرە، کاتێ دەستم بەڕۆشتن کرد بۆبەردەمی ژورەکە، زانیم کەمن شتێکی زۆر قوڵ و بە هێزم نوسیوە و ئەو ئەیەوێت لەگەڵ هاوپۆلەکانم باسیکەم، من منداڵێکی فەقیر بووم، کە خەڵک خێریان پێدەکردم، جلیان ئەیامێ و کێشەی زمان گرتنم هەبوو، ئەمە چانسی من بو تاهەموان ستیڤی بچووک بناسن، کاتێ لە کۆتایدا گەیشتمە لای ووتی: ستیڤی بچووک چیت نووسیوە؟ سنگەبچووکەکەم بەرزکردەوە بەشانازییەوە وەکو ئەوەی مەدالیای زێڕی ئۆڵمپیکم بردبێتەوە کەمن ئەمەوێت بچمە شاشەی تەلەفزیۆن

بەس ئەو منی شڵەژاند، کاتێ ووتی: بۆچی ئەوەت لەسەرپەڕەکەت نووسیوە؟ لەمێشکی خۆمدا ووتم ئێ باشە تۆداوای ئەوەت لێنەکردبووین؟ بەڵام بەڕێزەوە وەڵامم دایەوە، وامزانی داوای ئەوەت لێکردبوین بۆیە منیش نووسی بوم کەئەمەوێت لەسەر شاشە دەربکەوم، شڵەژاویەکەم گۆڕا بۆترس، کاتێ ووتی: ئایا تۆکەس ئەناسی لەبواری تەلەفزیۆندا

کاربکات؟ لەوەلامدا وتم نەخێر، ئایا کەس لەخێزانەکەت لەتەلەفزیۆن بینراوە؟ دووبارە وتم نەخێر، کۆتا لێدانی خۆی گەیاند کاتێ ووتی: ستیڤ تۆ ناتوانیت لەسەر شاشە دەربکەویت، ئەم وەرەقەیە ببەرەوە ماڵەوە بەیانی بۆم بهێنەرەوە و شتێکی ڕاستەقینەی لەسەر بنوسە. زۆر تورەبوم و نەمئەزانی چی ڕودەدات، خۆ ئەو پرسیاری لێکردم کەئەمەوێت ببم بەچی، نە ئەوەی دایک وباوک کردویانە، یان خەڵکی تر ئەیکەن، من پێم ووت چیم ئەوێت ئەویش هەر لەوێدا خەونەکەی کوشتم و تەلەفونی بۆماڵەوە کردبوو پێش ئەوەی من بگەمە ماڵەوە هەر کە گەیشتمە بەردەرگا دایکم ووتی: چیت کردووە لە قوتابخانە ئەمڕۆ؟

بۆم گیرایەوە چی ڕوویدا، ئەویش ووتی: کوڕەکە بۆئەوەت نەنووسیوە کە مامۆستاکەت پێ وتویت؟ لەژوری چێشتخانەکەماندا وەستابووم تێنەدەگەیشتم بۆچی دایکم ئەوەندە تورەبوو.

لەپۆلی شەشدا من هێشتا کێچێکی بچووک بووم، کەخەونم ئەبینی و بازمدەدا دووسەد جارانی قەبارەی خۆم. ئەمویست لەسەر تەلەفزیۆنبم بەبۆنەی بیل کۆزبیەوە، کاتێ بەرنامەی(ئای سپای) ئەکرد لەتەلەفزیۆن هەموو شەقامەکە چۆڵ ئەبوو، خێرا ڕایان ئەکردە ماڵەوە تاسەیری بکەن، دوای ئەوەی ئاشنابوم بە (بیل کۆزبی)زانیم کەنامەوێت ببم بە کارەباچی، دکتۆرێک، یان پارێزەرێک. ئەمویست کەسێکی کۆمیدی بم لەسەر تەلەفزیۆن، ڕێک وەکو ئەو تەنیا ئەوەم ئەویست.

کاتێ باوکم گەڕایەوە ماڵەوە، دایکم هەموو شتێکی بۆباس کرد، ئەویش ووتی: جا ئەوە چی تیایە؟ ئەگەر ئەو کوڕە بیەوێت

Scanned with CamScanner

لەسەر تەلەفزیۆنبێت بۆچی نابێت بینووسێت لەسەر وەرەقە؟ دایکم ووتی: مامۆستاکەی ئەیەوت شتێکی باوەڕپێکراوانەتر بنووسێت. بۆئەم قسانەش ووتی ئەگەر ئەو ئەیەوێت ببێت بەوە واباشترە مامۆستاکەی باوەڕی پێبکات، باوکم پێی ووتم بچم بۆ ژوورەکەم ولەوێ چاوەڕی بکەم.

کاتێ هات بۆلام، باسی ئەوەمان کرد مامۆستاکەم چی ئەوێت، پێی ووتم: کە بڕۆم وەرەقەیەکی تربێنم، ڕازی بوین لە سەری بنوسین (پۆلیس)، بەیانی وەرەقەکەم دایەدەستی. ئینجا شتێکی پێوتم کەبیکەم، ژیانمی گۆڕی بۆهەتاهەتایە، ووتی: وەرەقەی یەکەم بێنەو بیخە سەر مێزەکەت، هەموو بەیانیەک پێش ئەوەی بڕۆی بۆقوتابخانە و هەموو شەوێک پێش خەوتن بیخوێنەرەوە و باوەڕ بەخۆت بکە کەڕۆژێک ئەچیتە سەرشاشەو خەونەکەت دێتە دی.

کاتێ تەلەفزیۆنەکەت دادەگرسێنیت هەموو ڕۆژەکانی هەفتە ستیڤی بچوک لەسەر شاشەیە، ڕێگەم نەیا یەک ئافرەت بەپێشبینیە سنوردارەکانییەوە کارم تێبکات، دانی پیائەنێم بۆماوەیەک ناخۆش بوو، بەڵام فێربووم کە چۆن خەونەکەم بەزیندویی بهێڵمەوە.

ئەگەر لەڕۆژێکا کەسێک ویستی سەرقاپێک بخاتە سەر خەونەکانم، دوای چەند کاتژمێرێک باوکم ئەو سەرقاپەی لێکردەوە بۆ هەتاهەتایە، لەوکاتەیا نرخی ئەو شتەم نەئەزانی کەبۆی کردم، دایک و باوکان ئەتوانن ببن بە یەکێک لەهەرە سەرقاپلێکەرەوە باشەکان لەڕێگەی لابردنی سنورەکان لەسەر منداڵەکان، بەڵام ئەبێت ئەو سەر قاپەلێبکەیتەوە جا گرنگ نیە کێ خستویەتیەسەری یان چەندێکە لەوێدایە.

ئایا تائێستا سەرقاپەکەت لەسەر ماوە ؟

ئەمانە چەند ڕێگایەکن تا بزانی ئایا سەرقاپەکەی ژیانت ماوە :

. ئەگەر تۆ دڵخۆش نەبیت کاتێک بەیانی هەڵدەستیت لەخەو

. ئەگەر هەموو ڕۆژێک بێزاریت و بەبێ کاری ئەسوڕێیتەوە

. ئەگەر کاتت هەبێت بۆ کردنی هەموو ئەو شتانەی کەخەڵک لێنداوا ئەکەن

. ئەگەر کاتت هەبێت سەیری هەموو ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنانە بکەیت کەحەزت لێیانە یەک زنجیرەی لێ نەپەڕێنیت

. ئەگەر تۆ زۆر بخەویت

. ئەگەر خەونەکانت مانادارین لای هەموان

. ئەگەر بتوانیت خەونەکانت بکەیت بەڕاستی بەبێ یارمەتیدانی هیچ کەسێک

ئەگەر ئەم ڕفتارانە لە خۆتدا ببینیتەوە کاتێک لیستەکە ئەخوێنیتەوە پێویست ئەکات سەرقاپی ژیانت هەڵبدەیتەوە دەست بکەیت بەبەدیهێنانی خەونەکانت.

Scanned with CamScanner

بەشی دووەم
دۆزینەوەو لەئامێزگرتنی خەونەکانت

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

چاپتەری چوار
هێڵی نێوان نەمان و قوربانیدان بەخەونەکانت:

تەورات (کتێبی پیرۆز)دێری٢٩:١٨ باس لەوە دەکات کاتێ ئەندێشە نامێنێ خەڵکەکان لەناو دەچن،

لەناوچون بارودۆخێکی ترسێنەرە لەژیان، لەهەبوونێکی دنیایدا بێ ئەوەی پێبزانیت. ئەوەتا تۆ ژیانە خۆشەکەت دەژیت، هەمووئەچیت بۆهەمان ئیش و شتەکان دووبارە ئەکەیتەوە، ئەوەندە باش ڕۆتینەکەت ئەزانی ئەتوانیت بیکەیت بێ ئەوەی بیر بکەیتەوە. هیچ خەون و خولیایەکت نییە، ئەگەر بەیانیش لەئیشەکەت دەربکرێیت نازانی چۆن هەوڵ بۆ ژیانێکی باشتر بدەیت. ڕوداوەکان دۆخێکی خەمناکی ئەبێت، کەبەیانییەک هەڵسیت لەخەو بۆت دەرکەوێت کەچەند ساڵێکی ژیانت فەوتاندوە و بێ ئامانج لەچواردەوری بازنەیەک خولاویتەتەوە. دڵنیا نیت دەربارەی ئامانجەکانت .

جائەوە چ ژیانێکە؟ بۆت نالوێت یەک ڕۆژی ژیانت بەبێ ئاڕاستەیەکی دیارو تیشک خستنەسەر ژیانت بەسەر بەریت، من لەشوێنێکی بەرزو پیرۆزەوە باسی ئەم شتانە ناکەم، من ئەمە

لەگەڵ تۆدا باس دەکەم، لەبەرئەوەی لە بارودۆخێکی نەماندابوم، نەشمئەزانی چۆن لێی ڕزگربم، هەتا ئەندێشەیەکی نوێ و بەڵێنم بۆ خۆم دروست نەکرد، تائەو ژیانە نوێیە پەیرەوبکەم. کاتێک بیر لەڕۆژەکانی ڕابردوم دەکەمەوە، زۆر ئازار بەخشە کەژیانم لەوکاتەدا زۆر پەرش و بڵاو بوو، دووربوو لە ئەندێشەیەکی ڕاستەقینە، هەر ئیشێک هەبوایە ئەمکرد، بەس لەبەرئەوەی کرێی خانووەکەم بەم و بەنزین بکەمە ناوسەیارەکەمەوە، هەر کەسێک هەبوایە ژوانم لەگەڵ ئەبەست، تا کاتم لێبڕوات، کاتێک مەشغوڵ نەبووم بەکارکردنەوە، لەگەڵ ئەو کەسانەدا کاتم بەسەر نەدەبرد کە هانم بدەن ببم بە کەسێکی باشتر، من بەهێواشی ئەمردم، ئەگەر ئەندێشەیەکی نوێم بۆ ژیانم دروست نەکردایە تائەم کاتەش لە کلیفلاند ئەمامەوە، لەم ئیشەوە ئەڕۆشتم بۆ ئەو ئیش، خەڵکم ئەخستە پێکەنین لە کۆتایی هەفتەکاندا، لەناوچون هەمیشە دەربارەی ئەو هەستە دراماتیکە ئازادە نییە، یان لەدەستدانی هەموو سامانەکەت لەیەک کاتدا. زۆربەی کات لەناوچون هێواشە، پرۆسەیەکی ئازار بەخشە ئەگەر تۆ سەرنج نەدەیت ئەوا هەڵت ئەخەڵەتێنێت تا وابیربکەیتەوە شتەکان ئەبێت بەم شێوەبن، ئەگەر شکستت هێنا لە هەبوونی ئەندێشەیەک ئەوا تۆ خۆت جیا دەکەیتەوە لەهەموو ئەگەرێکی هەبونی سەرمایەو پەیوەندییەکان و دەرفەتەکان، کاتێک کەهیچ ناکەیت و ڕێگا بەلەناوچونی ژیانت ئەدەیت، ئەمە یەکێکە لە بەئازارترین جۆری مردن .

ئایا تۆ لە بارودۆخێکی نەماندایت؟

چۆن ئەزانیت ئەگەر تۆ لەناودەچیت یاخود لەناوناچیت؟ با ڕاستگۆبین، تۆ چاوەڕێی ئەوە ناکەیت کەژیانێکی نوێ و ئەندێشەیەکی نوێ بۆخۆت فەراهەم بکەیت، ئەگەر تەمبەڵی بەشێکی ڕۆتینەکەت بێت، دواخستنی کارەکان، کارەکان بەئەنجام ناگەیەنێت، یاخود کردنی شتەکان تانیوەی بەهەڵکردنیان یاخود هەرنەکردنیان کارەکانمان بۆ تەواوناکات، کەمی پەرۆشبون کارەکە بەئەنجام ناگەیەنێت، واقعی نەبون کارەکە بەئەنجام ناگەیەنێت، باوەڕنەبونت بەکەس کارەکە بە ئەنجام ناگەیەنێت، هەر خاسیەتێکی نێگەتیڤیانە کارەکە بەئەنجام ناگەیەنێت، ڕەشبینی ئەتوانێت ببێتە بەو بەنزینەی کەخەونەکانتی پێ بەدیبێنێت، ئەتوانیت بزانیت کە ئایا تۆ لەناودەچیت یاخودنا، ئەگەر زیرەکترین کەسی گروپەکەت بیت ئەوا پێویست دەکات گروپەکەت بگۆڕیت، چونکە ناتوانیت ئەو کەسە بیت کەهەموو شتێک بزانێت، کەس هیچی فێر نەکات ئەمە لێهاتوییەکەت ئەڕوخێنێت لەگەڵ لێهاتویی کەسانی چواردەورت .

ئایا تۆ چی دەکەیت لەگەڵ بۆشاییەکەتدا؟

ڕێگەیەکی تر بۆئەوەی بارودۆخی لەناوچونت بەشێوازی کەسێک بکەیت ئەوەیە، کەتێبگەیت ڕۆژێک ژیانت کۆتایی پێدێت، جا بتەوێت باوەڕی پێبکەیت یاخودنا، تابوتێک و چاڵێک لە زەویدا ئەبێت کەناوی تۆی لێنوسرا بێت، لەوانەیە خزمەتگوزاری داهاتووی ناشتن لەکڵێسەکەدا هی تۆ بێت، گرنگترین شت لەو ڕۆژەدا ژمارەی گوڵەکان نیە لەچواردەوری تابوتەکەتدا، یاخود

کۆرسەکە چەند بەباشی پەسەندترین سرودی ئاینی لەلای تۆ ئەخوێنن، تاکە شت کەگرنگبێت ئەوەیە کەچۆنە ماوەی نێوان ئەو رۆژەی تیایدا لەدایک بویت لەگەڵ ئەو رۆژەی تیایدا ئەمریت.

نامەوێت رۆژەکانت بەبیرکردنەوە بەمەرگەوە بەسەر بەریت، بەڵام ئەمەوێت ژیانت بەسەربەریت بەبیرکردنەوە دەربارەی ئەوەی کەبۆشاییەکەت چۆن گۆڕانکاریەک لەژیان دروست ئەکات، ئەگەر تائێستا هەناسە لەسییەکانتدا هەیە و خوێن بەدەمارەکانتدا ئەڕوات، ئەوا رۆژێکی ترت هەیە تا بۆشاییەکەی ژیانت هەژماربکرێت، ئەگەر تۆ شانست هەیە تا رۆژێکی تر ببینیت، ئەوا خواوەند مەبەستێک و پلانێک و چارەنوسێکی بۆ ژیانت هەیە، باشترین رێگا بۆ ئەوەی دوربکەویتەوە لە لەناوچون لەناو بەڵێنەکانتدا، دروستکردنی ئەوەی من پێی دەڵێم گەنجینەی بۆشاییەکان، ئەمانە تەنیا ئەو هەوڵانەن لەرۆژێکی ئاساییدا ئەیاندەیت تائەگەیت بەچارەنوس و زیادکردنی میراتەکەت، خوێندنەوەی کتێبێک کە یارمەتیت ئەدات بۆ کۆنترۆڵکردنی تواناکەت، وەکو گەنجینەیەک بۆ بۆشاییەکەت، ئەو هەوڵانەی کەئەیدەیت بۆ تەواوکردنی پرۆژەیەک، کەکاتی تەواوکردنی ئەم پرۆژەیە گەنجینەیەکە بۆ بۆشاییەکەت، قسەکردن لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەتدا لەکاتی نانی ئێوارە لەجیاتی ئەوەی سەیری تەلەفزیۆن بکەیت گەنجینەیەکە بۆ بۆشاییەکەت، هەر چالاکیەکی گەورە یاخود بچوک، یان کردارێک کە کوالیتی ژیانت و ژیانی خێزانەکەتی پێ زیاد ئەکات گەنجینەیەکە بۆ بۆشاییەکەت، چۆن بۆشاییەکەت بەکاردەهێنیت لەژیانتدا بەتەواوی کەوتۆتەوە سەرخۆت، با ئەمرۆ ئەو رۆژە بێت کە بۆشاییەکەت ماناداردەکەیت و هەنگاوێک نزیکترت

ئەخاتەوە لەچارەنووست .

کردارە سەرکەوتووەکان:

سێ گەنجینەی بۆشایی ڕیزبکە، کەتۆ بەتەمایت بیان کەیت لەماوەی ٢٤ کاتژمێری داهـاتـوودا، پۆستێک بکە لە تویتەر یاخود بە ئینستگرام # گەنجینەی بۆشاییەکان بۆ ماڵپەڕی @ ActLikeASuccess .

١.

٢.

٣.

ئێستا کەچەند گەنجینەیەکیت بۆ بۆشایی هەیە لەئەکاونتی سەرکەوتندا، ئەمانەش کۆمەڵێک پرسیاری بەڵێ و نەخێرن کە زۆر بەوریاییەوە ڕەچاویان بکەیت لەڕۆشتنت لە لەناوچونەوە بەرەو چارەنوست .

١. بەبێ گوێدانە تۆمارەکەت، ئایا تۆ ئامادەیت دان بەتواناکەتا بنێیت و نمونەیی بکەیت و بەکاری بهێنیت تا سەرکەوتوو بیت؟

٢.ئایا ئامادەیت کەبیرکردنەوەت دەربـارەی سەرکەوتن بگۆڕیت و پەرەی پێبەیت؟

٣.ئایا تۆ ئامادەباشیت تیایە کردارەکانت لەچواردەوری سەرکەوتن بگۆڕیت؟

٤.ئایا تۆ ئامادەیت کە بڕوا بەوە بکەیت، شایەنی هەموو ئەو سەرمایانەیت کە ژیان ئەتوانێت پێت ببەخشێت؟

ئەگەر بە نەخێر وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەیتەوە، ئەوا ئەم کتێبە پێشکەش بەکەسێک بکە کە ئامادەیە دان بەتواناکانیدا بنێت، بیبەخشە بەهاوڕێیەکت کەبەدوای سەرکەوتندا گەڕاوە، بەڵام

Scanned with CamScanner

ڕازی نیە بەو ئیشەی ئەیکات، ئەگەر ئەتوانیت لەبەر دەرگای ئەندامێکی خێزانەکەت بەجێی بهێڵە کەئەیەوێت هاوسەرگیرییەکی تەندروستتری هەبێت و پەیوەندییەکی باشتری هەبێت لەگەڵ منداڵەکانی، بەڵام ئەگەر بە بەڵێ وەڵامی پرسیارەکانت داوەتەوە ئەوا بەردەوامبە لەخوێندنەوەی ئەم کتێبە چونکە کاری زۆرمان ماوە بیکەین !

چونە ناو خاکی بەڵێنەوە:

بەهیچ شێوەیەک ناتوانی لەبارودۆخی نەمانەوە خۆت بگوازیتەوە بۆخاکی بەڵێن، ئەگەر نەناسێنیت و ڕێگە بەجیهان نەدەیت تواناکانت نەبینێ، چ سودێکی هەیە ئەگەر تۆچێشتلێنەرێکی بەتوانابیت ونەهێڵی کەس تامی خواردنەکانت بکات؟ چ مانایەکی هەیە ئەگەر قسەکەرێکی باش بیت ونەهێڵیت خەڵک گوێی لەدەنگت بێت؟

ڕێی تێدەچێت کەتۆ پارەکانت خەرج بکەیت بۆئەوەی بەخەونەکانت بگەیت، ئینجا ساڵێک دوای ئەوە مایەپووچ بیت، شتێکی خۆش نییە بەڵام لەوانەیە بازی باوەڕت ببێتە هۆکاری ئەوەی جارێکی تر لەگەڵ دایک وباوکتدا بژیت. بەڵام کامیان خراپترە بازێک بدەیت و بکەویت ودوایی هەستیتەوە یان هەموو ژیانت لە پەشیمانیدا بژیت؟

نابێت ڕێگە بەترسەکانت لەشتە نەناسراوەکان بدەیت، کە بەدورت بگرن لەچارەنووست، ئەگەر خواوەند پێی بووتمایە ڕێگای بوونم بە کۆمیدییەکی سەرکەوتوو ئەمانەی تیائەبێت کەلەناو سەیارەکەمدا بژیم، جیاببمەوە لە هاوسەرەکەم، یان پسولەیەکی باجدانم بۆبهاتەوە بەبڕی ٢٠ملیۆن دۆلار باجدان

پێیکە هەر لەسەرئیشی کارگەی پێکەوەنانی ئوتومبێل ئەمامەوە، بەڵام بازدانم بۆناوچەیەکی بیانی ئامادەی کردم تابازێکی زۆرتر بدەم لەوەی کەچاوەڕوانی ئەکەم.

مانەوە لەسەر بەشێکی شانۆ و نوێژێک:

ڕۆژێک دێت هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی خەونەکانت پارەی لەوە زیاتر ئەوێت کەلەبانک هەتە، چ شتێک ئەتوەستێنێت کە بڕۆیت بۆلای خاوەن کارە کۆنەکەت و داوای کاری لێبکەیتەوە؟ کاتێ بەدوای خەونەکانت ئەکەویت ئەبێت ئامادەبیت بۆهەژاری وبۆدەوڵەمەندی. کەس نەیوتووە ژیان لە خاکی بەڵێندا ئاسان ئەبێت. کاتێ کەسێک رەخنـەکی ڕوخێنـەرت لێئەگرێت و کەسایەتیت ئەشکێنێت ئەبێت ئەوەنە بـاوەڕت بەخۆت هەبێت بزانی ئەوەی خودا لەچارەنوستدا دایناوە بەهۆی بیرکردنەوەی کەسانی چـواردەورتـەوە نـاگۆڕێت، ئـەگـەر بەرپرسیارییە ئابوریەکانت وات لێبکەت ئیشێکی کاتی بکەیت تا ڕزگارت بکات لەنەهامەتیەکاندا، ئەوا ئەبێت پارێزگاری لەخەونەکانت بکەیت تا مەجالێک ئەدۆزیتەوە بۆ بەدیهێنانیان.

کاتێ ئەزانێت کە ئەیزانێت:

کـەس ناتوانێت بێجگە لە تۆ و خـوای گـەورە بیبینێت، بەڵام هەست ئەکەیت کەتوانایەکت هەیە، هیچ واتایەکی نییە لای زۆربـەی کـەس، بۆچی کاتێکی زۆرت لێئەڕوات بەهۆی شتێکی بێسـودەوە، کەوەکو خولیایەک وایـە، بـەڵام لەدڵتدا ئەزانی کەئەوە ئامرازی داهاتووتە. لەکۆتایدا بڕیاری تایبەتی خۆت بۆ گرنگیپێدان و پەرەسەندنی تواناکەت ئەبێتە هۆکاری

Scanned with CamScanner

سەرکەوتنت، یاخود شکستت، گرنگ نییە چەند لەدایکتەوە نزیک بیت، یان هاوڕێ نزیکەکەت تاچەند هاندەری خەونەکانتە، تاخۆت باوەڕت بەخەونەکانت نەبێت هەرگیز ئەوژیانەت نابێ کەخودا بۆیداناویت.

کاتێ بەڕاستی لەناو تواناکەتدا ئەژیت خۆت کاتی ئەوکارە ئەکەیت کەلەچارەنوستدایە خۆت هەستی پێئەکەیت کاتێ دەرفەتە گونجاوەکە دێتە سەرڕێگات، هیچ پێویست ناکات زۆری لێبکەیت، ئەمەوێت لەجیهانێکدا بژیت کاتێ کە ئیتر خەونەکەت پرسیارکردن نەبێت کە ئایا تۆکێیت؟ بەڵام وەڵامی هەموو ئەوشتانە بێت کەئەبێت ببێت.

ئەندێشەت هەبێت و گرنگیان پێبدەیت:

دورکەوتنەوەت لە لەناوچون و چونە ناوەوەی خاکی بەڵێن هیچ سودێکی نابێت، ئەگەر گرنگی بەمانەوەت نەدەیت، ئێمە وائەزانین ئەوشتانەی کەهانمان ئەدات لەشوێنێکی ترەوە دێن. بەڵام گەورەترین هاندەر لەناخی خۆماندایە تاکەجیاوازی لەنێوان کەسێکی سەرکەوتوو لەگەڵ کەسێکی سەرنەکەوتوو ئەوەیە کەسە سەرکەوتووەکە ئەزانێت تواناکەی چییەو چۆن گرنگی پێبات بەهەر نرخێک بێت، کاتێ من تواناکەم دۆزییەوە هەوڵدان بۆی تاکە ئامانجم دەبێت، دوای ئەوەی تیشکم خستە سەر شتە گرنگەکان، ئینجا تیشک ئەخەمە سەر بەڵێنەکەم، دەست دەکەم بەڕۆیشتن بەرەو ئاڕاستەی دروست.

پێویستە پابەندبین بەهەڵدانەوەی سەرقاپی خەونەکانمان، زۆربەی جیهان تەنیا ئەیانەوێت ئیشێکیان دەست کەوێت و کەسێکی تر دەوڵەمەندکەن، زۆربەی قوتابخانەکان و

بەرنامەکانی ڕاهێنان ئاڕاستەت ئەکەن بەرەو خزمەتکردنی کۆمپانیایەک بەبێ گوێدانە تۆ و خەونەکانت. بۆیە هەموو ڕۆژێک ئەوسەرقاپە هەڵبەرەوە کەلەسەر ژیانتە و بەجیهان بڵێ: "لەوانیە من ئێستا لەم بارودۆخەدابم نرخی کردارەکانم ئەدەم وهونەرەکەم نموونەیی ئەکەم، بەڵام خەونەکانم زۆر لەمە زیاترن».

کردارەکانی سەرکەوتن:

ئەو خەونە کامەیە کەهیچ سنورێک وێگرییەکی نییە؟ سنور بۆخەونەکانت دامەنێ تا کارەکانت بەرەو پێشدەچێت، بیر لەخێزانەکەت وپەیوەندییەکانت و بەخشینەکانت بۆ کۆمەڵگاکەت بکەرەوە، یان ماڵی باوەڕت. بیرکردنەوەکانت حازرن؟ ئێستا وەسفەکانت بنووسە بادەوڵەمەندبێت بەوردەکاری.

....
....
....
....
....
....
....
....
....
....
....
....
....
....
....
....

Scanned with CamScanner

چاپتەری پێنج
بۆ چ کارێک پارەت پێدەدرێت و خۆت بۆچ کارێک دروست کراویت:

زۆر بەڕونی ئەو ڕۆژەم بیرە کەبڕیاری گۆڕینی ژیانمدا، سێشەمە، مانگی هەشت، ساڵی(١٩٨٥) لە تاقگەی کایاهۆگا، ئۆهایۆ، بیست و حەوت ساڵ بووم هاوسەرگیریم کردبوو، تازەش دوو کچی دوانەی جوانم بووبوو، بیرمە

چەند بەپەرۆشبوم کەبوم بەباوک بۆیەکەمین جار و باری ئابوریمان هیچ باش نەبوو، لە خانوویەکی بچووکدا دەژیاین، بەئیشکردن و نوویسنی نوکتە بۆ (ئەی.جەی.جەمال) کۆمیدیەن ئەژیام، شەوێک لەگەڵ ئافرەتێکدا بەناوی (گلادیس جەیکەبس) بووم لەیانیەی کۆمیدییەکان، ئاگاداری کارەکەم بوو لەگەڵ ئەی جەی، پرسیاری کرد لێم باشە نووکتەکان بۆ بۆخۆت نانوست و هەفتەی داهاتوو ناچیتەسەر تەختی شانۆ؟ منیش ڕازیبووم.

مامەوە تا گلادیس بەرنامەکەی خۆی پیشکەش کرد، نۆ کۆمیدییەنی تر لەگەڵ گلادیسا چونە سەر شانۆ، بەشێکیان باش بوون، بەشێکیان خراپبوون، بەڵام ئەو کوڕەی لاسایی بۆلوینکڵ و پاپای کردەوە (کەهەردووکیان فلیم کارتۆنن) لەهەرهەموویان باشتربوو، پێشکەشکارەکە ناوی کۆتا کۆمیدیەنی هێنا، بەڵام نەهاتبوو، ئینجا وتی: بۆچی ناوی ئەوانە نەخوێنینەوە کەهەفتەی داهاتوو بەرنامە پێشکەس ئەکەن؟ ئەگەر (ستیڤ

هارڤی) لێرەیە بابفەرموێت بۆسەر شانۆ، منیش مەشغوڵی کارەکانی خۆم بووم و نانم ئەخوارد وپەرداخێک شەربەتی ترێم پێبوو، ووتم بە گلادیس سەیرکە کەسێکی لێیە هەمان ناوی منی هەیە!؟ لەوەڵامدا ووتی: گێژە خۆ لەگەڵ تۆیەتی بڕۆ دەی!

خێرا چوومە سەر شانۆ، ووتم: هەڵەیەک هەیە، تووشی شۆکبوبوم، ئەبوایە هەفتەی داهاتوو بەرنامە پێشکەش بکەم؟ جەماوەرەکە دەستیان کرد بەپێکەنین، وایانئەزانی گاڵتە ئەکەم، بەس گلادیس هەستی کرد خەریکە تێکی ئەیەم، یەکسەر ووتی: باسی چیرۆکی ڕۆژانی شەڕەبۆکسمان بۆبکە؟

دەستم کرد بەگێڕانەوەی چیرۆکی بۆکسبازی لەگەڵ یەکێک لەڕکابەرە بەهێزەکانم بە ناوی(بێرنارتەیلەر)،

ئیترباسی ئـەوەم بۆئەکردن کەچۆن وەکو کۆتر ئەهاتە نـاو مەیدانی شــەڕەوە، جەماوەکە قاقای پێکەنینیان لێئەدا، پێشکەشکارەکە ئیشارەتێکی بۆکردم کەتەواوی بکەم، بەس وامئەزانی ئەڵێت بەردەوام بە، بیر لەچیرۆکێکی تر بکەرەوە، باش هیچ بەمێشکمدا نەهات، ووتم: هەفتەی داهاتوو ئەتانبینیمەوە، دوایـی پێشکەشکارەکە هەموو بەشداربوەکانی کـۆکـردەوە چەپڵەیان بۆباشترین کۆمیدییەن لـێدا، منیش بـردمـەوەو خەڵاتەکە بڕی پەنجا دۆلار بوو!

بەیانی چومە سەر کارو ئەو پەنجا دۆلارە لەگیرفانمدا بوو، زۆریش بڕوام بەخۆمبوو، یەکسەر ڕۆیشتم بۆدوکانی کارت دروستکردن، بیست وپێنج دۆلارم پێدان، تا دووسەد کارتم بۆ چاپ بکەن، کەناووژمارە تەلەفۆن و وشەی کۆمیدییەنی لەسەر نووسرابوو، چاوەڕێمکرد تاتەواو ببوون، کەتەواو بوون یەکسەر

Scanned with CamScanner

کارتە تازە چاپکراوەکانم پشانی هاوڕێکەمدا، کەناوی ڕەسڵ بوو. ووتی: ئەوە دوێنێ شەو لەکوێبوویت؟ هەموو شوێنێک بەدواتدا گەڕام؟ پێم ووت کە پێشبڕکێیەکی کۆمیدیم بردەوە دوێنی شەو لەیانەکەدا. وتی: یانەی کۆمیدی؟ ڕێک ئەوشوێنەیە کەئەبێت تۆی تیابیت!

کارتەکانم پیشاندا پێمووت کەبیر لەوازهێنان لەم ئیشە ئەکەمەوە، ووتی: جا بۆ بیری لێئەکەیتەوە، یەکسەر بیکە، مێزەکەم کۆکردەوە، چووم بۆلای خاوەن کارەکەم، سەیرکە (تۆم) بەڕاستی سوپاست ئەکەم بۆئەم دەرفەتە، بەڵام من تازە خێزانم پێکەناوەو دوێنێ شەو زانیبوم کەئەمەوێت چی بکەم لەژیانمدا، ووتی: ئەوشتە چییە ستیڤ؟ ئیتر ڕووداوەکانی دوێنێ شەوم بۆگێڕایەوە و باسی بردنەوەکەم کرد لەپێشبڕکێیەکەدا، ووتم: ئیتر من کۆمیدیەنم، تۆم ڕاستەوخۆ سەیری ناوچاوی کردم، ووتی: تەنیا بەبردنەوەیەکی پێشبڕکێ خۆت بەکۆمیدییەن لەقەڵەم ئەدەیت؟

ستیڤ لەوکاتەوەی لەم ئۆفیسەیت یەک شتی پێکەنیناویت نەووتوە! ئەمویست پشانی بدەم من زۆر بەڕاستمە، یەکێک لەکارتی ئیشکردنەکانم دایەدەستی کەهێشتا گەرمبوو.

سەیرکە (ستیڤ)، تۆ جارێ گەنجیت، خێزانێکت هەیە تا بەخێویان بکەیت، دوای خەونێکی گەمژانە مەکەوە، ئێستا بڕۆرەوە سەرکارەت، هەر وادائەنێم کەئەمە ڕوینەداوە. قسەکانی تۆم کاری تێکردم و پەشیمان بوومەوە لەوازهێنان لەئیشەکەم، چومەوە سەرمێزەکەم دانیشتم. (ڕەسڵ)ی هاوڕێم ووتی: ئەوە خەریکی چیت؟

پێمووت کە(تۆم) لەسەر حەقە وقسەکانی ڕاستن لەسەر

ئەوەی من بەرپرسیارێتیم هەیە وئەبێت خێزانەکەم بەخێوکەم، ڕەسڵ ووتی: کەواتە تۆ ڕێگە بەکەسێکی تر ئەدەیت پێت بڵێت چۆن بژیت؟ (ستیڤ) من پرسیارێکت لێبکەم؟ ئایا تۆ ئەتەوێت ببیت بەپیاوێکی وەکو تۆم؟ نەخێر، ئایا ئەمە ئەوجۆرە سەیارەیەیە کەحەزت لێیەتی؟ نەخێر، جائیتر بۆ گوێ بۆ قسەکانی ڕائەگریت؟ ستیڤ تۆ قسەخۆشترین پیاوی کەمن بیناسم، بەڕاستی وابیر ئەکەمەوە کەتۆ لێرەبمێنیتەوە دەرفەتی خۆت لەدەست ئەدەیت و شتەکانت کۆبکەرەوە و بڕۆ. جارێکی تر چووم بۆلای تۆم، دووبارە پێم وتەوە کەچەند حەز ئەکەم ببم بەکۆمیدییەن، وەکو ئەوە سەیری کردم کەمن گەمژەترین پیاوی دنیابم .

باشە (ستیڤ)، ئەگەر لەو دەرگایە بڕۆیتە دەرەوە جارێکی کەئیشەکەت پێنادەمەوە، دووبارە سوپاسم کردەوە، لێی نزیک بومەوە تا تەوقەی لەگەڵدا بکەم، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە. ووتی تۆکارێکی هەڵە ئەکەیت بەهیوای بەختێکی باش، لە دەرگا چومە دەرەوە و جارێکی تر سەیری دواوەوەم نەکرد. جا تکایە نەکەی بەیانی واز لەئیشەکەو بێنیت، باپێت بڵێم کە سەرەتای ئیشکردنم وەکو کۆمیدیەنێک ئەموت قسەکانی تۆم هەمووی ڕاست دەرچوون، مانگی یەکەم١٢٥دۆلار و مانگی دووەم کەمترم پەیداکرد. بەڵام تەنیا بایی حەفتاوپێنج دۆلار کۆمیدی بووم، تا واملێهات خێزانەکەم و ماڵەکەشم لەدەستدا، وامزانی لەدەرەوە ئیشکەم باشترە، بەڵام خراپتربوو، بەزۆر پارە دەمایەوە تا بۆماڵەوەی بنێرمەوە. تەنانەت لە کاتی بێماڵ بوونمدا هەربێهیوا نەبووم، ئەمزانی ئەوشتە ئەکەم کە لەچارەنووسمدا نووسراوە، جارێ تیایدا سەرکەوتونیم، بەڵام من لەسەر ڕێگاکەم، لەو

کاتەوەی تەمەنم دەسال بووە، ئەمزانی توانای ئەوەم هەیە خەڵک بهێنمە پێکەنین، بەڵام نەمبەستبووەوە بە ئامرازی کۆمیدی بوون، تا نەگەیشتمە کۆتایی بیست ساڵیم، ئەمەوێت پارچەیەک زانیاریت پێبڵێم: تۆ توانای خۆتت هەیە! بەڵێ تۆش توانات هەیە! دروستکەرەکەمان بەهۆی ژیرییە بێکۆتاییەکەیەوە توانایەکی خستۆتە ناو هەمووگیانێک و تواناکەت تاکەو تایبەتە بەخۆت، کەس ناتوانێت لێت ببات، تۆ تاکە کەسیت کە ئەتوانی تواناکەت بەکاربێنیت، تۆ ئەو هێزەت هەیە تارێگە بدەیت تواناکەت بەکاربێنیت بۆ دەوڵەمەندکردنی ژیانت.

ستیڤ بەهرەکانی تۆچییە؟ بەهرەکەی تۆ ئەوشتەیە کەئەتوانیت بیکەیت بەباشترین شێوەوە و کەمترین هیلاکی. خولەکێک بوەستەو بیربکەرەوە لەوەی ووتم، ڕاستگۆبە لەکاتی ڕەچاوکردنی قسەکانم: تۆ توانایەکت هەیە، ئاگاداربە من نەمووت حەزت لەچییە و چیت ئەوێت، خەون بەچییەوە ئەبینیت، یان ئەوشتە چییە کەئەتوانیت بیکەیت بەباشترین شێوە، ئەگەر کەمترین هەوڵی بۆبدەیت؟ وابیرمەکەرەوە تواناکەت تەنیا وەرزشکردن و پێشکەشکردنی بەرنامەیە لەسەر شاشە، هەڵبژاردنی زۆر زیاترت لەبەردەمدایە. ئایا تۆ کێشەکان بەئاسانترین شێوە چارەسەردەکەیت؟ یان گوێگرێکی زۆر زیرەکیت، کەئەتوانی بیرو باوەڕی کەسانی تربگوازیتەوە؟ ئایا تۆ توانای ئەوەت هەیە کۆمەڵێک کەس بەیەکبگەیەنیت، دوایی ئەوان بتوانن بزنسێکی قازانج ویستانە پێکبهێنن وپەرەی پێبدەن؟ ئایا دەستاوت خۆشە؟ ئایا ناوبژیوانێکی باشیت؟ ئایا دەنگێکی ئارام کەرەوەت هەیە، کە بتوانی ڕۆحی کەسێک بەرزکەیتەوە؟ ئایا تۆ زۆرباشی لە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵدا؟

Scanned with CamScanner

ئەتوانیت وێنەبکێشیت یان بۆیاخبکەیت؟ حەزت لەدیزاینکردنی جل وبەرگ هەیە؟ ئایا ڕێکخستنی بوخچەیەک لەگوڵ دڵت خۆش ئەکات؟ ئەوشتە چییە کەخودا پێیبەخشیویت؟

ئەندێشەی توانا بەگشتی لەوانەیە قورس بێت، واڕاهاتوین زیاتر گرنگی بە ئیشەکەمان و نازناومان بدەین. تواناکەمان ئەوئیشە نییە کەهەمانەو وا ئەزانین لەئیشی هەموان باشترە. چەندەها هاوڕێم هەیە کەملیونەها دۆلار پەیدائەکەن، بەڵام زۆر ڕقم لەوکردارەیە، چونکە ئەوان زیرەکی خۆیان بەکارهێناوە لەجیاتی ئەوەی تواناکەیان بەکابێنن، کاتێ زانیت تواناکەت چییە هەڵەمەکە بەهەڵبژاردنی پیشەیەکی جیاواز. زۆربەتان لەوانەیە نەتوانن تواناکەتان دیاری بکەن، چونکە ئەیبەستنەوە بەئیشێکەوە. من بەتەواوەتی لەمە تێئەگەم، ئەزانم ئەمە بەتایبەتی ڕاستە بۆپیاوان، چونکە کەسایەتیمان پابەندە بەو ئیشەوە کەئەیکەین یان ناونیشانی کارتی ئیشکردنمان.

بەڵام ئیشەکەت تواناکەت نییە، ئەتوانێت یەکێک بێت لەوشوێنانەی کەئەتوانیت تواناکەتی تیادا بەکاربهێنیت. واباشترە تواناکەت بەکاربهێنیت لەپەیوەندییەکانتدا، لەکۆمەڵگاکەتدا، بەدرێژایی هەموو بوارەکانی ژیانت. تواناکەت شتێکە کە پەیوەستە پێتەوە، جا تۆ کاربکەیت یان لەپشوودا بیت، جا لەگەڵ خێزانەکەت بیت یان بەتەنیابیت. کەس ناتوانێت تواناکەت ببات، بە بۆنەی ئەوەی ئەو کۆمپانیایەی ئیشی تیادەکەیت ژمارەی کارمەندەکانی کەم دەکاتەوە، یاخود پێت ببەخشرێت بەبۆنەی ئەوەی کەسێک وەسفی کارێک دەکات، تواناکەت بونی هەیە چونکە تۆ بونت هەیە.

فێربوم کەهیچ ئیشێک ناتوانێت من بچوکبکاتەوە، تواناکەی

Scanned with CamScanner

من و تواناکەی تۆ گەورەترن لەئیشێک. ئەوەندە سەرقاڵ بوم بەبەدەستهێنانی دەرفەتێک نەمئەزانی تواناکەم پەیوەندی بەکۆمیدیای سەرشانۆوە نیە. توانیم ئەوئیشە تێبپەڕێنم کەوامئەزانی تواناکەمەو خۆمی تیادا ئەدۆزمەوە و شوێن بۆ کارەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و فیلم وتەنانەت کتێب بدۆزمەوە. ئەوە بزانە کاتێ من بەرنامەی ڕادیۆیی ئەکەم، ئەوا خەڵک ئەخەمە پێکەنین، کاتێ بەرنامەی تەلەفزیۆنی ئەکەم ئەوا خەڵک ئەخەمە پێکەنین، کاتێ (بەرنامەی ناکۆکی خێزانەکان) پێشکەش ئەکەم ئەوا خەڵک ئەخەمە پێکەنین، تواناکەم هەمیشە لەگەڵمدایە، بەکاریشی دەهێنم بۆزیادکردنی سەرکەوتنەکانم . ئەگەر تۆ شۆفێربیت نامەوێت خۆت سەرقاڵ بکەیت بەوەی بڵێیت من سەیارە باش لێدەخورم و یا من شۆفێری بۆ کۆمپانیایەک ئەکەم، نەخێر تواناکەت لێخوڕینی سەیارەیە، بەڵام ئامرازی دروست بۆتواناکەت لەوانەیە شۆفێریی نەبێت بۆکۆمپانیایەک، ئەکەوێتەوە سەر ئەوەی زۆرترین ئەنجامی هەبێت. ئەتوانیت ببیت بەباشترین شۆفێر لەهەر بارودۆخێکدا بێت، ئەگەر بەڕاستی شۆفێری خولیاتبێت، ئەو هێزەت ئەبێت بۆئەوەی زۆر سەرکەوتووبیت لەگەڵ توانای شۆفێریکردنت. گرنتی ئەوەت ئەیەمێ کەئەگەر ڕۆژانە تۆ خۆت سەیارە لێبخوڕیت زۆر چێژبەخشتر ئەبێت لەوەی کەسێکی کە شۆفێریت بۆبکات. یاخود لەوانەیە ئامرازی خولیاکەت دابین کردنی ڕێگاکانی گواستنەوەبێت بۆکڵێساکەت، یاخود ئەندامە بەتەمەنەکانی کۆمەڵگاکەت. سەیرکە مەرج نییە خولیاکەت ببێت بەپیشەکەت، لەوانەیە بتوانی بە شێوازێکی خۆبەخشیانە بیکەیت تا خزمەت بەکۆمەڵگاکەت بکەیت.

ئەگەر خزمەتکردن خۆشیت پێئەبەخشێت، کەواتە تۆ پاداشتت دراوەتەوە بەو خۆشیەی کەپێت ئەبەخشێت. لەوانەیە خولیاکەت بۆخزمەتکردن بێت، لەهەموو ژیانتدا خەڵک پێی وتویت تاکە شوێن تواناکەت تیایدا مانادار دەبێت کڵێسایەکە، یان سێکتەرێکی قازانج نەویستە. باشە لەوانەیە ئەوە ئەو شوێنەبێت کەتۆ تیایدا کامەران دەبیت وهەست ئەکەیت سودبەخش ئەبیت. پیشەسازییەکی گەورەی خزمەتکردن هەیە، ناتوانم چەند خزمەتکار تێدەکۆشن تامن لە ئوتێلەکان و ڕێستۆرانەکان وسپاکان وشوێنی بۆنەکان ئاسودەبم . لەوانەیە ڕۆژێک تۆ ببیتە خاوەنی ئوتێلێکی خۆت و ببیت بە بەڕێوبەری گشتی گەورەترین ڕێستۆرانی شارەکەت. تەنیا پێویستیت بەهێزی خزمەتکردنە تا ژیانی خەڵکی خۆشتر بکەیت.

تواناکەت چی نییە:

جۆش و خرۆش هەستێکی بەهێزە، پەیوەندی بە شتێکەوە هەیە کەتۆ ئەیکەیت. جۆش و خرۆش هەستەکەیە، بەڵام هەرگیز تواناکەت نییە، زۆربەی کەس هیچ جۆش و خرۆشێکی نییە بۆ تواناکەی، چونکە جارێ بەرجەستەیان نەکردووە، ئەمەوێت جۆش و خرۆشت بۆ تواناکەت هەبێت، تا فێر ئەبیت دانی پێدابنێیت و نمونەی بکەیت، بەڵام ئەو جۆش و خرۆشەی بۆشتێکی تر هەتە وامەزانە تواناکەتە. لەکۆتایدا تواناکەت هێزەکەت نییە، لەڕاستیدا ئەوشتانەی باش ئەیانکەین ئەبنە ڕێگر لەبەردەم ئەوشتانەی زۆر باشتر ئەیانکەین. من هێزی کەسەکان بەکەمتر ئەبینم لەچاو خولیاکانیان. ئەتوانین فێری بەهرەکان بین، بەڵام تواناکان ناوەکین و لەناخەوە هەڵئەقوڵێن.

Scanned with CamScanner

هیچ کەسێک ناتوانێ تواناکەت بخوێنێتەوە و دوایش بەقەدەر تۆ لێی بزانێت، هەرچۆنێک بێت بەهرەکەت وەکو ڕاهێنانێک وایە بۆ تواناکەت، بەهرەکانت بەکاربهێنە، بەڵام ئەوە بزانە کەتواناکەت ئەبێتە هۆکاری هەبوونت لەنێوان کەسە مەزنەکان. دوای ئەوەی تواناکەت ئەناسیت و بڕیار ئەدەیت بەکاری بهێنیت، تواناکەت بەرەو تەواوکردنی مەبەست وئامانجی ژیانت ئەتبات، پێشکەشدەکرێت پێش ئەوەی ببێت بە دەرفەتێکی قەشەنگ، تا ژیانێکی پڕ لەسەرمایەت هەبێت. سەرکەوتنەکەت ئەبەسترێتەوە بەو بەهرەیەوە کەلەیەکەم ڕۆژی لەدایک بوونتەوە پێت بەخشراوە. تواناکەت هەموو شتە نادیارەکانی ژیانت دەردەخات. ئامانجەکەت و مەبەستەکەت وچارەنوست بەستراونەتەوە بە تواناکەتەوە، گرنتی ئەوەت ئەدەمێ کە ژیانت مانایەک و ئاڕاستەیەکی نوێی دەبێت وکاتێ تواناکەت ئەناسیتەوە و بڕیارئەدەیت لەسەر ئەوەی کەبە بەهاترین شێوە بەکارییبهێنیت. خولەکێک لەکاتی خۆت بگرەو وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە تا تواناکەت بدۆزیتەوە.

Scanned with CamScanner

کردارەکانی سەرکەوتن:

١.ئەوشتە چییە کە بەباشترین شێوە ئەیکەیت بە کەمتریت هیلاکی؟

....

٢.ئەو توانایە چیە کەخەڵک ئەیبەستێت بەتۆوە؟ بۆچی؟

....

٣.ئەگەر دوای ئامۆژگارییەکانی ئەوکەسانە بکەویت، چۆن لەتواناکەت سود وەردەگریت؟

....

Scanned with CamScanner

چاپتەری شەش
زانینی تواناکەت و بەکارهێنانی لەئامانجی دروستدا:

بەڕاستی(ستیڤ جۆبس)یەکێک بوو لەمەزنترین داهێنەرەکانی ئەمریکا لەماوەی ئەم ٣٠ ساڵەدا، مامۆستای دروستکردنی ئەو تەکنەلۆجیایە بوو کەتائەو پیشانی نەدایتایە چۆن ژیانت ئەگۆڕێت، نەتئەزانی کەپێویستت پێیانە، هەموو کاتێ کەئەچیتە ناویەکێک لەدوکانەکانی ئەپڵەوە ویەکێک لە ئامێرەکانی ئەکڕیت، کەمێک لەو جادوەی ستیڤ جۆبس بەرجەستە ئەکەیت. ستیڤ جۆبس توانایەکی هەبوو بۆبینینی تەکنەلۆجیا، بەشێوازێک کەبۆتە هۆکاری گۆڕینی ئەم ژیانەی ئیستامان. بەشێکتان تەنانەت ئالودەی ئایفۆنەکانتان و ئایپادەکانتان بوون.

هەردوو هێزی نوێکردنەوە و گۆڕینی تەکنەلۆجیا، توانای ستیڤ جۆبس بوە، لەگەڵ ئەومۆرکەی بەجێی هێشت لەسەر جیهان، بەتێکەڵکردنی تواناکەت و کارزانیت بەیەک، دەڵێم مۆرکی تواناکەت. هەروەکو مۆرکی بازرگانی، مۆرکی تواناکەت مۆرێکە کەبەجێی دەهێڵیت لەسەر جیهان، کاتێ کارزانیت و بەهرەکانت بەزۆرترین هێزەوە بەکاردێنیت، کاتێ سندوقێک ئەکڕیت لۆگۆی ئەپڵی پێوەبێت هیچ گومانێک لەوە ناکەیت کەلەناویایەتی، یان کاتێ لەپشتی سوکانی سەیارەیەکەوە دائەنیشیت نیشانەیەکی

ب .م .دەبلیوی پێوەیە. مۆرکی تواناکەت ئەبێت ئەوشتەبێت کەخەڵکی ئومێدی پێدەکات کاتێ داوات لێئەکەن ببیت بەبەشێکی تیمەکەیان. مۆرکی تواناکەت ئەو تامەیە کەزیادی دەکەیت بۆتواناکەت، پیشانی جیهانی دەدەیت کە خاسیەتەکانی تۆی تیایە، کاتێ لەسەرمێزێک دادەنیشیت خەڵک ئەزانن کە تواناکەت بەوشێوازە وەردەگرن کەتۆ دەیبەخشیت.

ئەگەر تۆ ڕێکخەری بۆنە بیت، کەسێک کەدێت بۆ یەکێک لە کۆبونەوەکانی تۆ، ئەبێت مۆری تواناکەت ببینێت لە شێوازی ڕێکخستنی مێزەکە، یا تیشکبداتەوە لەڕوناکی ژورەکە. ئەگەر تۆ ڕاهێنەرێکی ژیان بیت، کەسێک ئەبێت ئەو گۆڕانکارییە ناوازانە ببینێت لەژیانی کارو تایبەتی بریکارەکانت، کە تیشکدانەوەی هێزی تایبەتی تۆیە. مۆرکی تواناکەت ئەو شتەیە کەجیات ئەکاتەوە لەکەسانی چواردەورت.

ئەتوانیت دوو سەرتاشت هەبێت کە بزانن جوان قژی موشتەری چاک بکەن، بەڵام جیاوازی لەنێوان ئەو سەرتاشەی کە موشتەرییەکانی سەرەیان بۆ گرتوە، لەگەڵ ئەو سەرتاشەی کەس نایەت بۆلای، توانای سەرتاشە باشەکە لەوانەیە تەنیا پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ موشتەرییەکانی هەبێت، یاخود لەبیری بێت کەپێستی سەری کوڕی یەکێک لەموشتەرییەکان هەستیارە، کاتێک کەتواناکەت دەردەخەیت ئەو بەرکەوتنە دیاریکراوە ئەدۆزیتەوە کەوا لەبەهرەکانت ئەکات دەربکەون و بدرەوشێنەوە، چی ئەکەیت لەتواناکەت کەوتوەتەوە سەر خۆت، من پێشنیاری ئەوە ئەکەم کەتواناکانت کۆبکەیتەوە تا لەگەڵ هەموو جیهاندا بەشداری پێبکەیت بەچەن شێوازێکی جیاواز، هەرگیز درەنگ نیە تا تواناکانت لە ئامێز بگریت،

Scanned with CamScanner

هەستم بەوە کردوە کەزۆربەی خەڵک، تەنانەت تۆش چەند هەنگاوێک دوریت لەدەستپێکردنی ئەگەری هەیە ببێت بە چی، لەجیاتی ئەوەی ئەتوانێت چی بێت. دوای ئەوەی بەهرەکەت دیاریکرد، پێویست ئەکات سەیری چواردەورت بکەیت و ئامرازی دروست بۆ بەهرەکەت بدۆزیتەوە، ئامرازە دروستەکە ئەبێتە هۆکاری ڕێنیشاندەری گەشتەکەت، ئامۆژگاریت دەکات بۆ چونەناو داهاتووتەوە، کاتێک دەست دەکەیت بەگەڕان بۆ دەرچەیەکی دروست، بۆ خەونەکانت، ئەزانی کە ئەوان هەموو کاتێک لەچواردەورتن، ئەو کەسانەی کەئێستا سەرکەوتوون ئامرازی دروست بەکاردەهێنن بۆ ئەمڕۆ، تا بەرەو داهاتوویەکی پرشنگدارتر بەرێت .

ڕێگاکانی ئەمڕۆت:

ئەوەی کە زۆرم بەدڵ بوە دەربارەی سوپرایزە دیجتاڵەکەی بیونسەی، مۆسیقاکە نەبوو. بەڵکو ئەوەم بەدڵ بوو کە هەموانی توشی شۆککرد، کە بڕیاریدا واز لەهەموو مارکێتینە دووبارەکان و ڕیکلامەکان بێنێت، زۆرم بەدڵ بوو کە پڕبوو لەوێنەکانی بیونسەی بەمناڵی و ئەو ڕێگایانەی کە گرتبویەبەر، تابێت بە گۆرانی بێژێکی زۆر بە ناوبانگ، کلیپێکی هەیە لە گوروپێکدا بەناوی کاتی کچان (گیلزتایم)، لە پێشبڕکێیەکدا دۆڕاندیان بەرامبەر گوروپێکی کوڕ، کە کەس گوێی لە ناویان نەبوبوو. لەم کاتەی ئێستادا کاتێک ئەستێرەکان و کەسە بەناوبانگەکانی بزنس، تەنانەت وەرزشەوانەکانیش بانگەشە بۆ ئەوە ئەکەن کەبەشەوێک بون بەکەسێکی بەناوبانگ، ئەمە خەڵکی هەڵدەخڵەتێنێت، یەکسەر [illegible] بلکێن بەئامرازێکی

Scanned with CamScanner

ملیۆن دولاریەوە، زۆربەی کەس گوێی لە گیلزتایم نەبوە، بەلام ئەمە یەکێک بوە لەو ڕێگایانەی بیونسەی بەکاریهێناوە پێش دێستنیس چایلد و پێش شاسەفیرس و مستەر کارتر، بیونسەی ئەوەی کە لەبەردەمیا بوە لەوکاتەدا بەکاریهێناوە، تا بگات بە دەرفەتەکانی ژیانی، پێویست ناکات کەبچەقیت لە گەشتەکەتدا، لەرێی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەو ئامرازەی کە هەموو ڕێگاکەت بۆ ئەبڕێت و ئەتگەیەنێت بە کۆتا جێی مەبەستت، یەکەم ئامراز کەپابەندی ئەکەیت بەخۆتەوە، لەوانەیە ئەوە نەبێت کەگەشتەکەت تەواو ئەکات، تەنیا خۆت پابەند بکە بەئامرازێکەوە، کەڕزگارت بکات لە چەقبەستویی ژیان، وەکو ئەوە بیری لێبکەرەوە کەتۆ گەشت ئەکەیت و لەناو پاسێکی لە شوێنێکی بۆ شوێنێکی تر ئەڕۆیت، زۆربەی کات پێویستت بەهۆکارێکی گواستنەوەیە، تا گەشتەکەت تەواو بکەیت، دوای ئەمەش بەرەو هۆکاری گواستنەوەی تر ئەڕۆیت، ئەمەش ئەتگەیەنێت بە دووەم ئامراز. من بەهرەکانم نەلکاندبوو بەرێگەی بونم بە کۆمیدین، من نزیکەی سی ساڵ بووم یەکەم هەوڵدانم بەجدی شەوێک بوو لە یانەیەکی کۆمیدیا، دووەم کورتە گەشتم بەرنامەیەکی کۆمیدیا بوو کەبە ٢٥ دۆلار ئەمکرد، بەدڵنیاییەوە نەئەگەشتمە ئەم ئاستەی ئێستام، بەلام سەرەتایەک بوو گواستنەوەکە ئەو کاتە ڕویدا کەبەرنامەیەکم هەبوو کە لەهەفتەیەکدا ٣٥٠دۆلار بۆ ٧٥٠ دۆلارم دەست ئەکەوت، دووەم بەرنامەم کەئەمکرد لەهەر یانەیەکی بچوکدا پێشکەشم بکردایە، بەم پارەیە ١٥٠٠دۆلار، بەلام لە یانە گەورەکاندا ٦٠٠٠دۆلار، گەشتەکەی ترم گەیاندمی بەشێوازێکی ژیان، کە لەشەوێکدا ٢٥٠٠٠ دۆلارم دەست ئەکەوت. گەشتە تازەکەم کردمی بەپێشکەشکاری بەرنامەی

شۆتایم لە شانۆی ئەپۆلۆدا، لێرەوە ئەم پرۆژەیە ناساندمی بەتەلەفزیۆنی نەتەوەیی، دوایش گەیاندمی بە بەرنامەیەک من و کورەکەم، لەم بەرنامەشەوە بەرنامەی ترم کرد، بەناوی ستیڤ هارفی شۆ، دوایی بوم بەیەکێک لە بەشداربوەکانی گەشتی پاشاکانی کۆمیدیا، ئەو سەکۆیە هانی دام تا بچمە ناو ئەو بەرگەهەواییەی کەلەسەرەتادا ئەمەویست تیایدابم، ئەویش بونم بوو بە یەکێک لە هەرە کۆمیدییە سەرکەوتوەکانی وڵات. ئایا تۆ زۆر مەشغوڵیت بەگەڕان بەدوای ئەو ئامڕازە گرانبەهایەدا کە بودجەی تواناکانت ناتوانێت بیانکڕێت؟ ئەمەوێت کراوە بیت بۆ پابەند بونت بەو ئامڕازەی کەگونجاوە بۆ ئاستی تواناکەت، لە ئێستادا ئەتوانیت بتگوازیتەوە بۆ ئاستێکی تر، واتای ئەمەش ئەوەیە کە ئەبێت ئێستا دەستپێبکەین، لەو شوێنەی کە تیایدایت، لەو شوێنەی ئەتوانیت ئێستا دەستبکەیت بەگەشتەکەت؟ ئەو هەنگاوە سادانە چین لەگەڵ ئەو ئامڕازانە چین کەئەتوانیت خۆتیان پێوە ببەستیتەوە؟ بابڵێین کەتۆ کەسێکی لەئارایشتگا کاردەکەیت، ئایا ئەتوانیت لەچێشخانەدا قژ ببڕیت؟ ئایا ئەتوانیت ئێشەکانت باشتر بکەیت و ئارایشتگایەک بەکرێ بگریت؟ ئایا ئامادەیت مۆڵەتی ئارایشت وەربگریت؟ ئایا ئامادەیت بچیتە دەورەیەکی فێرکاریەوە؟ هەرگیز لەوە مەترسە کەخۆت بخەیتە بارودۆخێکی کەمترەوە تا لەکەسێکەوە فێربیت، هیچ کەسێک ناتوانێت فێرت بکات، کەسێک نەبێت بەو بارودۆخەی تۆدا تێپەڕبوبێت. تۆ فیدڵ ساسن نیت (کە کەسێکی بەناوبانگە لە بواری ئارایشتگادا) بەڵام تۆ لەسەر ڕێگاکەتیت، بەردەوامبە لەکارکردن، هەوڵ بدە تاکورسیەکی باشتر لەئارایشتگەیەکی باشتر بەدەستبهێنیت، ئارایشتگەیەکی گەورەتر بکرە بەشەریک

لەگەڵ کوڕێک، یاخود کچێکدا ئارایشتگەیەکی بچوک دابنێ، کۆمەڵێک کورسی دابنێ، دەستبکە بەکرێدانی بەشەکانی سالۆنەکە، هەر وەکو باوکم ئەیوت: ئینچ بە ئینچ هەموو شتێک پشتێنێکی زینە. ئەگەر تۆ شۆفێرێکی بارهەڵگربیت، خەون بە هەبوونی کەشتی گەلێک لەبارهەڵگر ببینیت، نابێت چاوەڕێی ئەوە بکەیت کەسێک بێت پارەت بداتێ تابیکڕیت، لەسەرەتاوە پێویست ئەکات مۆڵەتی شۆفێری بازرگانیت هەبێت، دوای ئەوەی مۆڵەتەکەت وەرگرت ئەتوانیت دەستبکەیت بەشۆفێری لەئاستێکی ناوخۆییدا، ئینجا ئەتوانیت بچیتە ئاستی نێودەوڵەتی. کاتێک دەست دەکەیت بە کۆکردنەوەی پارەکەت، ئەتوانیت یەکەم بارهەڵگر بکڕیت، دوایی بناسرێت بەوەی شتەکان لەکاتی خۆیدا ئەگەیەنیت، ئەبێت بارهەڵگرێکی تر بکڕیت و بیر لەدامەزراندنی شۆفێرێکی تر بکەیتەوە، خەونەکەت لەسەر ڕێگەی خۆیەتی، هەر وردە وردە بەردەوامبە، لەماوەیەکی کەمدا ١٠ بارهەڵگری تۆ لەسەر جادەکانن وخەونی هەبونی کەشتی گەلێک لە بارهەڵگر هاتۆتەدی. ئەگەر خەون بەوەوە ئەبینیت ببیت بە شێفێک، سەرەتا خواردن بۆ خێزانەکەت لێبنێ، قسە لەگەڵ ئەو کەسانە بکە کەبەتەمای بۆنەیەکی خێزانین، پارەی ئەوەیان پێ نیە کەکەسێک بێنن نانیان بۆ دروستبکات، بەخۆبەخشی خوانەکەیان بۆ لێبنێ، یاخود پرۆگرامێکی خواردن دروستکردن لەقوتابخانەیەکی ناوەندی نزیک لە خۆتانەوە دابنێ، کێ نازانێت لەوانەیە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بێت و بەرنامەیەکت لەگەڵ بکات، ئەم دەرکەوتنەشت ببێتە هۆی باشترین دەرفەتی ناساندنت بەجیهان، ئەو کەسە چاک ئەناسم کەگوڵەکان ڕێکدەخات بۆ ئوتێلی فۆڕسیزن لەهەموو جیهاندا. خۆ ئەو هەر لەسەرەتای

Scanned with CamScanner

پیشەکەیدا گەشتی لەنیویۆرکەوە بۆ پاریس و دوبەی نەکردوە تا بەهرەکەی بڵاوبکاتەوە، سەرەتا لەئوتێلە بچووکەکانەوە دەستی پێکردوە، دڵنیاشبە ئەو توانایەیان بەرز نەڕەخساندوە و ڕێزیان لێنەگرتوە، بەڵام ڕێگەی بە بێ سیفەتیەکەی ئەوان نەیابوو تا بیوەستێنن لەکردنی ئەوکارەی بۆی لەدایک بووە. هەرزو کەسێک یەکێک لەبەرهەمەکانی بینی و دەرفەتی کارکردنی پێدا لە ئوتێلی فۆرسیزن، ئێستا گوڵەکانی خەڵاتی گرامیش و بەنامەکی کوین لەتیفە ڕێکدەخات، تەنیا لەبەرئەوەی دەنگت خۆشە نابێت بڵێیت ئەمەوێت وەکو ویتنی هیوستن و ماریاکاری بەناوبانگ بم، تەنیا لەبەرئەوەی قسەکانت خۆشە مەرج نیە ببیت بە کۆمیدیەنی سەر تەختی شانۆ. ئەگەر سەیری دۆکیومێنتۆری براوەکانی خەڵاتی ئەکادمیت کردبێت (٢٠پێ لەژێر بەناوبانگبوونەوە) بۆت ڕون ئەبێتەوە، خۆشترین دەنگەکانی ئەم سەردەمە لەپشتەوەی گۆرانیبێژە سەرەکیەکە بەکۆرس گۆرانی دەڵێن، یا کۆمیدیەنە زۆر سەرکەوتوەکان هەمیشە لەسەر شاشەنین، بەڵکو زۆربەیان بەپارە نوکتە بۆ کۆمیدیەنە بەناوبانگەکان ئەنوسن. تواناکەت لەوانەیە فێرکردن بێت، بەڵام کەسەیر ئەکەیت مامۆستاکان ئەوپارەیان پێنادرێت کەشایەنیانە، تۆش وازی لێدێنیت، بەڵام کێ وتی هەرئەبێت مامۆستای قوتابخانەیەک بیت. لیسا نیکۆڵس کە قسکەرێکی هاندەرە مامۆستاشە، بلیتی هەموو کۆرەکانی هەمیشە ئەفرۆشرێت. تۆنی ڕۆبنس ئەمیش هەرمامۆستایە، کەسیشتان بەشێکی مەعاشەکەی ڕەت ناکەنەوە، چونکە زۆر زۆرە. دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست بۆ بەهرەکەت ئەبێتە گۆڕینی تواناکەت لە خەونێکەوە بۆڕاستی. هەردوکیان لیسا و تۆم زانیویانە کە ئەبێت خۆیان ڕێگایەک بۆخۆیان دروست بکەن.

Scanned with CamScanner

نەک کەسانی چواردەوریان، لاسای نەوەی دوای خۆیان نەکەنەوە.

باهۆکاری گواستنەوەکەت کارەکان بەڕێوەببات:

هۆکاری گواستنەوەکەت تەنیا ئیشی گواستنەوەت نییە بۆ ئاستی دوەمی سەرکەوتن، ئەبێت بایەخ بەتواناکانیشت بدات، ئەبێت یارمەتیت بدات تا تواناکەت نمونەیی بکەیت، بەواتای ئەوەی ئەبێت زۆر سوربیت لەسەر فێربونی بەڕێوەبردنی کارەکانت، ئارام بگریت تا ناوازەبیت لەئێستادا، ئینجا بەرزبیتەوە بۆئاستێکی کە، تواناکەت نمونەیی بکەو هەموو هەڵەکان لەناو لیمۆکەیا بکە، پێش ئەوەی بیکەیت بەشەربەت.

زیاتر لە دایک و باوکت هەوڵبە:

باوکم زۆر حەزی لەسەیارە بوو، سەیارەیەکی جۆری مێرکری سالانی پەنجاکان، دانەکی وودی سالانی ٦٣ هەبوو، لەگەڵ سەیارەکی گەورەی دروستکراو لە ساڵی ٦٨، کەدوای بوو بەهی بەمن لەساڵی١٩٧٧، نەمدەویست تەنیا یەک هۆکاری گواستنەوەم هەبێت، ئەبێت ئەوە بزانی هۆکاری گواستنەوەکەت بۆئەوەی بتبات بۆئاستێکی تر لەژیانت، نەک هەموو ژیانت بۆبرەخسێنێت، زۆر کەسی زیرەک و کارامەم بینیوە لەژیانیاندا بەرەو پێش نەچوون، ئەگەر هەستت بەوە کردبێت کەتۆ خۆت زۆر هیلاک ئەکەیت و کەسێکی زیرەکیشیت، ڕوونە کەچیت ئەوێت، بەلام ڕۆژبەڕۆژ کەمتر بەرەو پێش ئەچیت، ئەوا کاتی گۆڕانە.. کاتی ئەوە هاتوە ڕۆڵێکی ترببینیت، بچیتە ناو

ڕێکخراوێکی ترەوە، یادەست بەکارێکی نوێ بکەیت، سەیرکە ئەگەر تۆ پابەندبیت بەتواناکەتەوە، پەرەی پێدەدەیت و نمونەیی ئەکەیت، ئەوا ئاگاداری ئەو کاتە ئەبیت کەتواناکەت بەهێزتر ئەبێت لە ڕێگاکانت.

لەوە مەترسە کەتاقیبکرێیتەوە:

ئێستا ئەبێت ئەورێگایانە بەکاربێنیت کەبەردەستن، تا تواناکەت نموونەیی بکەیت، کاتێ ئەوەیە ئەورێگایە هەڵبژێریت کەئەتگەیەنێت بە ئاستە بەرزەکانی ژیانت، بازیاتر بیربکەینەوە، ئامرازەکانی باشکردنی تواناکەت ئیشێکی دە کاتژمێری نییە، ئەبێت کات تەرخان بکەیت تا شتە جیاوازەکان تاقیبکەیتەوە. لەهەڵبژاردنی شتەنامۆکان مەترسە، هۆکاری گواستنەوەکەت ئەتوانێت بە قەدەر تواناکەت تایبەت بێت. کاتێ دەستم بەکاری کۆمیدیا کرد لەساڵانی هەشتاکان، باوەڕم نەئەکرد ئەگەر پێت بووتمایە ئەوهەموو هەلەم ئەبێت لەداهاتودا کەبەرنامەیەکی ڕادیۆیی وبەرنامەیەکی ڕۆژانـەی تەلەفزیۆن، پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی بەناوبانگی یـاری و نووسینی کتێبی سێیەمم لەئێستایە. نابێت بترسێن لەتاقیکردنەوەی سەیارەیەک کەپارەی کڕینمان پێنیە، تەنانەت هەندێک کەس حەزناکەن بچنە ناوسەیارەیەکی گرانبەهاوە، چونکە ئەڵێت خۆناتوانین بیکڕین ئیتر بۆ تاقیکەینەوە. لەوانەیە زۆر بەخێرایی دەرفەتێک ڕەت بکەینەوە چۆنە ئیشکردن تیایدا و هیلاکی زۆری ئەوێت و دورمان ئەخاتەوە لە کات بەسەربردن لە گەڵ خێزانەکەمان. ڕاستە لەوانیە لەسەرەتادا هیلاکی زۆری بوێت، بەڵام ئەگەر تۆ تواناکەت بخەیتە گەڕ و خۆت ماندوو بکەیت ئەو ئەوگەشتەی ژیانیش تێئەپەڕێنیت.

لەڕەنگی زەردا جێگیرمەبە:

چەند زانینی ئەو ڕێگایەی بۆ تواناکەت گونجاوە گرنگە، ئەوەنەش گرنگە بزانیت ئەو دەرفەتانە چیە کەنابێ تاقییان بکەینەوە، تەنیا لەبەرئەوەی چێشتلێنەرێکی بەتوانایت، شەرت نییە یەکسەر بچیت ڕێستۆرانتێک بکەیتەوە، لەوانەیە باشترین شت بۆتۆ پێشکەشکردنی خواردن بێت لەبۆنە تایبەتییەکاندا. ئەگەر ڕاهێنەرێکی باشی یاری تۆپی باسکە، باشترین شت ئەوەیە ببیت بەڕاهێنەری قوتابخانەیەکی ناوەندی، نەک هەوڵ بۆ ڕاهێنانی یاریزانە پڕۆفیشناڵەکانی NBA)) بدەیت. من کۆتا کەسم کەحەزی کەسێک نەهێڵم بۆبوونی بە بەڵێندەر، بەڵام ئەمەوێت باش بیر لەکاری بەڵێندەرایەت بکەیتەوە، پێش ئەوەی واژوو بکەیت، ئەمە کارێکی ئاسایی دە کاتژمێری نییە، پێویستی بە قوربانیدانی زۆر زیاترەو ئەبێت تیمێکی چالاکت هەبێت، لەوانەیە هەندێک سەرچاوە پێویستیان بە خەرجی زۆربێت، کە لە ئێستادا ئەو توانایەت نەبێت، یان لەوانەیە تۆ کەسێک بیت حەزت بەکاتی زیاتربێت بۆخۆت بۆ خێزانەکەت و کەمتر لە ئیشدا بمێنیتەوە، ناتوانیت باوەڕ بەهەموو کەسێک بکەیت، لەم جۆرە کارانەدا. ئەزانی چی بەو کەسە ئەڵێن کە لەناو تەیارەیەکەو نایەوێت بۆهیچ شوێنێک بڕوات؟ ڕفێنەری تەیارە .

هیچ شەرمێک لەوەدانییە کەتۆ یەکێک بیت لەوانەی بەلەمە بچووکەکە ئەجوڵێنن، چاویشت لەسەر هەبوونی یەختێکە. کات بڕەخسێنە تاپەیوەندیت هەبێت لەگەڵ ئەوکەسانەی لەوبوارەدا ئیش ئەکەن، ئەوە یەکلایی بکەرەوە کەچی تێئەچێت، ئەگەر ببیت بەخاوەنکاری خۆت، چەند قوربانی دان بەکاتەکانت و پارەکانت

و هێزەکانتی ئەوێت.

کردارەکانی سەرکەوتن:
هەڵبژاردنی هۆکارە دروستەکانی گواستنەوە:

ئەم پرسیارانە لەخۆت بکە، تا هۆکاری دروستی گواستنەوەی خۆت و تواناکەت بدۆزیتەوە .

١.کۆتا جێ مەبەستت کوێیە؟ زۆرگرنگە هەمیشە بزانیت کۆتا ئامانجی ژیانت چییە .

....
....
....
....
....

٢. وێستگەی دووەمت کوێیە؟ ئامانجی تازەت چییە؟ ئایا وەرگرتنی پلەیەکی بەرزترە لەپیشەکەت؟ ئایا پێکەوەنانی خێزانێکە؟ سەیرکە ئەمە پرسیارە جەوهەرییەکیە. لەبەر ئەوەی دەرفەت بۆ (ڕۆبیرت) کە سی ساڵە سینگڵە ئەیەوێت هاوسەرگیری بکات ئیشێکی ئەوێت کاتی کەم بێت و پارەی باش بێت، ئەمە هەمان ڕێگای (ستێفانی) نییە، کەهەمان تەمەنی هەیە، نایەوێت خێزان پێکەوە بنێت، ئەیەوێت ببێت بەشەریک لەکۆمپانیایەکی زەبەلاحی پارێزەراندا

تۆ چیت دەوێت؟ ئایا ئەمەم ئەتگەیەنێتە ئەوشوێنەی کەئامادەت دەکات بۆ گەشتی داهاتووت؟

....

....

....

٣.ئایا ئەزانیت چۆن ئیش بەم ئامێرە بکەیت ئەمرۆ، بەس بەشی ئەوەی لەکارنەکەویت؟ ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت پەرەناسێنیت. دووبـــارە مـــەبـــەرەوە بەمامۆستا لەقوتابخانەکەت دا، کەتوانات هەیە ببیت بەبەڕێوبەر. ئایا هۆکاری گواستنەوەکەت بۆ ژیانێکی باشتر لەدەرەوەی تواناکانی تۆدایە، بەڵام ئەتوانی کۆنترۆڵیان بکەیت؟ ئەمە ئەو گەشتەیە کە تۆئەتەوێت، سەرکێشە، خۆشە، لەناوچەی ئارامیت ئەتهێنێتە دەرەوە، بەڵام ئەتوانیت سەرکەوتووبیت تیایدا، ئەوشوێنەیە کەئەتەوێت تیایدابیت.

....

....

....

ئەم پرسیارنە دڵنیاتدەکاتەوە کەتۆ گرنگی بەهۆکاری دروستی گواستنەوەت ئەدەیت. ئەمە ڕێت لێدەگرێت کەهەمان سەیارەی بوگاتی هاوشێوەی هاوڕێکەت بکڕیت، لەکاتێکدا بۆهەمان شوێن نـاڕۆن. هۆکاری گواستنەوەکەت بگونجێنە لەگەڵ گەشتەکەت و تواناکەتدا، ئەگەر وابکەیت ئەوا هەمیشە لەسەر ڕێگای ڕاستیت.

کردارەکانی سەرکەوتن:

لیستێک دروست بکە بۆ هۆکارەکانی گواستنەوەت بۆ ئێستا

Scanned with CamScanner

....

....

....

ئەو جۆرە ئامرازانە بنووسە کەئەتەوێت بەکاریان بهێنیت تادەساڵی کە .

....

....

....

....

یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنت لەگەڵما بڵاوبکەرەوە بە بەکارهێنانی هاشتاگی

#Vehicle٤Victory@ActLikeAsuccess

چاپتەری حەوت
تێگەیشتن لە قەشەنگ بوونی تۆ:

تابتوانی بەتەواوی تواناکەت پەرەپێبدەیت، پێویستە ئامرازە گونجاوەکان بەرجەستە بکەیت، ئەوەش پێویستی بەگۆڕانکارییە. کاتێ باسی ئامراز ئەکەم مەبەستم ئەوهەموو پارەیە نییە کەئافرەتان خەرجی ئەکەن لەکڕینی بابەتە جوانکارییەکانی ڕیڤلۆن و ماک، یان پیاوان چەند خەرج ئەکەن بۆکڕینی جل وبەرگی مارکەی (بڕوکس بڕەزەس)، من باسی ئەندازەی دروستی ئەونیشانە کەسێتیانە ئەکەم کەئەتگەیەنن بە خەونەکانت. ئامرازەکەت ئەو هێزەیە کە لەپشتی هۆکاری گواستنەوەکەتەوە وەستاوە، کەبەخۆتەوە بەندت کردووە، ئەمەش ئەتگەیەنێت بەسەرکەوتن. لەم چاپتەرەدا ئێمە ئەو شتە ئەدۆزینەوە کەئەبێتە هۆکاری پەرەسەندنی ئامرازەکانی ژیانت و بەرەو پێشەوە ئەتبات، تا بەئامانجەکانت بگەیت.

پێویستیت بەچ جۆرە قەشەنگ بوونێکە؟

یەکەم شت کەپێوییستە لەناو ئامرازەکانی قەشەنگ بوون، ئەوەیە کەببیت بەوجۆرە کەسانەی کەسەرنجی خەڵک ڕائەکێشن نەک خەلکێ ڕقیان لێتبێتەوە، هیچ کەسێک لەخۆیەوە دروست نەبووە، جابۆیە ئەبێت فێری یاساکانی سەرنج ڕاکێشانبیت، تاکەسانی دروست بناسیت، ئەبێت ئیشکردن لەگەڵتدا ئاسان بێت، یا کەشوهەوایەکی وادروست بکەیت تا ئیشکردن لەگەڵتدا

CS Scanner

Scanned with CamScanner

ئاسانبێت، ئینجا ئەبێت ئەوە بخوازیت کەکەسێکی خاوەن ئەندێشەبیت، بەشێوازێکی ئەرێنیانە بیربکەیتەوە، پێویستە ئەوجۆرە کەسانە لەچواردەورتبن کەرێگە ئەیەن کەسانی دەوروبەریان پەرەبسێنن وگەشەبکەن. کاتێ لەگەڵ کەسانی دروستدایت، دەرفەتێکی ناوازەت ئەبێت تا لەئەزموونەکان و زانیارییەکانی ئەوانەوە فێربببێت. ئەبێت کەمتەرخەمیەکانت بدۆزیتەوە و هەولبدەیت کاریان لەسەر بکەیت. هەولبە کەمتەرخەمیەکانت ڕەچاو بکەیت، کاتێ ئەتەوێت کەسێک دابمەزرێنیت بۆ تیمەکەت. لەکۆتایدا ئەبێت ڕێز لەکاتی کەسانی تر بگریت، ئەبێت لەکاتی خۆیدا بەڵێنەکان جێبەجێبکەیت. خۆتو ئەبێت کەسێکی خاوەن ڕەوشت بیت. ئەبێت خاوەن قسەی خۆت بیت و ئەوبەڵێنانەی ئەیدەیت هەمووی بەیتەسەر.

ڕاستگۆبە، جدیبە، خولیای نوێ بەرجەستەبکە:
بەشێکی هەرە سەرەکی قەشەنگ بوونت ڕاستگۆبون و جدی بوون و ویستنتە تا هەولی نوێ بدەیت.

ڕاستگۆبە:

ئێستا کاتی ئەوە نییە کەدرۆ لەگەڵ خۆتدا بکەیت. ئەگەر بێزاری لەشێوازی ژیانت، ئەوا ئەبێت بیگۆڕیت، ئەمەوێت ئێستا بچیتە بەردەم ئاوێنەیەک، سەیری ناوچاوانت بکەو ڕاستگۆبە، ئێستا لەکوێی ژیانتایت، بەهانە مەهێنەرەوە، مەڵێ خەتای کەسێکی کەیە، ئەوشتە چییە کەئەیکەیت و ڕێگە لەبەرەو پێشچونت ئەگرێت؟ دوورتر لەبیانووەکانت بڕوانەو بڵێ بۆچی؟ جوابەکانت لەوانەیە ترس و شکست یان باری خێزانی

یان نابوری بێت، ئەگەر جوابەکان ڕاستەخۆ نەیەنە خەیاڵت ئەوا لەوانەیە کاتی ئەوەبێت ئامۆژگاریکەرێکی دەرونی ببینیت، لەوە مەترسە کەداوای یارمەتی بکەیت تا ئەوژیانە بژیت کەشایستەیە بێت.

کەسێکی جدی بە:

لێرەیا ئەگەیت بەبەشە چاکەکە، کەتیایدا کـردەوە نەرێنیەکانت ئەگۆڕیت بەکرداری ئەرێنی. ئایا پشتگوێ خستن تۆ ئەکوژێت؟ بیگۆرە بەبەرنامەیەک تاکارەکانت دەست پێبکات. ئایا ڕەتیدەکەیتەوە کە دان بەهەڵەکانی خۆتدا بنێیت؟ پشت بەهاورێیەکت ببەستە تاپابەندت بکات بە بەرپرسیارییەکانتەوە. کێشەکە هەرشتێک بێت ئەتوانی خۆت پەیوەست بکەیت بەدۆزینەوەی جێگرەوەی ئەرێنی و گونجاو. ئەمە کێشەی ئەو کەسانەیە کەلەڕاستیدا وائەزانن قەشەنگن، بەڵام لەڕاستیدا وانییە، ئەگەر تۆ خۆت پرسیار بکەیت و خۆشت وەڵام بەیتەوە، ئەوا تۆ ئامڕازەکانی قەشەنگ بوونت نییە، ناتوانیت وەڵامە ڕاستەکە بەیتەوە، ئەوەی ئەیکەیت بەبەردەوامی ووتنی ئەوقسانەیە کە ئەتەوێت گوێت لێبێت. ئەبێت ئامادەبیت گفتوگۆیەکی ناخهەژێنانە لەگەڵ خۆتدا بکەیت، ئەگەر ڕاستگۆ نەبیت دەربارەی بارودۆخەکەت ئەوا تاکەکەس کە غەدری لێدەکەیت خۆتیت.

خولیای نوێ بەرجەستەبکە:

کاتێ ڕاستگۆدەبیت لەگەڵ خۆتدا، چەند هەڵبژاردنێکی نوێ دیاریدەکەیت، تا ڕەزنگیت لەگەڵ لاوازییەکانت، گەشتینە

بەشە قورسەکە، گۆڕینی خوەکانت لەکتێبی(هەبوونی خولیا و نەهێشتنی خولیا)ی دەروونناس (جێرمی دین) بەرەنگاری ئەو ئەفسانەیە دەبێتەوە کەدەڵێت: تەنیا پێویستیت بە٢١ڕۆژە تا خویەک بگۆڕیت، لەوانیە دووساڵی بوێت تا گۆڕانێک لەبەشێکی دیاریکراوی ژیانت بکەیت، بەڵام ئێستا دووساڵی بەبەرهەمە بۆ ژیانێک لە خەڵات. گوێ بەوە مەدە چەند کاتی ئەوێت تاگۆڕانکارییەکە ئەنجام بدەیت. کات لەقازانجی تۆدایە، کاتێ بەشێوەکی باش دابەشی ئەکەیت، جەخت لەهێزەکەت بکەرەوە بۆپەرەپێدان بە خولیای نوێ، هەر ڕوژە و لەکاتی خۆیدا بەرێ بکە. کاتێ ڕۆژێک تێئەپەڕێنیت ئەمەوێت شتێکی شۆرشگێڕانە بکەیت، ئەمەوێت دووبارەی بکەیتەوە هەموو جارێک، هەرزۆر بە زوویی ئەمە ئەو خوە نابێت کە ئەتەوێت بەسەریدا زاڵبیت، بەڵکو ئەبێت بەڕێگای سەرکەوتنیشت.

گۆڕینی قەشەنگ بوونت بە ڕەوشت:

زۆربەی کات لەژیانمدا پێویستبووە کە ڕێگاکانم بگۆڕم، تا ببم بەکەسێکی باشتر و کارەکان بەئەنجام بگەیەنم، پێم وابێ گەورەترین گواستنەوە بۆم، لەوماوەیەدا بوو کەنوکتەم ئەنوسی ، زۆرشت فێربووم لە (ریتچارد پرایەر)، ئەوشتەی ئەوی کردبوو بەکەسێکی مەزن بۆچوونەکانی بوو. ئەو ئامادەبوو قسە لەسەر هەموو شتێکی ژیانی بکات لە گەورەبونیەوە لە کۆمەڵگادا تا ئاگرتێبوونەکەی، گفتوگۆکانی ناوسەیارە لەگەڵ کێشە ئابوریەکانی، بۆیە زۆر سەرنج ڕاکێش بوو.

کاتێ دەستم بەکاری کۆمیدیا کرد، زۆر لەوە ئەترسام کەمن کێم و لەکەوێوە هاتوم، هەولم ئەدا بەشێوازی کەسانی

تر بنووسم، بەهۆی ئەوە نەمزانی من کێم، وەکو کۆمیدیەنێکی سەرشانۆ، کەئیتر ترسم شکا لەوەی من کێم، شتەکان لەبواری پیشەیدا بۆمن گۆڕان. قسەکرد لەسەر ژیانی تایبەتیم بابەتی نوێی بۆنووسین فەراهەمکرد. لەوە نەئەترسام قسەلەسەر دایکم بکەم کەمامۆستابوو، یان هاوسەرگیرییە شکست خواردوەکەم و ژیانم لە کلیڤلاند، ئەوە یەکەم ساتی ئاشنابوونم بوو بە ڕاستگۆیی.

کاتێ بایەخ بەڕەوشتمان ئەدەین، یەکەم شت کەئەبێت فێری بین ڕابەری کردنمانە، سەیری چواردەورمان ئەکەین، بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکان، لەکاتێکدا لەناخی خۆماندایە، ئەبێت کات تەرخانبکەین بۆ دۆزینەوەی خاڵە بەهێزەکانمان و خاڵە لاوازەکانمان. هەست ئەکەم ئەوەی من ئەکات بەکەسێکی کاریگەری خاوەن ڕەوشت، جا لەڕادیۆ بێت یان ڕووبەڕوو، ئەوەیە کەمن ڕاستییەکەت پێئەڵێم، ئیتر هەرشتێک بێت. شەرت نییە هەموو کاتێ هاوڕابیت لەگەڵ قسەکانم، بەڵام من ڕاستی ژیانی خۆم باسکردوە. هەست ئەکەم خەڵکیش ڕێزی ئەگرن.

هەڵسەنگاندنێکی ڕاست بۆخۆت بکە:

باشکردنی تواناکانت ئەوە ئەگەیەنێت کە تۆ ئامادەبیت تا هەڵسەنگاندنێکی دروست بۆخۆت بکەیت، کاتێ من نوکتەیەک ئەنوسم و ئەچمە سەر تەختی شانۆ، سێ دەرفەت بەنوکتەکە ئەیەم پێش ئەوەی بڕیار لەسەر مانەوەی یاسڕینەوەی نوکتەکە بدەم، کاتێ نوکتەکە ئەڵێم و خەڵک پێئەکەنن و بەدڵیانە، یەک ئەیەم پێی، ئەگەر هەندێک جار کاردانەوەی باشی هەبێت دووی ئەیەمێ، ئەگەر زۆربەی جار کەس بەدڵی نەبێت سێی، ئەیەمێ،

کاتێ سەرەتا دەستم پێکرد پێویستیم بەم نوکتانەبوو، چونکە پێویستیم بەکات بوو، ١٥خولەکت هەبوو تادەست پێبکەیت و ٣٠خولەک تابابەتە ناوەندییەکان باسبکەیت، ٤٥خولەک بۆپێشکەشکردنی بابەتە سەرەکییەکان، ئەمویست ٤٥خولەکم پێبدەن تا بابەتە سەرەکییەکان باسبکەم، ئەوە فێربووم ئەگەر نوکتەی جۆری سێیەم پێشکەش بکەم، ئەوا بەرنامەیەکی خراپ بووە، بۆیە هەموو کاتێ کەنوکتەم ئەنوسی لەجۆری دوەم بوون، جۆری سێیەمم لابرد، تاکە ڕێگە کەبتوانم وابکەم هەڵسەنگاندنێکی دروستبووە بۆ بەرنامەکانم. بەردەوامبووم لەنووسینی نوکتەکانم تاجۆری دووشم لابرد و کردمن بە جۆری یەک. کاتێ ئەوسیستەمەی هەڵسەنگاندنم دروستکرد، وەکو کۆمیدیەنێکی سەرشاشە پەرەمسەند و بەرەو پێشەوە چووم. پێویستە هەڵسەنگاندنە تایبەتیەکەت پڕبێت لەڕاستگۆی، تەنیا تۆ ئەتوانی هەڵسەنگاندن بۆخۆت بکەیت. تا ئامادەنەبیت ڕاستگۆیانە لەگەڵ خۆتدا بدوێیت، تەنانەت هەڵسەنگاندنەکەشت بێ سود ئەبێت. ئەزانم کەمن هیچ باشنیم لەکردارە دووبارەکاندا، ئەبێت کەسێک دابمەزرێنم لای خۆم کەزۆر باشە لەوردەکاریەکان، ئەشزانم کە لە دروستکردنی هێڵکاریدا باش نیم، ئەوە لە زانکۆ فێربووم کەڕوناکییەکە ئەکوژێنیتەوە وئەچیت ئەخەویت. بۆیە ئەوکەسانە دائەمەزرێنم کەحەزیان بەهێڵکارییە، حەز لەدوبارەکردنەوەی قسەکانم ناکەم، تا والەکەسێک بکەم لەشتێک تێبگات، تەحەمولی ئەوەم نییە، پێویست ئەکات هەمیشە ئاگاداری خۆمبم وئیش لەسەر باشکردنی کارەکارەنم بکەم، ڕەوشتی ڕاست لەوەدایە کەبزانی کەمتەرخەمییەکانت لەکوێدایە،

Scanned with CamScanner

دانانی هاوسەنگیەکی دروست:

پێویستە لەکرۆکی بڕیارەکانتدا هاوسەنگی هەبێت، لەهەموو ئەزمونەکانمدا ئەوە فێربووم ئەم شتانە بەڕیز ڕێکبخرێت سەرەکین بۆکەسێکی سەرکەوتوو:

.خودای گەورە

.خێزان

.خوێندن

.پیشە

ئەگەر شتەگرنگەکانی ژیانت ڕیزبکەیت. سەرکەوتن هی تۆیە، جا لەهەر ئاستێکدا بتەوێ، لەژیانمدا ئەوەم بۆدەرکەوتوە کەئەبێت خودا لەهەموو شتێک گرنگتربێت. لەسەرەتای ژیانم پیشەکەم لەسەرەتای ڕیزەکەدابوو، دوای ئەویش خوێندن و خێزانەکەم لەپلەی سێیەمدا بوو، لە کۆتایشدا خودا بوو، تاڕیزەکەم ڕاست نەکردەوە نەم ئەتوانی ژیانم ڕێکبخەم .

دوای ئەوەی خواوەند ئەخەیتە سەرەتای ڕیزەکەوە، ئەوا بەرپرسیاریەکت ئەبێت تا خێزانەکەت بەخێوبکەیت، ناتوانی منداڵ بخەیتەوەو گرنگیان پێنەدەیت. چۆن ئەتوانی چاوەڕێی ئەوە بکەیت کەجیهان گرنگیت پێبدات لەکاتێکدا تۆگرنگی بە منداڵەکانت نایەیت؟ چۆن چاوەڕێی ئەوە ئەکەیت کەژیان سەرمایەت پێبدات لەکاتێکدا تۆ گرنگی بەو سەرمایەیە نایەیت کەئێستا هەتە؟ گرنگ نییە کەپەیوەندیت چۆنە لەگەڵ دایک یا باوکی منداڵەکەت، ئەبێت ئاگاداری منداڵەکەت بیت زۆر بەجوانی، هەمان شتیش ڕاستە بۆهاوسەرەکەت.

کاتێ خوداوخێزانت وەکو خاڵی یەکەم و دووەم ڕیزکردووە، ئەوا ئەمینێتەوە سەر خوێندن، کە ئەڵێم خوێندن مەبەستم ئەوەنییە بۆ چوارساڵ لەپەیمانگایەک بخوێنیت، بەڵکو ئەبێت هەمیشە لەسەر تواناکەت یاخود پیشەکەت بخوێنیتەوە. لەوانەیە پێویست بکات بچیتەوە بۆ قوتابخانە، تا بڕوانامەیەک بەدەست بێنیت، لەوبوارەی خۆت حەزت پێیەتی. هیچ قوتابخانەیەک نییە تافێرت بکات چون ببیت بە کۆمیدیەن. خوێندنەکەی من تایبەت بوو بەسەیرکردنی ئەوکۆمیدیەنە مەزنانەی پێش خۆم، تالێیانەوە فێربم و ئەبوایە کاتێکی زۆر تەرخانبکەم بەگرنگیدان بە تەماشاکردنیان. کاتێکی زۆریش ڕاهێنانم کردووە لەسەر بازرگانی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان. دەستەواژەی بازرگانی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان، لەڕاستیدا ئەبێت وەکو دوو وشەی جیا سەیر بکرێت، ئەگەر من بەرنامەیەکی سەرکەوتوم هەبێت ئەوە لەبەرئەوەیە جەماوەرەکە کاتێکی خۆشیان بەسەربردوە، بەڵام هیچ بازرگانیەک نییە ئەگەر بەڕێگەیەکی گونجاو نەتوانم پارە لەجەماوەرەکە وەربگرم بۆ بەرنامەکانم. لەوانەیە بەرنامەیەکی مەزن بێت، بەڵام بێ هەنگاوە دروستەکان هیچ بازرگانییەک نییە. بەدیوەکەی کەشیدا هەر ڕاستە، ئەگەر هەستێکی بازرگانی باشت هەبێت بزانی چۆن هەموو بلیتەکان بفرۆشیت، بەڵام ئەگەر کەسێکی قسەخۆش نەبیت ئەوا جاری داهاتوو کەس نایەتەوە بۆ بەرنامەکەت.

بەمێشکێکی فراوانەوە مامەڵە لەگەڵ ئەوەدا بکەیت کەیەتە سەر ڕێگات:

بەشێکی تری ڕێگاکەت کەبەشێکی گرنگی سەرکەوتنە، ئەوەیە کەئەبێت بەمێشکێکی کراوەوە سەیری شتەکان بکەیت، نابێت جێگیر بیت لەکردنی شتەکاندا، بەوشێوازەی کەپێشتر کردوتەو هیچ ئامادەباشیەکت تیانەبێت، تارێگایەکی نوێ تاقیبکەیتەوە. زۆربەتان وائەزانن کەهەموو ژیانتان ڕێکخستوە، بامن یەکەم کەسبم پیرۆزبایت لێبکەم.

باپرسیارێکت لێبکەم: دوای ڕێکخستنی هەموو ژیانت چی ئەکەیت؟ زانینی هەنگاوی دوەمت ناوازەترین هۆکاری سەرکەوتنە. داهاتوو تاکە هۆکارە کەهێزی ئەوەمان ئەیاتێ کەبەیانیان هەڵسین لەخەو. داهاتوو هێزی هاندەرە بۆهەموو کەسە سەرکەوتوەکان. هەموکاتێک ئەبێت بڵێین دوای ئەمە چی دێت. لەوانەیە تۆ ئێستا ملیۆنەربیت، دووبارە پیرۆزە، بەڵام ئەبێت چەند ملیۆنێکی تر پەیابکەیت تاکو بەملیۆنەری بمێنیتەوە. ناتوانیت هەمان کتێب بفرۆشیت، هەمان نوکتە دوبارە بکەیتەوە، هەمان گۆرانی بڵێیت. بەڵکو ئەبێت کتێبێکی تر بفرۆشیت و نوکتەیەکی تر بنووسیت و گۆرایەکی نوێ بڵێیت. بۆیە دووبارە ئەپرسمەوە دوای ئەمە چی ئەکەیت؟ ئەبێت هۆکارێکت هەبێت تا بەیانیان هەڵسیت لەخەو. ئەبێت هۆکارێکت هەبێت تابەرەو پێشەوە بچیت. ئەبێت تواناکانت زۆر لەبارودۆخەکانی ئێستات بەهێزتربێت، تا یارمەتی خەونەکانت بدات بەرەوپێش بچن.

Scanned with CamScanner

پێویستیت بەچ ئامرازێکی تر هەیە:

توانا تایبەتەکەی هەریەکێک لەئێمە، ئەوە دیاری دەکات کەچۆن لەجیهاندا مامەڵەدەکەین. ئەوەی ئیشەکەی تایبەتە بە منداڵەوە ئەبێت کەسێکی ئارام و لەسەرخۆبێت. لەکاتێکدا کەسێک کەناوبژیوانی مامەڵەی بازرگانییە ئەبێت زۆر وردبێت و زیرەک بێت. ئەگەر دڵنیا نەبیت لەو خاسیەتانەی کەپێویستە کاری لەسەرکەیت. بیر لەو هونەرانە بکەرەوە کەخەڵک ئەڵێن زۆر باشیت تیایاندا. ئایا تۆ لەوردەکارییەکاندا زۆر باشی، مامەڵە بەباشی ئەکەیت لەگەڵ ئەو کەسانەی تازە ئەیانناسیت، یان شارەزایت لەڕێکخستنی کۆبونەوەدا؟ لێهاتویەکانت بەشبەش بکەو بیانخە بواری جێبەجێکردنەوە، تا باشتریان بکەیت. دوایی ئەو تایبەتمەندیانە کۆبکەرەوە کەخەڵک پێت ئەڵێن، ئەبێت ئیشیان لەسەر بکەیت، بۆنمونە ئایا تۆ ڕاهاتوی لەسەر ئەوەی هەنگاوەکان بەجێ بهێڵیت و یان ئەشڵەژێیت کاتێ کەسێک کاتێکت بۆدیاری ئەکات بۆتەواو کردنی کارەکانت؟ تەنیا تایبەتمەندی خراپ مەگۆڕە بۆباش بڵێیت خۆمن هەروام. ئەوەت بەبیر بێتەوە کە نمونەیی کردنی تایبەتمەندییەکەت بەشێکی گرنگی پەرەسەندنی تواناکەتە. لەدەرەوەی وەرگرتنی ئاماری تایبەتیت ئەوکەسانە کێن کەپەسەندیان دەکەیت و ڕێزیان لێئەگریت، ماڵی پەرستنت یا کۆمەڵگاکەت؟ قسەیان لەگەڵ بکە دەربارەی ئەوەی کەئەوان چۆن کۆنتڕۆڵی خۆیان دەکەن لەژێر فشاردا، یان پرسیاریان لێبکە لەسەر ئەو ئامرازانەی بەکاریان هێناوە تا ببن بەوکەسە ڕێنیشاندەرەی ئێستایان، باوەڕم پێبکە هەر لەخۆیانەوە نەبوون بەشت. هەرسەرکردەیەکی باش کەشایەنی

ڕێزلێگرتنە ئامادەباشی ئەوەی تیائەبێت تا ژیری و زانیاریت لەگەڵدا بەشبکات، تا یارمەتیت بدات گەشەبکەیت و بەرەو پێش بچیت. ببە بەو جۆرە لەپیاو یاخود ئافرەت کەخۆت ئەتەوێت، لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی دروست، کەجێگە بۆ تواناکەت ئەکاتەوە و ئەتگەیەنت بەو هەموو دەرفەتانە کە پەرەیان پێدەدات، تەنانەت جموریکی زۆرتر و شانۆیەکی گەورەتر.

Scanned with CamScanner

چاپتەری هەشت
سەرکەوتن بەسەر شاخەکاندا تا ئەگەیت بە خەونەکانت:

دەقێک هەیە لەپەراوی پیرۆزی تەوراتدا دەڵێت: هەنگاوەکانی ئافرەتێکی باش(پیاوێک)لەلایەن خواوەندەوە ڕێکخراوە، ئەم دەقە پیرۆزە لەهەموو ژیانمدا بەرجەستەمکردووە، بەواتای ئەوەی ڕۆیشتنت بەرەو چارەنوس پرۆسەیەکە. من بەڕاستی باوەڕم بەوەیە کەخواوەند هەنگاوە دروستەکانی پێبەخشیون تالەشوێنی گونجاودابین لەکاتی گونجاودا. کاتێ بەردەوامین لەنیشاندانی ئەوەی چۆن تواناکانمان زیادبکەین و باشترینی هەلەکان بدۆزینەوە، تابەهرەکانمان پیشانبدەین. ئێستا سەیر ئەکەین تابزانین چۆن ئەو هەنگاوانە بگۆڕین بۆ ئاماجی دروست بۆداهاتوت. ئێمە هەموومان خەونی باشکردنی ژیانمان هەیە. هەندێک کەس بازی باوەڕئەدەن و ئەچنە ناو خەونەکانیانەوە، لەکاتێکدا هەندێک کەسی تر لەلاتەنیشتەکان ئەمێننەوە و چاوەڕێی ساتێکی ئەفسوناوین تا ڕوبدات. چی خەونەکانت لەگەڵ ئەو کەسانە جیادەکاتەوە کەکارەکان بەئەنجام ئەگەیەنن؟

گرنگ نییە بەلامەوە خەونەکانت چەند ڕۆشنن، بەبێ ئامانج خەنەکانت وەکو دیاردەی ڕۆژێک ئەمێننەوە لەجیاتی ئەوەی ڕاستی ئەمرۆ بێت. ئامانج پێکهاتەی سەرەکیە تا بەئاگاداری و جێگیری وهەوڵدانەوە بمێنیتەوە لەسەر ڕێگای گەیشتنمان بەخەونەکانمان.

سەرکەوتن هەتا لووتکە:

ڕێگەیەکی تری گۆڕینی خەونەکانت بۆئامانج ئەوەیە، وا بیهێنیتە بەرچاوت کەتۆ بەسەر شاخێکدا سەر ئەکەویت. خەونەکەت لوتکەی شاخەکەیە. هەموو شاخەوانێکی باش کاتێ بەسەر شاخەکەدا سەرئەکەوێت هەمیشە خەیاڵی لای لووتکەکەیە. هەموو هەنگاوێک و ڕاکێشانێکی پەتەکە بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجەکەی کردویەتی، کاتێ ئەگاتە سەر لوتکەی شاخەکە، ساتێک وەرئەگرێت تاخۆی کۆبکاتەوە و هێزبە خۆی بدات و تامی سەرکەوتنەکەی وەربگرێت. بەڵام هەموو شاخەوانێکی ڕاستگۆ ئەزانێ کەئەوە تەنیا بەشێکی بچووکی گەشتەکەیە، گەیشتن بەیەک لوتکە هەرگیز بەس نابێت بۆ شاخەوانەکان. هەموو کاتێ هەناسەیەکی زۆرتر و سەرکەوتنێکی قورستر و شاخێکی مەترسیدارتر ئەبڕێت، ئەوەی لەیادە کەئەوە خۆئامادەکردنە بۆ گەشتی داهاتووی. گرنگ نییە لەکوێی شاخەکەدابن، بەشی سەرەوە، بەشی خوارەوە، یان نیوەی، یا لەشوێنی ئیسراحەتایت، یان لەشوێنی فریاگوزارییە سەرەتایەکاندا بیت، یان ئاڵاکەت پێیەو جێگیری دەکەیت لە لووتکەکەدا. باوەڕم پێ بکە من لەهەمو ئەم شوێنانەدا بووم لەژیانمدا ئاڵاکەم جێگیرکردووە لە لووتکەدا. لەشوێنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکاندا بووم تا نیوەی ڕێگاکەم بڕیوە و دووبارە کەوتووم و هاتوومەتە سەرەتا، لەئەشکەوتێکدا گیرم خواردووە کەوتوومەتە نێوان درزە تەسکەکانی شاخەکەوە، لەسەر شاخەکەدا گیرم خواردووە. داپۆشرابوم بەداڕمانی بەفر لەسەر شاخەکان. تۆ بیڵێ و من لەسەر ئەم شاخە کردوومە.

پێم ووتـراوە کە هـەر هەوڵی سەرکەوتن نـەیـەم، چونکە من ئەوەندە بە هێزنیم تابتوانم بەسەر شاخەکەدا سەربکەوم. ئەمەوێت وابیرلە ئامانجەکانت بکەیتەوە کەسەرکەوتنە تایبەتییەکەتە بۆسەر لووتکەی شاخی خەونەکانت. نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکەیت بەیانی هەستیت لەخەو و لەخۆڕا ببیت بە ملیۆنێر، یان ئەو بەرهەمەی ئەیفرۆشیت ببێت بە پرفرۆشتنی جیهان لەشەوێکدا، یاخود ئەو پلە پیشەییەی کەخەوی پێوە دەبینیت بەدەستی بێنیت، ئەو ئامانجانە چییە کەتۆ ئامادەیت بیانخەیتە گەڕ، تاخەونەکانت بێتە دی؟

ئەزانم لەوانەیە ئامانجەکان نوقمت بکات، کاتێک کەهەوڵی بەدیهێنانیان ئەدەیت بەکەمترین کات. بەڵام بیر لەوەبکەرەوە کەچۆن ڕێگای گەیشتن بەئامانجەکەت بەشبەش بکەیت، تۆباشترخۆت ئەناسیت لەهەموو کەسانێکی کە. ڕاستگۆبە دەربارەی ئەوەی چی هانت ئەدات. ئایا پێویستت بەوەیە ئەم گەشتە لەگەڵ کەسێکی تردا بکەیت، تا هانت بدات لەسەر قسەی خۆت بمێنیتەوە؟ یان واباشترە بە تەنها بڕۆیت زیاتر ئاگاداربیت؟ پێویستت بە چ جۆرێک ئاماژە دەرە، تا لەسەر ڕێگاکەت بتهێڵێتەوە؟ ئایا هەندێ کات باشترە چەندبەشێکی دیاریکراوی گەشتەکەت ئەنجام بدەیت، لەچاو هەندێ کاتی تردا؟ ئەمانە چەند پرسیارێکن تا ڕەچاویان بکەیت لەڕێگەی گەیشتن بەخەونەکانت. ئامانج شتێکی سەرەکییە لە ژیاندا، چونکە هەندێ خەونی ڕاستی و ناخۆش دیاریکراوت پێ دەبەخشێت، ئامانجەکانت ئـەو شتە پێویستانەن، کە هێزو باوەر بەخۆبون و دڵنیابون بەخۆت پێئەبەخشن، تابەردەوام بیت لەڕۆیشتنت بەئاڕاستەی دروست بەرەو خەونەکەت، ئەشتوانن وەکو نەخشەیەکی بەسوود وابێت بۆ گەیشتن بەخەونەکانت.

Scanned with CamScanner

با دەست بکەین بە بەدیهێنانی خەونەکانمان:

ئەگەر هەنگاوی یەکەمی گەشتەکەت بوونت بێت بەخاوەن کارێکی بچووک، ئەوەیە کەگفتوگۆ لەگەڵ دوکاندارێک بکەیت، کەکارەکانیت بەدڵە، کەواتە تەلەفۆنەکە هەڵگرەو دەست بکە بەگفتوگۆ. هەبوونی ئامانج ئەوەنیە بڵێیت بەتەمابووم قسە لەگەڵ بەڕێز سمیس بکەم دەربارەی کردنەوەی دووکانێک تایبەت بەخۆم، ئینجا دوای ئەوە هیچ هەوڵێکی بۆ نەیەیت و نەیکەیت بەکردار. ئەبێت بەو شێوازە ئامانجەکانت ڕێکبخەیت گەرەنتی سەرکەوتنت دەکات. ئەزانم کەئێستا تۆ زۆر تامەزرۆیت ئەم کتێبەت لەبەردەستدایە خەونی کردنەوەی دوکانی کتێب و کافتریاکەت دێتە بەرچاو کەهەمیشە حەزت دەکرد بیکەیتەوە، بەڵام لەپڕ مەچۆ قەرز وەربگریت بۆکاری بچووک و یان پارە لە وەبەرهێنێک وەربگریت، ئەگەر تۆ پلانێکی کاری پتەوت نەبێت. بەدڵنیاییەوە ئەمەوێت ئامانجی گەورەت هەبێت بەڵام ئەوەنە دوور مەبە لەناوچەی ئارامیت، کەخۆت بۆ شکست ئامادە بکەیت. ئەگەر بەڕاستی نازانیت لەکوێوە دەست پێبکەیت پێویستە کاتێکی گونجاو لەسەر ڕۆژمێرەکەت دیارییبکەیت، تا گرنگی بەخەونەکانت بدەی. ئەگەر تۆ کاتژمێرێک کاتت هەبێت بۆخۆت، دوای ئەوەی کەمناڵەکانت دەگەیەنیتە ڕاهێنانی یاری تۆپی پێ لەپەسەندترین شوێنی خۆتدا دابنیشە و ئەمە بکە، بەکاتی بە دیهێنانی ئامانجەکەت. ئەگەر کەسێک هەبێت لەکلێساکەت یا کۆمەڵگەکەت کەزۆربەی کات گفتوگۆی لەگەڵ دەکەیت، ڕێگایان پێبدە کەیارمەتیت بدەن لەپرۆسەی بە دیهێنانی ئامانجەکانت. هەروەها ئەبێت ئامانجەکانت بگونجێنیت لەگەڵ تواناکەت و

Scanned with CamScanner

بەهرەکانت و شێوازی ژیانت. چاوەڕێی ئەوە ناکەم کە دایکی سێ منداڵ هاوسەرگیری کردبێت تەمەنی چل ساڵ بێ. بەهەمان خێرایی پیاوێکی بیست و پێنج ساڵی سینگڵ کار لەسەر خەونەکانی بکات. ئافرەتەکە بەرپرسیارێتی جیاوازی هەیە، کەپێویستی بەئەندامی زیاترە بۆ تیمەکەی، تایارمەتی بدەن لەبەدیهێنانی خەونەکانیدا، لەهەمان کاتیشدا پیاوە بیست و پێنج ساڵییەکە لەوانەیە پێویستی بە ئامۆژگاری و ڕێنیشاندەری زیاتربێت، تا قەرەبووی کەمی ئەزمونەکانی بکاتەوە. ئامانجەکانت بۆخۆت دروسـت بکە، وزەکـەت بەفیڕۆ مەیە بەخەمخواردن لەوەی کەسێک چۆن شتێکی کردووە کەتۆ ئەتویست بیکەیت، یاخود چۆن بەخێرایی گەیشتوون بەئامانجەکەیان، گەشتەکەت و ئەو ڕێگایەی خواوەند بۆی داناویت بەرز بنرخێنە .

ئامانجەکانت تاچەند دروشاوەن؟

یەکێک لەڕێبازە هەرە باوەکان بۆدروستکردنی ئامانجی باش ڕێبازی (دروشاوەیە)، بەواتای ئەمانە دێت: (ئەوئامانجانەی دەپێورێن، بەدەستدێت، پەیوەندیدار، کاتی دیاریکراوی هەبێت) .ئەمانە چەند هەنگاوێکی سەرەکین کە لەمێشکتدا بیهێڵیتەوە کاتێک ڕێبازی دروشاوە ئەخەیتە بواری جێبەجێکردنەوە بۆ ئامانجەکانت .

.ئامانجەکانت با دیاریکراوبن، ئامانجەکانت ئەو بیرۆکە هەرەمەکییانەنین کاتێک کەلەمشێشکتدا دێن و دەچن. پێویستە ئامانجەکانت جوان پێناسە کرابن، وەک کریستاڵ ڕوون بێت. ئامانجەکەت دروستبکە، با هەمیشە لوتکەکەت لەمێشکا بێت، کەبەدیهێنانی خەونەکانت بێت .

پێوەرەکانت پێناسە بکە ئێستاکە، کەئامانجەکەت لەخەیالت هێناوەتە دەرەوە و نزیکت کردووەتەوە لەڕاستی. چۆن سەرکەوتنەکانت پێناسە دەکەیت؟ ئایا بەدەستهێنانی بروانامەیەکی نوێیە لەماوەی شەش مانگدا؟ یاخود زیادکردنی ڕێژەی بریکارە لاوەکییەکانتە لەسەدا٢٥ تابیکەیت بەداهاتی هەمیشەیی دووساڵی داهاتوو؟ پێوەرەکانت لەکات وبەروارو ڕێژەی دروست دابنێ، تابتوانی ئامانجەکانت بژمێریت. ئەگەر تۆ کەسێک بیت پێویستت بەکەمێک هاندان بێت تابەردەوامبیت، داوا لەکەسێک بکە کەهەمان بیرو بۆچوونی تۆی هەیە تائاگادارت بکاتەوە لەپێوانەکانت.

هەوڵ بۆ جێبەجێکردن بدە......... ئینجا هەوڵی زیاتربە.

کاتێ دەست بەگەشتەکەت ئەکەیت بەرەوسەرکەوتن، ئەبێت توانای جێبەجێ کردنی ئامانجەکانت ببێت وبتخاتە دەرەوەی ناوچەی ئارامیت. بۆنمونە ئەگەر تۆ لەپرۆسەی وەرگرتنی وەبەرهێنان بیت، بۆ ئەوەی بزنسەکەت بەرەوپێش بچێت. گفتوگۆ لەگەڵ کەسێکی دوەڵەمەند بکە، کەقەت بیرت لێنەکردۆتەوە بەشداربێت لەپرۆژەکەت، لەوانەیە ئەو سەرت بسوڕمێنێت وبەشداربێت لەپرۆژەکە و پارەی خۆی تێکەڵبکات، لەوانەشە خۆشت توشی سەرسوڕمان بکەیت کە تا چەند ئەتوانی هەوڵ بۆ خەونەکانت بدەیت.

خوازیاری شتە ڕاستەقینەکان بەو پەیوەست بە

هیچ شتێک لەوە ناخۆشترنییە کەئامانجێکت هەبێت لەبازنەیەکدا بتهێڵێتەوە. ئامانجەکانت پەیوەست بکە بەژیانتەوە و تەواویان بکە. ئەگەر پابەند بیت بەوەی بیرۆکەکەت لە سۆشیاڵ میدیا بڵاوبکەیتەوە. کات مەکوژە بەپۆست و لایکەکانی فەیسبووکەوە. شتەسەرەکییەکانت بزانەو گرنگی بەو ئامانجانە بدە کەبەرەو پێشت ئەبەن.

کاتەکانت ڕێکبخە، پێویستە ئامانجەکانت بەرواری تەواو بونیان هەبێت. کاتێ دەستم بەکاری کۆمیدیاکرد. هەرساڵەو کۆمەڵێک ئامانجی دیاری کراوم هەبوو، بۆئەو بڕەپارەیەی کەئەمویست بەدەستی بهێنم، تەنیا گرنگیم بەو بڕە پارەیە ئەدا. هەبوونی ئەو هەڵسەنگاندنانەی کەپەیوەندی بەکاتەوە هەیە یارمەتیدەر بوون، کەبەرنامەی کۆمیدیای باشتر بنوسم، پەیوەندی زیاترم هەبێت لەگەڵ ئەو کەسانەی لەبوارەکەی خۆمدا کاردەکەن. ڕێگایەکی جێگیر دروست بکەم بۆداهاتوم.

ئامانجەکانت ڕێکبخە بۆهەنگاوی دووەمت:

کاتێ دەست بە بەدیهێنانی ئامانجەکانت ئەکەیت بەبەکارهێنانی(ڕێبازی درەوشاوە) دوای ئەمە چی دێت؟ دوای ئەمە من ئەتناسێنم بەپرۆسەی ڕێکخستن. پرۆسەی ڕێکخستن بریتییە لەوپرسیارانەی خوارەوە کاتێ دەست بە بەدیهێنانی ئامانجەکەت ئەکەیت:

١.ئامانجی داهاتوم چی دەبێت؟
٢.نیشانەو کاتی دیاری کراوی ئامانجە دانراوەکەم چی دەبێت؟

٣.چۆن ئەم ئامانجە ئامادەم دەکـات بۆڕێنیشاندەری داهاتوم؟

٤.ئەگەر ئامانجی ١ بەکەڵک نەهات چۆن خۆم ئامادە بکەم بۆ بەدیهاتنی ئامانجی ٢ و٣؟

٥.لەگەڵ کێدا ئەتوانم بەژداربم تاوابکەم ئامانجی داهاتوم بێنمەدی و بەکاتێکی کەمتر؟

دروستکردنی پەیژەی سەرکەوتنت:

هەروەکو چۆن لەسەرەتای ئەم چاپتەرە باسم کرد، ئەبێت ئامانجەکانت پرۆسەیەکی هەنگاو بەهەنگاوبێت، ڕێکخراوبێت ئەنیا بۆتۆ، نابێت هۆکارەکانی سەرکەوتنی من بەکاربێنیت، منیش ناتوانم ئەوانەی تۆبەکاربهێنم. هۆکارە سەرەکییەکە ئەوەیە کەئەبێت ژمارەکی گونجاوت هەبێت لەهەنگاو، کەتوانای جێبەجێکردنیانت هەبێت، وە ڕێژەیەکی دروستت هەبێت لەبەرەنگار بوونەوە تاهانت بدات و پەرەت پێبسێنێت.

١.خەونەکانت بنووسە، ئەگەر تۆ خەنەکانت نەنووسیت هەروەک ئەوە وایە کەبوونیان نەبێت، ئەگەر لەتەکنەلۆجیا نەزانی یان کەمێکی لێبزانی یان زۆر باش بیت تیایدا، ئامانجەکانت لەگەڵ خۆتدا بهێڵەرەوە، بەوشێوازەی لەگەڵ ژیانت ئەگونجێت.

٢.لەژێر هەرخەونێکدا لیستێک لەئامانج دروست بکە.

خەونەکەت ڕاستەخۆ یەتەدی، کاتێ ئەو ئامانجانە دیاری ئەکەیت کەپێویستن بۆ بەدیهێنانی خەونەکانت. یەکێک لە ئامانجەکانم بۆ بەرنامەکەم(ستیڤ هارڤی شۆ) بەدەست هێنانی ڕەیتینی یاخود خاڵبەندی ٣.٥ ئەوانەی کەنازانین ڕەیتینی ٣.٥ چیە لەوانەگاز تەلەفزیۆنیدا بەمانای ئەوەدێت

هەر بەرنامەیەک ٣.٥ ملیۆن کەس سەیری کردووە. ژمارە ٣.٥ لەسەر زۆربەی پانتۆڵەکانم چنیوە تاهەموو کاتێک لەبەریان ئەکەم، من ئەوەم بەبیردێتەوە کەباوەڕم بەوە هەیە کەبەرنامەکەم ئەگاتە ڕەیتینی ٣.٥، کاتێ ئامانجەکەم بەدەست ئەهێنم. توانای بەدەستهێنانی شتەکانم ئەگاتە ئاستێکی بەرزتر. ئەمانەش بەشێکن لەو ئامانجانەی کە بۆخۆم و بۆ تیمەکەم نوسیوەتەوە:

خەون: ڕەیتینی ٣.٥ بەدەستبهێنە بۆ وەرزی سالی ٢٠١٤_٢٠١٥

ئامانجەکان:

.ڕێکخستنی دوو گەشتی هاوینە لەگەڵ ستافی بەرهەمهێنان لەساڵی٢٠١٤ تا سێ بەشی نوێ بۆ بەرنامەکە زیادبکەین.
.زیادکردنی بەشی هەفتانە لەگەڵ لیسا نیکۆل بۆ بەشی دووشەمەی هاندان.

.پلانێکی چالاکتر دروست بکە، بۆئەوەی بەرنامەکە لەسۆشیال میدیادا (فەیس بووک و تویتەر و ئینستاگرام) زیاتر بڵاوبێتەوە.

٣.خشتەیەکی کات دروست بکە لوتکەی خەونەکەت بخەرەمێشکتەوە. خەیاڵی ئەوە بکە پێنج ساڵی تر ئەگەیتە کوێ، دەست بکە بەدروست کردنی ئامانجەکانت، لەدیدگای بەدیهێنانی خەونەکانتەوە. بۆنمونە بابڵێین ئێمە ئەتەوێت لەماوەی سێ ساڵدا یەکەم کتێبت بنووسیت. خشتەیەک دروست بکە بۆ نووسینی ئەو کتێبە لەماوەی سێ ساڵدا تا بتوانی شوێن پێی بەرەو پێشچوونت ببینیت.

٤.درەوشاوەبە و ئامانجەکانت بە هێزەوە دابمەزرێنە

بەکارهێنانی ڕێبازی درەوشاوە و پرۆسەی ڕێکخستن دووڕێگای بەهێزن تائامانجەکانت جێبەجێبکەیت. بەو هەنگاوانەدا برۆ کەلەبەشی پێشودا باسمانکرد، تادڵنیابیتەوە کەتو ئەوئامانجانە دائەنێیت کەئەتوانی بەدەستیانی بهێنیت و شانازیان پێوە بکەیت.

٥. ئامانجەکانت بەپێی گرنگیان ڕێکبخە، ئەمەوێت تو تامەزرۆی خەونەکانت بیت، بەڵام نامەوێت خێزانەکەت و تەندروستی باشبوونت بەگشتی لەپرۆسەکەدا پشتگوێبخەیت، کارکردن لەسەر خەونەکانت بەواتای ئەوە نایەت ئەوەنە خۆتی بۆهیلاک بکەیت شتە گرنگەکانی تر لەیاد بکەیت. ئامانجەکانت بەشێوازێک دروست بکە کەمەجالی ئەوەت بۆ بمێنێت باوکێکی باش بیت و هاوسەرێکی باش بیت و تەنانەت کارمەندێکی دڵسۆزبیت، کاتێ پلان بۆ بەجێهێشتنی کارەکەت ئەدەیت. زۆر ئاساییە ئەگەر ڕێکخستنی شتە گرنگەکان بەواتای ئەوە بێت تۆ هەنگاوی بچوکتر بهاوێژیت تا بتوانی پارێزگاری لەبالانسی ژیانت بکەیت. ئەگەر تەنیا بتوانی ٥٠٠دۆلار بۆ بەدیهێنانی خەونەکەت پاشەکەوت بکەیت ئەم ساڵ، ئەوا تۆ ئێستا بڕی ٥٠٠ دولار نزیکتری بۆ بەدیهێنانی خەونەکانت.

٦.ئاهەنگ بۆ پێشکەوتنەکانت بگێڕە، بۆهەر ئامانجێک کەبەدەستیان دەهێنیت ئەبێت ئاهەنگ بۆ گەشتەکەت بگێڕیت، زۆربەی کات ئێمە ئەوەنە سەرقاڵ ئەبین بەگەیشتن بەلووتکە، لەبیرمان ئەچێت کەبوەستین لەگەشتەکە و دان بە سەرکەوتنەکانمان بێنین. ئەبێت یەکەم هاندەری خۆت بیت بۆ سەرکەوتن. ئەگەر چەز بەکاری گۆڤار ئەکەیت، ئەوا گۆڤارێکی

ئامانج دروستبکە تابەرەو پێشچوونەکانت تۆماربکەیت. ئەم گۆڤارە دروست بکە تاوەکو مەودای تایبەتی خۆت بەکاربهێنیت بۆ نووسینی بیرکردنەوەکانت و هەستەکانت و نەهامەتیەکانت وسەرکەوتنەکانت. ئەگەر پێویستت بەوەیە گەشتەکەت لەگەڵ کەسێکی تردا بەش بکەیت، ئەوا ئاهەنگێک لەگەڵ تیمەکەت ڕێکبخە تا شانازی بەسەرکەوتنەکانتەوە بکەن. ئاهەنگ گێڕان بۆ سەرکەوتنەکانت دەربارەی بەرزنرخاندنی کارەکەتە هەروەها سەرچاوەی هاندانتە تابەرەو پێشتربچیت. کۆتایی پەیژەی سەرکەوتنت لەوانەیە پێشکەشکردنی بەرنامە دەنگییە نێودەوڵەتییەکەت بێت. یان پرۆگرامێکی لەشساغی دابنێیت تا کەسە بەتەمەنەکانی گەڕەکەکەت تەندروستتربن. خەونەکەت هەر شتێکبێت ڕێگەی پێمەیە وەکو بیرکردنەوەیەکی بێمانا بێت لەمێشکتدا، ئامانج دروست بکە بۆ خەونەکانت تا تواناکەت پەرەبسێنێت، هەروەکو وتویانە لەکۆنەوە (ئامانجەکان ئەوخەونانەن کەلەسەر قاچیان ئەڕۆن) ئەم چاپتەرە ڕەچاوبکە هەندێک هەنگاوبنێ بەرەو خەونە ئەفسوناوییەکانت .

کردارەکانی سەرکەوتن:

ئەو خەونە چییە کە ئەتەوێت لەو ساڵەدا بیکەیت بەڕاستی؟

....

....

....

....

ئامانجی درەوشاوە بۆ خەونەکانت دروست بکە:

ئامانجە دیاری کراوەکان:

....

....

ئەوئامانجانەی کە دەپێورێت:

....

....

ئەو ئامانجانەی ئەتوانیت بەدەستیان بێنیت:

....

....

ئامانجە دروستەکان:

....

....

ئەوانەی کاتیان بۆدیاری کراوە:

....

Scanned with CamScanner

چاپتەری نۆ
ئەبێت بەچاوی خۆت بیبینیت تاباوەڕی پێبکەی:

هیچ شتێک بێهیوام ناکات، بەقەدەر ئەوەی گوێم لێئەبێت کەهەندێک کەس خەونی گەورەیان هەیە، بەڵام هیچ ئامانجێک و ئەندێشەیەکیان نییە، تا ئەوخەونانە بکەن بەڕاستی. هەبوونی ئەندێشە ئەکەوێتەوە سەر یەک شت: ئایا ئەزانی ئەتەوێت بۆ کوێ بڕۆیت؟ ئەبێت ئەندێشەیەکی ڕوون هەبێت، چونکە هەمووشتێکی ژیانت ئەگوزەرێنێت. ئەمە یەکێکە لە قسە وەرگیراوەکانی ئەلبێرت ئەنیشتاین: ئەندێشە هەموو شتێکە، پێشبینی شتە سەرنج ڕاکێشەکانی ژیانە، کەواتە ئەندێشەکەت هەموو شتێکە. ئەگەر گرنگی بەوە بەیت کەئێستا تۆ لەکوێدایت، ئەوا ئێستات ئەبێت بە ئەبەدیت، تاگرنگی دانەکەت نەگۆڕیت و ئەندێشەکەت زیاد نەکەیت ئەوا ئەو بارودۆخەی ئێستات تۆدیاری ئەکات، ئەگەر ئەندێشە هەموو شتێک بێت ئەبێت دەست بکەین بەگۆڕینی شێوازی بینینمان بۆ شتەگرنگەکانی داهاتوومان.

دروستکردنی ئەندێشەیەکی پلەیەک:

گرنگ نییە تاچەند سەرکەوتویت، ئەبێت بـەردەوام بیت لەپەرەپێدان بەئەندێشەکانمان. لەساڵی ٢٠٠١ ئەوەی ئەمویست فرۆکەیەکی تایبەت بەخۆم بوو، جا(تایلەر پێری)ڕێک لەو جۆرە فرۆکەیەی هەبوو کەمن حەزم لێبوو، بۆیە پەیوەندیم پێوە کرد تادیزاینی ناوەوەی فڕۆکەکە بینم. هەر یەکسەر وێنەکەم پشانی یەکێک لەهاوبەشەکەمدا، هەرگیز بەویستی خۆم ناچمەوە ناوفڕۆکەیەکی بازرگانی.

لەوانـەیـە ئەندێشەی تـۆئـەوە نەبێت کەببیتە خاوەنی فڕۆکەیەکی تایبەت بـەخـۆت. بـەڵام بۆتۆ ئـەو ئەندێشەیەت نەبێت؟ لەناوچەی ئارامی خۆت بڕۆرە دەرە و خەڵاتی خۆت بکە بەبلیتێکی پلە یەک بۆ گەشتەکەی داهاتوت. کاتێ ئەزمونی پلەیەک تاقی ئەکەیتەوە بەردەوامبە لەهەوڵدان تائەو شێوازی ژیانە بکەیت بەهەمیشەیی. ئـەگـەر بەباشی سـەیری خۆت نەکەیت ئەوا بۆچی خەڵک بەباشی سەیرت بکەن؟ باشە ئێستا زۆر بیر لەلێکچواندنی فڕۆکەکە مەکەرەوە. ئەگەر فڕین لەناو فڕۆکەیەکی تایبەتی پلەیەکدا خەونی تۆنەبێت ئـەوە ئاساییە لەوانەیە تێڕوانینت بۆ شتە پلەیەکەکان جیاوازبێت. لەوانەیە شتە گرنگەکانی تۆ بەدەستهێنانی ئەوبڕە پارەیە بێت کەپێویستە تاساڵی جارێک بتوانی گەشتێک بکەیت، لەکاتێکدا چەند ساڵێک گەشتت نەکردووە. بەڵام ئەی چی دەڵێت دەربارەی هەبوونی ئەندێشەیەکی پلە یەک بۆژیانت؟ ئەی چی دەڵێیت دەربارەی دروستکردنی پڕۆگرامێکی فێرکاریی بۆمنداڵان؟ ئـەی چی دەربـارەی دروستکردنی پڕۆگرامێکی پلە یەک بۆ ژیانت؟

ئەی چی دەربارەی خەیاڵکردن بۆ هاوسەرگیریەکی پلە یەک؛ هەبوونی دەرکەوتنێکی پلەیەک؟ ناتوانیت ژیانێکی پلەیەکت هەبێت کاتێ ئەندێشەکەت تەنیا ڕێگەت ئەیات دیمەنی ڕامێنەر.

هەبوونی ئەندێشەیەکی پلەیەک:

ئەگەر شتە پلە یەکەکان لەهەندێک بەشی ژیانت گرنگبن بەلاتەوە، بۆچی گرنگ نەبن لەهەموو بەشەکانی ژیانتدا؟ فرینی پلە یەک لەوانەیە بۆتۆ گرنگ نەبێت، بەڵام هەر ڕۆژێک دێت کە بۆت گرنگ ئەبێت؟ کاتێ بەشی پێویست شتە پلەیەکەکان تاقیدەکەیتەوە ئیتر شتە پلەدوەکان بۆتۆ گونجاو نییە، کاتێ تامی شتە پلە یەکەکان ئەکەیت، ئیتر شتە پلەدوەکان بەس نابێت. من ئیتر لەبەشی دواوەوە دانانیشم کە کۆلایەک و کەمێک بستەت پێشکەش کەن. نامەوێت ئیتر لەفەیەک بکرم ئەمەوێت لەو شوێنەدابم کە سێ بۆ چوار لەفە ئەبەخشن. (دیک گرێگۆری) فێری ئەوەی کردم وتی: ستیڤ تەنیا برۆ شتە پلە یەکەکان ببینە ئیتر بە لەوەکەمتر ڕازی نابیت.

شتە پلە یەکەکان مێشکت ڕائەهێنێت. خەڵاتی خۆت بکە هەندێک جار. برۆ بۆگەشتێکی خۆش. هەموو ساڵێک مەچۆ بۆ کۆبونەوە خێزانیەکەت. لێبخورە بۆ میسیسیپی لەژێر دارێکدا دابنیشە. دیک پێی ووتم: هەندێک جار پێویستە خێزانەکەت ببەیت بۆ شوێنێکی خۆش و سەیر بکە دوای ئەوە چی ڕوئەدات، هەمیشە خەون بەو شوێنە خۆشەوە ئەبینێت و منداڵەکانیشت بەهەمان شێوە.

ڕێگە بەئەندێشەکەت بدە زاڵ بێت بەسەر لۆژیکەکەتدا:

کاتێ مندالْ ڕێگە بەئەندێشەی ئەدات فراوان بێت، ئەوا بیرۆکەی زۆر ناوازە دێت بەمێشکیدا، منداڵەکان بیر لەوە ناکەنە کەشتەکان لۆژیکین و پراکتیکین و یان ئەتوانین بیکەین. تەنیا ڕێگە بەئەندێشەکانیان ئەدەن پەرەبستێنن. بگەڕێرەوە ئەو مەودایەی کەوەکو مندالْ ڕەفتار ئەکەیت، ڕێگە بە دڵت و خولیاکانت بە، کەببنە ڕێنیشاندەری ئەندێشەکەت. کات و مەودا ئەبێت بەلۆژیک لەکۆتایی ڕێگاکەدا. بەلاّم بۆ ئێستا ڕێگە بەئەندێشەکەت بدە تا بتگەیەنێتە ئاستی شتە پلە یەکەکان، کە ژیانت بەرەوپێشەوە ئەبات. ئەندێشەکەت تەنیا ئەوکاتە گرنگە کەپەیوەندی بەتواناکەتەوە هەبێت. ئەگەر ئەندێشەکەت پەیوەندی بەمەبەستەکەتەوە نەبێت. ئیش لەسەر ئاراستەی پێچەوانە ئەکەیت بۆ گەیشتن بەوێنە گەورەکەی ژیانت. من هاوسەری کەسێکم و باوکم، ئەمە ئەو شتە گەورانەن کەلەهەموو شتێک گرنگترن، ناتوانم ئەندێشەیەک دروست بکەم کەببێتە ڕێگر لەبەردەم بەرپرسیارییەتیەکانم وەکو هاوسەرێک و باوکێک. وابیردەکەمەوە کەئەمگەیەنێت بەداهاتویەکی پرشنگدارتر. دڵنیابەرەوە لەوەی کەئەزانیت تواناکەت چییە، پێش ئەوەی ئەندێشەیەک دروست بکەیت. چونکە تۆ ناتەوێت لەناو فرۆکەیەکدا بیت و بلیتێکی پلە یەکت پێبێت، بەلاّم بۆ شارێکی هەڵە گەشت بکەیت.

Scanned with CamScanner

باوەڕبەوە بکە کەئەتوانیت بەدەستی بهێنیت:

خودا توانایەکی پێ بەخشیویت و ئەندێشەیەکی بۆ ئەو توانایە دروستکردووە کەژیان بەکەس ناگەیەنێت، چونکە ئەیەوێت ویستەکانی دڵت بەدەست بهێنیت. ئەندێشەکەت سنووردار مەکە، چونکە وا ئەزانیت لەشوێنی دروستدا نیت و کەسانی دروست ناناسیت، مەزنترین شت دەربارەی دروستکردنی ئەندێشەکەت ئەوەیە کەبەقەدەر خەیاڵەکانت فراوانە، تۆ شایەنی داهاتویەکی پرشنگداری، تەنانەت ئەگەر ڕابردووشت پڕبێت لەشکست، ئەتوانیت ئەندێشەیەکی نوێ دروستبکەیت، واز لەرابردوو بێنەو بیر لەداهاتوو بکەرەوە. مێژوی هەڵەکانت لەیاد بکە و خەون بەسبەینێیەکی درەوشاوە ببینە .

کردارەکانی سەرکەوتن

ئەندێشەکەت بنوسە، با سادەو ساکار بێت

دەربڕینە نوسراوەکەی ئەندێشەکەت بۆ ژیانت بەیانێکی دیارە، بۆ ئەو شێوازە ژیانەی کەئەتەوێت تیایدا بژیت، کاتێک ئەندێشەکەت ئەنوسیت مانادارتر ئەبێت .

....

....

...

بۆردی ئەندێشەکەت سودت پێئەگەیەنێت:

نوسینی خەونەکانم بەرەوپێشبرد، بەدروستکردنی بۆردێک بۆ ئەندێشەکەم. بەتەنیا نەمئەویست زانیاری وەربگرم لەسەر ئەندێشەکەم، بەڵکو ئەمویست ئەندێشەکەم ببینم، کاتێ سەرەتا بۆردی ئەندێشەکەم دروست کرد زۆربەی کەسانی چواردەورم تێنەئەگەیشتن لێم، پێیان ئەوتم ستیڤ توپارەی زۆرت هەیە بۆردی ئەندێشە چ سودێکی ئەبێت بۆت؟ بەلاّم باپێت بڵێم من لەسەر سەرماییەکانم ئیسراحەت ناکەم، ئەمەوێت هەموو ژیانم بەسەربەرم لە پەرەسەندن و گەشەکردن، لەوانەیە ئەمەش بیرکردنەوەی هەموو کەسە سەرکەوتوەکان بێت. ژیانیان دەربارەی ئەوە نییە پارەی زیاتر پەیابکەن، بەڵکو دەربارەی ئەوەیە خزمەتی زیاتر بکەن. من بۆردێکی ئەندێشەم هەیە تا بەردەوام بم لەڕۆیشتن لەژیانمدا، ئێستاش هەندێک شت ماون کەئەمەوێت بەدەستیانبێنم. لەڕابردوومەوە فێربوم کەباشترین ڕێگا بۆبەدەستهێنانی ئامانجەکانم ئەوەیە کەبیانخەمە بەردەمم، تابتوانم هەموو ساتێک بیانبینم. لەهەر شوێنێکدا بم جا لەبەردەم کۆمپیتەرەکەمدابم لەشیکاگۆ، یا ئەتلانتا، یان ئایفۆنەکەم بەکاربێنم. یەکەم شت کەیەتە سەر ئەو وشاشانە بۆردی ئەندێشەکەمە، بەبێ گوێدانە ئەوەی من لەکوێدام، ئەمەوێت هەمیشە بۆردی ئەندێشەکەم لەبەردەستمابێت و پێشڕەوی هەموو بیرکردنەوەکانم بێت. بەتەنیا بۆردی ئەندێشەکەم لەهەموو شوێنێکدا نییە، بەڵکو هەربیرۆکەیەکم ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەباشکردنی ئەولایەنانەی ژیانمەوە کەبۆمن گرنگن. ڕێگەیەک ئەدۆزمە تائەو بیرۆکانە بکەم بەکردار، هەنێک لە

بیرۆکەکانی ناو بۆردی ئەندێشەکانم ئەمانەی خوارەوەیە:

بەدەستهێنانی ڕەیتینی ٣.٥ بۆ بەرنامەکەم (ستیڤ هارڤی شۆ) من ئێستا لەڕەیتینی ١.٤دام و (دکتۆر فیڵ)لە ڕەیتینی ٣.٤ و (ئێلین دیجێنەرەس)لە ڕەیتینی ٢.٩ چوومەتە ماڵی هەردووکیان، دڵنیام لەخۆم کەئامادەم تاشێوازی ژیانی ڕەیتینی ٣.٥هەبێت.

دروستکردنی گۆڕانکارییەک لەئەفریقا ڕێک لەتەنیشت ڕەیتینی ٣.٥ نەخشەیەکی ئەفریقام هەیە. ئامانجەکەم ئەوەیە ملیۆنەها دۆلار پەیابکەم تا یارمەتی ملیونەها کەس بدەم لەم کیشوەرەدا، بەڕاستی نازانم ئەوە چۆن ئەکەم، جارێ بەڵام جوانی بۆردی ئەندێشە لەوەدایە کەمن ئامادەم بۆبەجێهێنانی ئەم بیرۆکانە. ئێستا قسە لەسەر ئەفریقا ئەکەم بەچەند شێوازێکی جیاواز، من باوەڕم بەوەهەیە تائەم بیرۆکەیە لەمێشکمدا بهێڵمەوە ئەوا دەرفەتی گونجاو لەکاتی گونجاودا یەتە پێشەوە.

دابینکردنی سکۆلەرشیپ (بەخششی خوێندن) بۆ خوێندکاران، لەتەنیش نەخشەکەی ئەفریقا، وێنەیەکی قوتابییەکانی زانکۆم هەیە، کە بەواتای ئەو دە هەزار بەخششی خوێندنە یەت کەبۆ خوێنکاران دامان ناوە، من و هاوسەرەکەم. بەتەمام ١٠ملیۆن لەپارەی خۆم دابنێم بۆ ڕێکخراوەکەم. من لە ئێستاوە لەسەر ڕێگای بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەم، تا زیاتریش بایەخی پێبدەم، خودا هاوبەش و یارمەتیدەری زیاترم بۆئەنێرێت، تا ئامانجەکانم بکەم بەڕاستی.

چەند وێنەیەکی زیاترم هەیە لەگەڵ هاوسەرەکەم و خێزانەکەم و چەند ئامانجێکی گەورەی دارایی، بەڵام ئەوانە زۆر تایبەتن، زۆرگرنگە کەبەشێکی ئەندێشەکانت بۆخۆت بەجێبهێڵیت، یان لەگەڵ کەسێکی نزیکترا بەشداری پێکە، خۆشم نارم

چۆن دە هەزار قوتابی ئەنێرم بۆ زانکۆ، یان چۆن گۆڕانکاری لەژیانی کەسە هەژارەکانی ئەفریقا بکەم، یان بەچ ڕێگایەک بەرنامەکەم بگاتە ڕەیتینی ٣.٥ . تەنیا ئەوەم لەسەرە بیکەم، کەبۆردی ئەندێشکەم بهێنمە پێش چاوم و پرسیاربکەم و ئیش بکەم و ئامادەبم بۆ وەرگرتن. بۆردی ئەندێشەکەم یارمەتیم ئەدات تاخەیاڵێکی فراوانم هەبێت و هەموو بەربەستەکانی سەر ڕێگاکەم لابەم، سوربم لەسەر تواناکانم و مەبەستەکانم بۆژیان لەسەر زەوی.

پێناسەی ئەوە بکە کەئەتەوێت بەدەستی بهێنیت.

ئێستا کەئەندێشەکەت و ئەوشتانەی بایەخیان پێدەدەیت لات زۆر ڕوونـە، پێنج بۆ حەوت سیناریۆ بنووسە، کەبەشە جیاوازەکانی ژیانت دەردەخـات، دڵنیابەرەوە لـەوەی هەموو ئامانجەکانت تەنیا پیشەیی یـاخـود دارای نییە، پێویستە ئەندێشەکەت بەتەواوی لەهەموو ئەولایەنانەی ژیانت ڕەنگ بداتـەوە کەبۆت گرنگن، وەکـو خێزانەکەت و هاوڕێکانت و پەیوەندییەکانت لـەگـەڵ تـەندروستـی ڕۆحـی و دەرونـی و جەستەیت وهەبونت لە خزمەتگوزاریەکاندا. تەنانەت لەگەڵ ئەو گەشت و شتە مادیيانەی کەشایستەتن. گرنگە کەتۆ پێنج بۆ حەوت ئەندێشەت هەبێت کەئەو لایەنانە بەرجەستە بکات. ئەمە ڕێگەت لێئەگرێت کەگرنگی بەلایەنێک بدەیت و لایەنەکانی تر پشتگوێ بخەیت. کاتێ سەیری هەموو ئەندێشەکەت ئەکەیت ئەبێت ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی تۆ بێت.

Scanned with CamScanner

بۆردی ئەندێشەکەت دیزاین بکە:

١.وێنەکانی ناو بۆردەکەت بەشێوازێکی جوان ڕێکبخە، کەواتلێبکات بتوانی هەموو ڕۆژێک سەیری بکەیت. بەپێی ویستی خۆت ئەتوانی زۆر سادە دروستی بکەیت، یان زۆر ورد. گرنگترین شت ئەوەیە کەهاندەرت بێت تا خەونەکانت بەدیبهێنیت بۆردەکەی من تەنیا وێنە و چەند وشەیەکی تێدایە کەمانای زۆری هەیە لامان. هەندێک کەس ئەناسم کە بۆردەکانیان وەکو وێنەیەکی قەشەنگ وایە، ئەوە گرنگە چی سودی ئەبێت بۆت. ئایا ئەتەوێت بۆردەکەت بەرجەستەیی بێت یان خەیاڵی؟ ئەمە بەتەواوی پەیوەندی بەشێوازی ژیانتەوە هەیە، ئەگەر تۆش وەکو زۆربەی کەسیت و مۆبایلەکەت بوەتە ڕزگارکەری ژیانت، ئەگەر وابیت ئەوا بۆردێکی دیجیتاڵی بۆتۆ گونجاوە، بەس ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەنەتوانی (پرێنت)ی بکەیت لەژوری نوستنەکەت، یان ئۆفیسەکەت، یان لە سەیارەکەت هەڵیواسیت، باشی بۆردی دیجیتاڵی لەوەدایە ئەتوانیت هەردوکیانت هەیە. ئەگەر بتەوێت بەشێوازی کۆن هەڵسوکەوت بکەیت، ئەوا ئەتوانیت وێنەکان پرێنت بکەیت و بیانخەیتە سەر پەڕەیەک، ئەنجامەکەی هەرهەمان شت ئەبێت.

٢.وێنە و ڤیدیۆکان بخەسەر بۆردەکەو ئەگەر نیشاندەری ئاڕاستەی داهاتوتبن، ئەوا سودی دەبێت، زۆر چەقبەستو مەبە. کاتێ سەیری ئەکەیت ئەبێت بەڕونی ئەوە دەربخات کەتۆ ئەتەوێت ئەو شوێنە کوێیە کەئەتەوێت پێی بگەیت.

٣.بۆردەکە لەزۆربەی شوێنەکاندا هەڵبواسە، ئەوە زۆر گرنگە، هەندێک کەس ئەناسم کەجوانترین بۆردی ئەندێشەیان

دروست کردووە، کەهەرگیز سەیریان ناکەن، مەبەستەکە ئەوەیە کەبەبیری خۆتی بهێنیتەوە ئەوشتە چییە کەتۆ خۆتی بۆماندوو ئەکەیت. ڕێگە مەیە بۆردەکەت خۆڵی لەسەر بنیشێت و ببێت بە وێنەیەکی تری ناو مۆبایلەکەت. ئاگاداربە لەوەی لەکوێدا دایدەنێیت و هەمیشە با لەخەیاڵتدابێت. ئامانجی سەرەکی هەبوونی بۆردێکی ئەندێشە ئەوەیە کە ژیانێکی شایستە بۆخۆت فەراهەم بکەیت. بەڕاستی باوەڕم وایە بۆردی ئەندێشەکەت یارمەتیت ئەدات ژیانێکی باشترت هەبێت.

هەندێک بیرۆکە کاتی زیاتری ئەوێت تا جێبەجێی بکەیت. بەڵام ئەگەر بایەخی پێبدەیت و خۆت زۆرماندو بکەیت، من شایەتی ئەوەت بۆ ئەیەم ئەوەی باوەڕت پێیەتی دێتەسەر ڕێگاگەت. هەندێک شت ئەبێت کەئەزانی چۆن بەدەستیان بێنیت، هەندێک شتی کەش هەن کەئەبێت بەجێی بهێڵیت بۆخوای گەورە، ئەوکەسانەی خاوەن باوەڕن زۆربەی کات ئەم دێڕەی کتێبی پیرۆز ئەڵێنەوە: ((٣:٦لەهەموو ڕێگاکانت پەنای بۆببە ئەویش ڕێگاکەت پیشاندەدات)).

کاتێ گرنگی بەئەندێشەکەت ئەدەیت و پەیوەستی ئەکەیت بەتواناکەت ئەوا تۆ لەسەر ڕێگای سەرکەوتنتیت.

CS Scanned with
Scanned with CamScanner

چاپتەری دە
لێکچواندنی (پیاوێک لەسەر پەتێک):

من بۆماوەیەکی کەم هاورێی خوالێخۆشبوو(پوتچ لویس) بوم، کاری بەڵێندەری ئاهەنگی وەرزشی ئەکرد، کاتێکی زۆرم لەگەڵ پوتچ بەسەرنەبردوە، زۆربەی گفتۆگۆکانمان لەڕێگەی تەلەفۆنەوە بوو، بەڵام ئەوکاتەی ناسیم من زۆر لەژیان بێ هیوابوبوم، لەدەوروبەری ساڵی ٢٠٠٥بوو هەوڵی ڕێکخستنەوەی ژیانم ئەدا. لێکچواندنێکی بۆ باسکردم لەیەکێک لە گفتوگۆکانماندا کەلەمێشکمدا جێگیربوو. من ناوی ئەنێم (لێکچواندنی پیاوێک لەسەر پەتێک). بۆئەوانەمان کەهەوڵی سەرکەوتن ئەدەن، ئەتوانین گەشتەکەمان بەراورد بکەین بەڕاکێشانی عەرەبانەیەک لەدامێنی هەورازەکە بۆ سەرەتای هەورازەکە، ئەوانەی هەوڵی ئەو سەرکەوتنە ئەیەن، زۆربەی کات پێشڕەوەکانی بازرگانین، خاوەنی بازرگانی تایبەت بەخۆیانن، سەرۆکی خێزانەکەیانن، سەرکردەی ڕێکخراوەکانن، ڕێنیشاندەری منداڵەکانن، یاخود قەشەن لەکڵێسادا. ئەم عەرەبانەیە وەکو ئەوعەرەبانانە لەتەختە دروستکراوەکان وایە کەلەسەرەتای ژیانی ئەمریکییە خۆرئاوایەکاندا هەبوو، بەرپرسیاربیەتیەکەمان ئەوەیە ئەو

هەورازەکە.

سەیارەیە بخەینە سەرەوەی هەورازەکە.
عەرەبانە تایەی لاستیکی نییە و ماتۆڕی نییە، وایەری سوکانی نییە، تەنیا عەرەبانەیەکی کۆنە کەهێزی ئەخەیتە سەر تابەسەر هەورازەکەیا سەربکەوێت، نە لەئەسپێک یان کەرێک نەبەستراوە، تەنیا پەتێکی ئەستوری پێوەیە کەلە قوماشی گوێنی دروست کراوە. بیر لەیەکێک لەو پەتانە بکەرەوە کەلە هۆڵەکانی لەشجوانیدا هەیە، بەڵام قەبارەکەی دوو ئەوەندەیە، پەتەکە زۆر ئەستورو زبرە، دەستی ئەوە ئەبڕێت کەئەیگرێت دەستەکانی تۆ، بەڵێ ئەوە تۆیت کەپاڵ بە عەرەبانەکەوە ئەنێیت بەرەو سەرەوەی هەورازەکە، پانتۆڵەکانت دڕاون و چڵک دایگرتون، ئەم سەرکەوتنە بەسەر هەورازەکە بەبێ پێڵاو ئەنجام دەدەیت، هیچ هێزێکی ڕاکێشان نییە تابەجێگیری بتهێڵێتەوە، تۆ ئارەق ئەکەیتەوەو پەتەکە لەسەر شانتە، پێستیت بریندار ئەکات، بارودۆخێکی هیچ ئاسان نیە. ئەوەی گەشتەکەت قورستر ئەکات ئەو قورساییە زیادەیە کەهی ئەو کەسانەیە لەسەر عارەبانەکەدان. تۆئەوانیش هەڵئەگریت، ئەوکەسانەی کەئەتوانن سەر عەرەبانەکە بکەون، ئەوانەن خۆت ڕێگەیان پێئەیەیت. ئەگەر تۆ کەسێکی زیرەک بیت، ئەوا ڕێگە بەو کەسانە ئەیەیت سوار بن کەیارمەتیت ئەیەن لەسەرخستنی عەرەبانە قورسەکەدا بەسەر هەورازەکەدا. تۆ عەرەبانەیەکت ناوێت پڕبێت لە قورسایی زیادە، کەسێ کەناتوانێت پاڵبنێت تۆ ئەو کەسەیت ئەتەوێت سەرکەوتوبیت. تۆ خاوەنی ئەندێشەکەیت و توناکەت هەیە، ئەتەوێت کێ سوارعەرەبانەکەت بکەوێت؟

خەڵک ئەتوانێت یارمەتیت بدات، بەڵام ناتوانن پەتەکەت بۆڕابکێشن، ئەو کەسانەی ئەتەوێت لاتبێن ئەوانەنەن کە قاچێکیان

لەلایەکەو بەقاچەکەی کەیان پاڵ بەعارەبانەکەوە ئەنێن بۆ سەرەوەی هەورازەکە، ئەوان ئەوەنە بەهێز نین ببن بەخاوەنی عەرەبانەی خۆیان، بەڵام ئەوەنە بەسود ئەبن تارێگەیان پێبەیت پارمەتیت بدەن لەسەرخستنی عەرەبانەکەتدا. هەندێک کەس هەیە لەناو عەرەبانەکەدا کەئیشیان ئەوەیە خواردنت بۆلێنێن بەدرێژای ڕێگاکە. ئەگەر تۆ پیاوێک بیت لەوانەیە پێویستت بە ئافرەتێکبێت، تابێتە خوارەوە لەسەر عەرەبانەکەو بەهێواشی دەستبێنێت بە برۆتدا و ئارەقەت بسڕێت، تا نەچێتە ناو چاوتەوە، تەنانەت ئامادەبێت کە بەردەکان لەسەر ڕێگاکەت لابات، ئەو هانت ئەدات تابەرەو پێشتر بڕۆیت. کاتێ دادەنیشێت و کەمێک ئیسراحەت ئەکەیت نابێت بێ ئاگابیت، ئەبێت پەتەکە لەچواردەوری کەمەرت ببەستیت کاتێ پاڵ ئەکەویت و ئیسراحەت ئەکەیت. هەموان هێشتا لەسەر عەرەبانەکەن، تەنانەت کاتێ ئەخەویت عەرەبانەکەت هەر قورسە. ڕێگە بەخێزانەکەت ئەدرێت کەلەتەنیشتتەوە پاڵ بکەوێت تا هێزت پێببەخشێت، واتا ئەو پێویستیانەت پێببەخشێت تاتوانای ئەوەت هەبێت لەگەشتەکەت بەردەوامبیت. بەڵام ئەو ناتوانێت پەتەکە ڕابکێشێت ئەو ئەتوانێت هانتبدات، بەڵام ئەو ناتوانێت پەتەکە ڕابکێشێت. ئەتوانێت وشەی یارمەتیدەر بچپێنێت بەگوێچکەتدا، بەڵام ئەو ناتوانێت پەتەکە ڕابکێشێت، پەتەکە بەتەنیا هی تۆیە.

ئەوکەسانەی لەناو عەرەبانەکەتدان ئەبێت ڕۆڵی جیاواز ببینن، تا یارمەتی سەرکەوتنەکەت بدەن. ئەگەرنا چ مەبەستێکی هەیە لەگەڵ خۆمانیان ببەین؟ ئەبێت کەسێک هەبێت تاپارەکانت بژمێرێت. واباشترە کەسێک هەبێت تا ئامۆژگاریت بکات.

Scanned with CamScanner

کاتێ هەموان لەگەڵ خۆت ئەبەیت، کێشەکە لەوەدایە هەموویان یارمەتیدەرنابن. کاتێ ئەبینن ئاگات لێیە یەکسەر دەستی لێبەرئەدەن و تەنیا سوار ئەبن. هەندێک کەس ئەوەندە تیایدا شارەزابون واخۆیان دەرئەخەن لەناوەڕاستی عەرەبانەکەدان و پاڵ ئەنێن، کەلەڕاستیدا هیچیش ناکەن تەنیا سواربونی عەرەبانەکە نەبێت. زۆر کەسی سەرکەوتوم بینیوە کەچاویان ئاوی کردوە کاتێ ئەم چیرۆکەم بۆ گێراونەتەوە. ئەو قورساییە زیادەیان بەبیر دەهێنێتەوە کە هەڵیانگرتوە، لەگەڵ ئەوکەسانەی تەنیا بۆ گەڕان هاتون. ئەو هاوڕێیانەی سودیان لەبەخشندەییەکەیان بینیوە. ناخۆشترین سیناریۆش ئەو هاوسەرەیان بەبیرهێناوەتەوە کە ڕایان کردوە و پارەکەیان دزیوە.

کێ لەناو عەرەبانەکەتدایە؟

(جۆیل ئۆستین) پێی وتم خوای گەورە هەرلەسەرەتاوە ئەوکەسانەی بۆڕیز کردویت تا یارمەتیت بدەن بگەیت بە خەونەکانت وئەندێشەکانت، ئەوەی تەنیا لەسەر تۆیە بیکەیت خۆت ڕزگاربکەیت لەکەسە نەشیاوەکان.

ئەتەوێت کێ لەناوعەرەبانەکەتدا بێت و ئەی کێ یارمەتیت نادات تا سەربکەویت بەسەر هەورازەکەدا؟ تۆ ئەو کەسانەت ئەوێت کەهانت ئەدەن بەرەو پێش بچیت، کاتێ عەرەبانەیەک ڕائەکێشیت بەسەر هەورازێک هەموو ئەوانەی لەناویدان ئەبێت ڕۆڵێکی بەنرخیان هەبێت لەپرۆسەکەدا، ئەگەر من عەرەبانەیەکی کۆن وپەتێکم هەبێت بەدڵنیایەوە کەسێکم ئەوێت کە هەر هیچ نەبێت شەوان بێت بەرمکەرەوەی قوماش بڕژێت

CS Scanned with CamScanner
Scanned with CamScanner

بەسەرپەتەکەدا تا کارەکەم کەمێک ئاسانتر بکات. لەوانەیە کەسێک قوتویەکی ڕۆنی پێبێت تا تایەکانی پێ چەور بکات. یان کەسێک توانای چاککردنی تایەیەکی شکاوی هەبێت یان کەسێک کاری چاکردنەوەی عەرەبانە ئەکات ئەگەر برغویەک شل بێتەوە. ئەتەوێت ئەو کەسانەت لابێت کە یاریدەدەر ئەبن لەگەشتەکەتدا.

زیادکردنی شێوە بۆ عەرەبانەکەت:

کاتێ دەست ئەکەیت بەهەڵبژاردنی نمونە بۆ عەرەبانەکەت، ئاگاداربە کەئەوان شێوەی تواناکەیان دەرئەخەن. من چەند هەڵبژاردنێکی هەڵەم بینیوە کاتێ خەڵک نمایشکارێکی هەڵەی هەڵبژاردوە بۆ ڕۆڵێکی هەڵە. ئەتوانیت پیاوێک هەڵبژێریت کە بازرگانێکی لێهاتوبێت، بەڵام هاوسەرێکی زۆر خراپبێت. ئێستا تائەو بازرگانێکی نمونەیی بێت تۆ لە بارودۆخێکی باشدایت. من پێشنیاری ئەوەم بۆکردیت کەئەو کەسە نمونەییانە بناسێنە کەڕابەری و ژیری بەتواناکەت و پیشەکەت و باری داراییەکەت و تەندروستیەکەت ئەبەخشن.

کاتێ کەسێک هەڵئەبژێریت تا کاڵایەکت بۆنیشانبات، ئەبێت تۆمارێکی سەرکەوتنی هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا کەسە نمونەییەکە ئەبێت پابەندبونێک نیشانبدات، تا ڕێوشوێن بۆ ئەوانەی تر دابنێت. شارەزابوون لەبوارێکدا ئەوە ناگەیەنێت کەتۆ هێزێکت هەیە وئەبێت خەڵکی لاسایی بکرێتەوە. لەوانەیە ڕێی نزیکبونەوەت هەبێت لەبەرپرسێکی هەڵبژێردراو کەبەبەردەوامی هەڵئەبژێرێتەوە. پارەیەکی بێشومار کۆئەکاتەوە. لەڕاستیدا هەندێک کار بەئەنجام ئەگەیەنێت، بەڵام ڕەوشتی نییە ئێنر بۆ

ئەتەوێت لاسایی رەفتارەکانی بکەیتەوە؟ ئەبێت ئامرازەکانت بارێدەدەربن بۆ هەڵبژاردنی کەسە نمونەیەکان، بەقەدەر تواناکانت و ئامانجەکانت.

رزگاربونت لەقورساییە زیادەکان:

ئینجا باباسی ئەو کەسانە بکەین کەناتەوێت لەناو عەرەبانەکەتدا بمێننەوە، لەبەر ئەوەی قورسایی زیادەن. ناتوانیت خەونەکانت و ئەندێشەکانت لەگەڵ هەموو کەسێدا بلاوبکەیتەوە، ئەگەر خەونەکانت لەگەڵ هەموو کەسێکدا بلاوبکەیتەوە یەکەم شت کەپێت دەڵێن ئەوەیە کە سەرکەوتوو نابیت لەئەنجامەکانت، ئەبێت یەکسەر پەیوەندیان لەگەڵدا بپچڕێنیت، ئەم کەسانە خۆیان خاوەنی ئەندێشە نین، ئەوەنە ژیریان نییە تابزانن ئەمە گونجاو نییە بۆئەوان، بەڵام بۆتۆ گونجاوە. ئەوەی پێویستت نییە بیزانیت ئەوەیە بزانی چۆن شتێک ئەنجامی نابێت، بەڵکو چۆن شتێک ئەنجامی دەبێت. واز لەوکەسانە بهێنە کەتەنیا لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەگەڵتدان. پێش ئەوەی تێکەڵیان بیت. من چەند پرسیارێک لە خۆم ئەکەم:

ئایا دامەزراندنی ئەم کەسە، ڕێکخراوەکەم بەهێزتر ئەکات؟
ئایا تێکەڵبوونم لەگەڵ ئەم کەسە ئەمکات بەکەسێکی باشتر؟
ئایا ئەم کەسە ئەوزانیاریانەی پێیە کەمن نیمە؟ ئایا ئەم کەسە ئەگەری باشکردنی باری داریم فەراهەم ئەکات؟ ئەگەر من نەکات بەکەسێکی باشترو بەهێزتر، ئەگەر بەهای هیچ شتێک زیادنەکات، ئیتر بۆ قسە لەگەڵ یەکدا بکەین؟

ئێستا ئێمە کەسێکمان هەیە کەئامانجێکی هەیە، کەخزمەت بەخۆی، ... کاریگەرەکان ئەوە ئازانن

تاکە ڕێگەی بونیان بەسەرکردەیەکی بەهێزتر ئەوەیە بەخزمەتکەرێکی گەورەتر. هەندێک کەس تەنانەت ئامەدەنین ببن خزمەتت پێبگەیەنن، بەڵام لە چواردەورت ئەمێننەوە تا سودت لێ ببینن. پێویستیەکانیان پێش ئەندێشەکەی تۆ ئەخەن و بەگرنگتری دائەنێن. ئەوە کەسێکی مەترسیدارە، ئەتوانن وات لێبکەن هەست بە بێ هێزی بکەیت.

خۆت لەو کەسانە بەدور بگرە کە هەمیشە بێ جەون. لەمێشکی خۆیاندا ئەڵێن هیچ شتێک بۆ ئەوان ناچێتە سەر. ئەوان نەخۆشییەکی درێژخایەنیان هەیە بەناوی (منی داماوو) کە دەربڕینە لەشتێکی ناخۆش کەبەسەریاندا دێت. ئەم جۆرە لەنەرێنیبوونی جۆش و خرۆش لەناو دەبات. پێویستیت بەدەربڕینی منی داماوو نییە هەموو ڕۆژێک. جۆرێکی تر لەکەسایەتی کەهەیە، ئەمەوێت خۆتی لێ دوربگریت ئەو کەسانەن کەئەیانەوێت هەمیشە لەسەر حەق بن، هەموو شتێک ئەکەن تاقسەی ڕاست قسەی خۆیان بێت، بەس هەمیشە لەسەر حەق نابن. کێ کاتی هەیە تا لەگەڵ ئەم جۆرە کەسایەتیانە پەیوەندی هەبێت؟ ئەگەربتەوێت بۆکوێ بڕۆیت ئەو یارمەتیت نایات. پێویستیش ئەکات هەمیشە خۆت لەدواخستنی کارەکانت بدزیتەوە، دواخستنی کارەکانت بەرەو خوارەوە ڕاتدەکێشێت. چالاکی ڕەچەتەی بەردەوام بوونە بۆ پێشەوە، چالاکی بێتاقەتی لەناو دەبات. ئەوکەسانەی شت دوا ئەخەن، هەمیشە لە چاوەڕوانیدان و بەهانەی زۆرتر ئەدۆزنەوە تازیاتر چاوەڕێ بکەن، بەووتنی کاتەکە گونجاونییە لەئێستادا، چاوەڕێ ئەکەم تاخۆر هەڵدێت، درەنگ خەبەرم بۆتەوە، تەلەفۆنم بۆکردن و هەڵیان نەگرت ،وەلامی ئیمەیلەکەیان نەیامەوە. شت دوانخەر

ناگەن بەهیچ، ڕێگەیان پێمەیە لەگەشتەکەت بەرەو سەرکەوتن دواتبخەن. واباشترە لەگەڵ ئەوکەسانەدا بیت کەبیروباوەڕنان هاوشێوەیەو بەرەو خزمتکردن هەوڵئەدەن و ڕازین بەبەشی خودا، ئەوکەسانەی کەهەوڵئەدەن ئامانجەکانیان بەدەست بهێنن و شتێک بۆ گفتوگۆکە زیاد دەکەن.

کردارەکانی سەرکەوتن:

ئەبێت کێ لەژیانت دەربکەیت .... وە چۆن؟

ناوی ئەو کەسانە بنووسە کە ئێستا زۆر لێت نزیکن و ئەبێت بەتەواوی لەژیانت دوریان بخەیتەوە نەک تەنیا بیان خەیتە دەرەوەی سنوری ژیانت. چۆن ئەو گۆڕانکاییەیان لەگەڵدا باس ئەکەیت بە جیا؟.

....

....

....

....

....

....

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

چاپتەری یانزە
هیچ کەسێک ناتوانێت بەختی خۆی دروست بکات:

من زۆر ڕاستگۆ ئەبم لەگەڵت: تائەم ماوەیەش باوەڕم وابوو ئەتوانم بەتەنیا زاڵبم بەسەر ژیانمدا، لەلایەن دایک و باوکێکی بەهێزەوە گەورەکرابوم، کەفێری ئەوەیان کردوم ژیان هیچ قەرزارم نییە، پێیان وتم ئەگەر شتێکم بوێت ئەوەم لەسەرە سەرم دانێم و نوێژێک بکەم ئینجا هەوڵبدەم. من ئەم ئامۆژگاریەم بەجۆرێک پەیڕەو کردبوو کە ژیانم تەنیا فەلسەفەی ئیشکردن و داوانەکردنی هیچ شتێک بوو لەکەسانی چواردەورم، بۆ بەشێکی ژیانم ئەم ستراتیجییە بەکەڵک ئەهات. بەڵام لەڕاستیدا براوە نەبوم، من دوو ئەوەندە ئیشم ئەکرد تا نیو ئەوەندەم دەست ئەکەوت. تائەو کاتەی من بێفیز نەبووم و بەگوێ دەستم کرد بە گوێگرتن لە کەسە سەرکەوتوەکان و تەماشام ئەکرد چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتردا ئەکەن، ئینجا زانیم کەچەند یاسایەکی ترهەیە بۆژیان. ئیتر دەستم کرد بەناسین و ناسینەوەی ئەوکەسانەی ئەیانەوێت یارمەتیم بدەن وئیش وکارم لەگەڵدابکەن و بەڕاستی دڵسۆزم بوون و حەزیان بەسەرکەوتنم

Scanned with CamScanner

ئەکرد. نامەوێت ئینکاری لەهیچ شتێک بکەیت،
شانازی بەخۆتەوە ئەکەیت و کەلەڕەقیت، چونکە تۆ زۆر
کەهەندێک جار خودا ئەو کەسانە ئەکات بەهۆکاری کەیشتنت
بەچارەنوسست. ئەم کەسانە وەکو سندوقی کەنجینەوان،
لەساتێکی ستراتیجی گەشتەکەتدا وەستاون، تائەوەت بۆدابین
بکەن کەئەتەوێت، داواکردنی یارمەتی تاکە کلیلی سنوقەکەیە
تاسنوقەکە بکەیتەوە وسود لەگەنجینەکە وەربگریت.

هەرشتێک کەشایەنی باسکردن بێت لەژیانتدا، پێویستی
بەتوانایەکی زۆر لەوە زیاترە کەتۆ هەتە. چۆن سود لە
پەیوەندییەکانمان وەرئەگرین کلیلی سەرکەوتنەکانمانە. کاتێ
بەردەوام ئەبیت لەگەشتەکەت ئەبێت پەیوەندی لەگەل کەسانی
تردا ببەستیت، چونکە هیچ کەسێک پیاوبێت یان ئافرەت بەتەنیا
ناتوانێت سەربکەوێت، هیچ کەسێک شتێکی زۆر بەبەها بەتەنیا
دروست ناکات. هیچ هەڵەیەک لەوەدانییە ببیت بەهاوبەشی
کەسێکی تر. زۆربەی کات خەڵک دەرفەتەکان لەدەست ئەدەن،
چونکە ویستویانە بەس بۆخۆیان بێت. بەمجۆرە سەیربکە
ئەتوانی هەموو کێکە هەشت ئینجیەکە بۆخۆت بێت، یان
ئەتوانیت نیوەی پارچەیەک وەربگریت، لەکۆتایی ڕۆژەکەدا
ئەوپارچەیە زۆر بە بەهاترە لەوەی هەموو کێکەکە هەڵبگریت
بۆخۆت. هەروەها ئەبێت بەدوای ئەو کەسانەدا بگەڕێیت
کە هاوشێوەن لەبیرکردنەوەدا و هەمان درێژی شەپۆلیان
هەیەوەکو تۆ. هاوبەشیکردن کەسێکی ترت ئەیاتێ تابیرۆکەکان
لەگەڵ یەکدا ئاڵوگۆڕبکەن. ئەوان یارمەتیت ئەیەن بەبینینی
شتەکان لەڕەهەندێکی ترەوە کەتۆ هەربیریشت لێنەکردوەتەوە.
کاتێ هاوبەشێکی [illegible] جا پیاوبێت یان ئافرەت، مەرج نییە

Scanned with CamScanner

بێت بەهاوبەشی ژیانت. ئەوکەسانەی لەسەرەتای گەشتەکەدا لەگەڵتان لەوانە نییە تاکۆتایی لەگەڵتدا بمێننەوە، لەسەرەتای ژیانمدا هاوبەشی زۆرم هەبوو، بەس هەرزو زانیم هەموویان توانای ئەوەیان نییە لەگەڵمدا بێن بۆ ئاستێکی بەرزتری ژیانم.

پەیوەندی لەگەڵ ئەوانەدا ببەستە کەخاوەن ئەندێشەن:

من زۆر سوپاسگوزارم، چونکە خودا هەمیشە کەسانی خاوەن ئەندێشەی ئەهێنایە ناو ژیانمەوە، تا هانم بدەن لەوکاتانەی من بێ هیوابووم. یەکەم جار کەفێربوم لەگەڵ کەسانی تری خاوەن ئەندێشەدا پەیوەندی ببەستم، لە ساڵە سەرەتاکانی زانکۆ بووم لەشاری کێنت. (ئەرسینیۆ هاڵ) و من لەهەمان کاتدا لەزانکۆ بوین. هەموو گروپەکەم باسی ئەوەمان ئەکرد کەبۆکوێ بچین بۆ گەشتی هاوینە، زۆربەمان هاوین ئیش و کارمان هەبوو، بەڵام ئەرسینیۆ وتی: من ئەڕۆم بۆ هۆڵیود. زۆر پێی پێکەنین، چونکە قسەکەی بێمانابو بۆمان، تەنانەت وتم: جاتۆ چی ئەکەیت لە هۆڵیود؟ تەنانەت بۆی نەوەستا ووتی: ئەچم تابەناوبانگ بم، بینیبوم کەچەند وانەیەکی شانۆی هەبوو لەزانکۆ، بەڵام نەمزانی بوو کەوا شتەکە بەبایەخ بووە لای، بەدڵنیاییەوە ئاسنیۆ چوو بۆ هۆڵیۆدو منیش ئەو هاوینە وازم لەزانکۆ هێنا.

دوای ئەو هاوینە من خەونەکانم لەیاد کرد و دەستم بەئیشێک کرد لەئوتێل، کە لەکاتژمێرێکدا سیانزە دۆلارم هەبوو، زۆر ڕقم لەئیشەکەم ئەبوەوە، تەنیا گرنگیم ئەدا بەپارە پەیاکردن بۆکرێی خانوەکەم. لەنیوەی شەوەوە ئیشم ئەکرد تا کاتژمێر

هەشتی سەرلە بەیانی، هەموو ڕۆژێک بە هیلاکیەکی زۆرەوە ئەگەڕامەوە ماڵەوە، لەکاتێکدا هەموو هاوڕێکانم زانکۆیان تەواو کردوەو دەستیان کردوە بەژیانیان، منیش هەرخەریکی ئیش گۆڕین بوم، بەزۆر ئیشێکم دەست ئەکەوت، چونکە لەزۆربەی ئیشەکانم دەرکرابوم و بۆم دەرکەوت کەئەمە ژیان نییە، بەڵکو تەنیا هەوڵدانە بۆ مانەوە. چەند ساڵێک پێش ئێستا، لەشەوێکدا لەکۆتایی سیسەمەکە دانیشتبووم و سەیری تەلەفزیۆنم ئەکرد، خۆم بۆچوونە سەر کار ئامادە ئەکرد، گوێم لێبوو: ((لە کلیڤلاند ئۆهایۆوە ئەرسینۆ هۆڵ تان پێشکەش ئەکەین)) .تۆزێ چومە پێشەوە و سەیری تەلەفیزیۆنەکەم کرد تا دڵنیاببمەوە کە ئەوە لەکۆنسێرتێکی ڕۆک کەهی (دۆن کریشنەربوو).

ئەوەتا ئۆرسینیۆ سەرکەوتنی بەدەستهێنا بوو، ئەوەتا بوە بەکۆمیدیەن و قسەی خۆی بردەسەر. کەوتی: ئەبم بەکەسێکی سەرکەوتوی هۆلیود، بەسەر سورمانەوە دانیشتبووم سەیرم ئەکرد، دەستم کرد بەتەلەفۆن و بەهەموو هاوڕێکانم ووت: تەلەفزیۆن داگیرسێنن. کاتێ شەو گەڕامەوە ماڵەوە هەرئەمووت من ئەو هاوڕێیەم باش ئەناسی ئەویش هەروەکو من خەونی هەبوو، ئەگەر ئەو خەونێکی مەزنی هەبێت وهێنابێتیە دی، منیش ئەتوانم هەمان شت بکەم. تائەم ساتەش نازانم ئەگەر ئارسینیۆ ئاگاداربێت کە هۆکاری گۆڕانی ژیانی من بووە. بەڵام ئەوە فێر بوم کە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی تری خاوەن ئەندێشەو خولیا ئەوا هاندەرت ئەبێت تا بیرت بهێنێتەوە کەخەونێکت بۆ خۆت هەبێت.

CS Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

داواکردنی ئەوشتانەی ئەتەوێت:

هیچ کەسێک لەخۆیەوە نابێت بەشت، پێویستت بەکەسانی چواردەورتە، تا هانتبدەن و یارمەتی دەربن. دڵنیاشم کاتێک دێت کەپێویستیت پێیان ئەبێت بۆدابینکردنی سەرچاوەیەکی دارایی و ئامۆژگاری، گرنگی بابەتەکە چییە ئەبێت ئەوەنە باوەڕت بەخۆت هەبێت، تاداوای یارمەتی بکەیت. هەموو کاتێ ئاوا بیرم نەکردۆتەوە، لەڕاستیدا ئەوەی هانیدام داوای یارمەتی بکەم ئەوە بوو کەمن هیچم نەبوو تا لەدەستی بدەم. پێویستم بەوە نەبوو هیچ شتێک بسەلمێنم و هیچ شتێکم نەبوو تا شەرمی لێبکەم. بۆیە لە وشەی نەخێر نەئەترسام. زانینی ئەمە باوەڕبەخۆبونمی دوو ئەونە زیادکرد. هێزی پێبەخشیم تا بڕۆم داوای یارمەتی بکەم. باوەڕناکەیت چەند کەسی سەرکەوتوو هەیە لەچواردەورت، کە چاوەڕێی کەسێک ئەکەن تابێن و داوای یارمەتی یان ئامۆژگاریان لێبکەن. ئەمتوانی خۆم لەئازارێکی زۆر ڕزگاربکەم، ئەگەر بەلامەوە ئاسایی بوایە داوای یارمەتی بکەم. من نەمئەزانی چەند کەس هەیە وەستاون و چاوەڕێی ئەوە ئەکەن گفتوگۆیەکم لەگەڵدا بکەن، یان حەز بکەن پەیوەندیەکیان هەبێت لەگەڵمدا .

(ماجیک جۆنسن) بەلایەوە ئاساییە قسە بکات. (جۆن هۆپ برایەنت) هیچ کێشەیەکی نییە لەگفتو گۆکردن لەگەڵمدا. (تایلەر پێری) بەلایەوە ئاساییە قسە بکات، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەلایەوە ئاساییە قسە بکات. ڕێکخراوە گەورەکانی وەکو (ویلیام مۆریس ئیندیڤەر) بەلایەوە ئاساییە قسەم لەگەڵدا بکات. سەرۆکی لیژنەی ((NBA بەلایە...

ئاساییە قسەم لە گەڵدا بکات، ئەوەنە خۆم سەرقاڵکردبوو بە خۆبەزلزانینەوە کە نەمئەتوانی داوای یارمەتی لەکەس بکەم، خەریک بوو هەلەکان لەدەست بدەم.

ئاساییە کە دابنیشیت و بیرکردنەوەکانت لەگەڵ کەسانی هاوشێوەی خۆت باس بکەیت، لەوانەیە داوای ئەو هەموو شتە نەکەیت کەبیری لێئەکەیتەوە. بەڵام بەتەنیا دانیشتن لەگەڵیاندا و گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا، لەوانەیە ئەو شتە بێت کە ئەوان چاوەڕوانی بوون. لەوانەیە ئەو کەسەی کە چاوەڕوانی کەسێکی تر بکات تا هەنگاوێک بنێت و بیەوێت زانیاری وەربگرێت وئامادەی بەشداری کردن بێت، و ئەو گفتوگۆ سەرەتاییە لەوانەیە شتی گەورەی لێدەربچێت، ڕەچاوی ئەمە بکە، ئەوەی لەسەرتە بیکەیت قسەکردنە لەگەڵ ئەوکەسانەی هاوشێوەن لەبیر کردنەوەدا، دڵنیاش بە ئەوان هیچ کێشەیەکیان نابێت لە قسەکردن لەگەڵت.

ئەوشتە دیاری بکە کە ئەتەوێت:

چۆن بەتەمای ئەوشتانە بەدەستبێنیت کە ئەتەوێت، ئەگەر دەمت نەکەیتەوە و داوایان نەکەیت؟ ژیانمان تیشکدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی پەیوەندییەکانمانە. ئەگەر تۆ ئامادە نەبیت پێویستیەکانت بە کارمەندەکانت، وکڕیارەکانت، وهاوبەشاکانت، وئەندامانی خێزانەکەت نەڵێیت، ئەوان نابێت گلەییان لێبکەیت کاتێ ئەو شتەت نەیەنێ کە خۆت ئەتەوێت. تۆهەموو شتێک نازانیت و هەموو کەسێک ناناسیت، وە بەتەنیا هیچت پێناکرێت.

هەموو هێز و بێ شەرمکردن:

زۆربەی توێژینەوەکان ئەوە ئەخەنەبەردەست، کەچەند کەسەکان بە بەهێزی ئەمێننەوە کاتێ داوای هیچ شتێک لەکەس ناکەن، بەشێکی توێژینەوەکان دەری ئەخەن کە ئەوکەسانەی داوای یارمەتی ئەکەن لەکەسانی تر لەزۆربەی حاڵەتەکاندا بە بەڵێ وەڵامیان ئەدرێتەوە، زۆر لەوە زیاتر کەخەڵکی چاوەڕێی ئەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوشتەی کە داواکەرەکە داوای ئەکات لەمێشکی خۆیا زۆر شتێکی گەورە و گرانە، بەڵام لای ئەو کەسەی کەلێی داوائەکات شتێکی زۆر ئاساییە، وانەکە فێربوون؟ داواکردنی شتەکان شانسێکی باشترت ئەیاتێ، تا شتەکان بەدەست بێنیت، وەک لەداوانەکردنیان. جا بۆ زیاتر داوای ئەو شتانە نەکەین کە ئەمانەوێن؟

توێژینەوەیەک کە لەلایەن(ئەنێت لۆڕۆوە) کراوە، پیشانی ئەدات چۆن ئەو منداڵانەی باکگراوندی ئابوریان جیاوازە، وەڵامی پرسیارەکان ئەدەنەوە. ئەو منداڵانەی کەباری ئابوریان زۆر باشە وابیریان کردۆتەوە ئەتوانن داوای ئەو شتانە بکەن کەوا ئەزانن شایەنین. تەنانەت وابیر ئەکەنەوە ئەوشتانە بەدەست بهێنن کەئەیانەوێت، لەڕێگەی دروستکردنی سیستەمێکی خولیا و بەها بۆ داواکردنی ئەو شتانەی ئەیانەوێت. لەلایەکی ترەوە تۆ ئەو کەسانەت هەیە کەوەکومن گەورەبوون و لەژینگەیەکدا کە بەلاواز لەقەڵەم ئەدرایت، ئەگەر شتێکت نەزانیایە. واملیمەکە باسی ئەوە بکەم کاتێ داوای شتێکت ئەکرد کەپێویستت بوو. زۆربەی کات داوای هیچم نەئەکرد، چونکە نەمئەویست خەڵک بزانێت من پێویستیم بەشت[illegible] هەیە. [illegible]

هیچ ئەو شتانەم بەدەست نەئەهێنا کە پێویستم پێبو و ئەمویستن، نەمانەت شایەنی بەدەست هێنانیان بووم. هیچ عەیبێک لەوەدا نیيە کەشتێک نەزانیت، ئەوە عەیبەیە کە هیچت نەبێت و هیچت نەوێت و پێویستیت بەهیچ نەبێت. ئەمانە جیاوازی لەنێوان ژیانێکی باش و ژیانێکی ناوازەدا دروست ئەکات. بەبێ هیچ شەرمکردنێک ئەتوانی هێزی زیاتر بەدەست بێنیت.

دروستکردنی پەیوەندییەکان:

کاتێ بەهێزبوون لە پرسیارکردندایە، مەترسیشی تێدایە، خەڵک لەوانەیە بەنەخێر وەڵامت بدەنەوە. هەندێک لەوانەیە بەهۆی ئەوشتەی داوای ئەکەیت بڕیاربدەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کەس لەوانەیە هەربە نەخێر وەڵامت بدەنەوە. ترسەکە هەزارەها جار زیاتر ئەبێت، کاتێ تاکە پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵکیدا تایبەتە بەبواری بازرگانییەوە. کاتێ تەنیا لەو کاتانەدا پەیوەندی بەخەڵکەوە ئەکەیت کە شتێکیان لێ داوا ئەکەیت، ئەتوانن هەر لەدورەوە مەبەستەکەت ببینن. دواکردنی ئەو شتانەی ئەتەوێت ئەبێت بەپرۆسەیەکی جیاواز، کاتێ مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا ئەکەیت لەسەر بنەمای ئەوەی شتێکیان لێوەرگریت. بەڵام لەوانەیە ئەمە زۆر گرانبێت بۆ بەشێک لەئێمە، نامانەوێت لاوازبین و دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕاستەقینە پێویستی بەئاستێکی بەرزترە لەدەرفەت، جا ئەگەر هەوڵی گەیشتن ئەیەیت بەلوتکەی سەرمایە بۆ دەستپێکردن بەبازرگانییەکی نوێ، یان تا قەناعەت بەخاوەن کارەکەت بکەیت، کەتۆ شایەنی پارەی زیاتریت. پەیوەندیەکی مانادارى پرۆفیشناڵانە ئەتوانێت گۆڕانکاری زیاتر بکات لە ژیانت. کاتێ خەڵک کاردانەوەیەک ئەنجام دەدات

Scanned with CamScanner

بۆداواکارییەک، ئەوان تەنیا بە بەڵێ یاخود بە نەخێر وەڵامی تۆ نادەنەوە. ئەوان خەملاندن ئەکەن بۆ ئەوەی چۆن بیر لەتۆ ئەکەنەوە. مەترسییەکە هەیە و ئەگەرەکە ئەگەڕێتەوە .چۆن دەست ئەکەین بەداواکردنی ئەوەی کە ئەمانەوێت؟

ئەمانە شەش بنەمان تا یارمەتیت بدەن خەڵک بەبەڵێ وەڵامت بدەنەوە:

١.نرخی خۆت بزانە. ئەگەر نرخی خۆت نەزانیت ئەوا تۆ ڕێگە ئەیەیت کەسێکی تر نرخت دیاری بکات، بەڵام زانینی نرخت بەتەنیا بەس نییە، ئەگەر ئازایانە پابەند نەبیت پێوەی. ئەگەر نرخی خۆت بە ١٥٠،٠٠٠سالانە دیاری بکەیت. ئەبێت ئامادەی ئەوەبیت بجەنگیت تابتوانیت زیاتر لەنرخەکەت نزیکبیتەوە. لەڕاستیدا ئەبێت داوای ١٥٠هەزار زیاتر بکەیت، تامەجالی ووتوویژت هەبێت، تابگەیت بەوەی ئەتەوێت. لەگەڵ داواکردنەکەی خۆمدا لەوانەیە ئەوەت دەستنەکەوێت کەئەتەوێت، کاتێ نرخەکەی خۆت ئەزانیت و بۆی ئەجەنگیت بەشێوازێکی پرۆفیشناڵانە، گرەنتی ئەوەت ئەیەمێ کەزۆر لەوە زیاتر بەدەست بێنیت، ئەگەر داوای هیچت نەکردایە.

٢.زانینی ئەو شتانەی شایستەی تۆن. زۆربەی کەس بەتایبەتی ئافرەت، پێویستییەکەیان و ویستەکانیان پشت گوێ دەخەن، لەبەر کەسانی چواردەوریان. هیچ شتێکی سەرنجڕاکێش لەوەدا نییە کەتۆ ئەو ژیانە ڕەت بکەیتەوە کە لە چارەنوستدا نووسراوە، لەبەر ڕازیکردنی دڵی کەسانی تر. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەقوربانی نەدەین بۆ ئەوکەسانەی کە خۆشمان ئەوێن، یان ئەو کەسانەی بازرگانیان لەگەڵدا ئەنجام ئەدەین. بەڵام ئەگەر پێداویستیەکانت هەمیشە دوا ئەخرێت

ئەبێت بوەستێت و شتەگرنگەکانت دووبارە ڕیزبکەیتەوە .

ئاگاداری: ئاگاداربە ئەوەی شایەنتە لەگەڵ ئەوەی کاری بۆ ئەکەیت و داوای ئەکەیت تێکەڵ مەکە. لەگەڵ ئەوەی ئەتەوێت و بەلام بەکەڵک نەهاتوە.

٣.شتەکان دیاری بکە. گرنگە ئەو شتانە دیاری بکەیت کەئەتەوێت و پێویستتە. شکست لەدیاریکردنی ئەوەی ئەتەوێت بێهیوایی زیاد ئەکات و کاتی گەیشتن بەسەرکەوتنەکانت زیاد ئەکات.

٤.لەخۆتەوە شتەکان دامەنێ. کەسەکان سەروەری بیرو هۆش نین، گرنگ نیە کەسێک چەند باش بناسی، هەرگیز وادامەنێ کەئەوان ئەزانن چیت ئەوێت. ئەگەر وای بەباش ئەزانی ئەوان ئەبێت بیزانن. پێش ئەوە زۆر ڕونبە دەربارەی پێداویستییەکانت.

٥.نرخەکانت دەرببڕە. جێگیربە دەربارەی ئەو شتانەی تۆئەناسێنیت، یان تۆ ناناسێنێت. خێراترین ڕێگەی بێهیوا بوون شکست هێنانتە لەپەیوەندی کردن بەسیستەمی بەهاکانتەوە. ئەمە کەمێک قورسدەبێت کاتێ بەڕاستی پێداویستیت ئەبێت، بەلام کەسێک مەبە کەزۆر بەئاسانی بکڕدرێت، لەبەهای بنەماکانت کەم مەکەرەوە.

٦.زانینی ئەوەی وشەی نەخێر بەواتای ڕەتکردنەوە نایەت. بانکەکە و خاوەن کارەکەت و تەنانەت هاوسەرەکەت هەمیشە نالێن بەڵی. هەمیشە ناتوانن ئەوەت پێببەخشن کەتۆ ئەتەوێت. هەموو هەوڵێک بدە تا بارودۆخەکە لەهەموو لایەنەکان ببینیت، نەک تەنیا لەلایەنی خۆتەوە، پێش ئەوەی پەیوەندییەک بپچڕێنیت، یان هەلێک [illegible] و یان ڕێگایەک، دابخەیت.

Scanned with CamScanner

تواناکەت چاوەڕوانە تاجەنگ بۆئەوە بکەیت کەئەتەوێت، کاتێ جیهانێک پێکدێنیت، لەوە ئەچێت کەئەتەوێت، تۆ ڕێگە بەوە ئەدەیت تاتواناکەت گەشەبکە. ئێستا تۆ ڕێگایەکی زۆرت بڕیوە تابەجوانی باسی ئەوە بکەیت کەئەتەوێت بێ ئەوەی داوای بکەیت. ناخۆشترین شت کەڕوبدات ئەوەیە کە کەسێک ئێستاش بڵێت نەخێر. باشترین شت ئەوەیە کاتێ داوای شتێک ئەکەیت ....ئەوەت دەست بکەوێت کە پێویستەو ئەتەوێت.

کردارەکانی سەرکەوتن:

سێ شت بنووسە کە ئەتەوێت و هەرگیز داوات نەکردووە:

.١

.٢

.٣

ئەی بۆ داوای ئەو شتانەت نەکردوە؟

.١

.٢

.٣

ناوی سێ کەس بنووسە کە ئەبێت داوای شتێکیان لێبکەیت
:

.١

.٢

.٣

Scanned with CamScanner

یەم
واناکەت:

nned with CamScanner

Scanned with CamScanner

چاپتەری دوانزە

چیرۆکی شریتەکە:

کاتێ لەکلیڤلاند گەورەبوم، من وەرزشی بۆکسبازیم ئەکرد، من وەکو منداڵێک ئەم وەرزشەم لاپەسەند بوو. ئێستاش هەر لام پەسەندە، هەر کەسێک تامەزرۆی وەرزشی بۆکسبازی بێت، ئەتوانێت باسی چیرۆکی شریتەکەت بۆبکات، کە شیکارییەکی پێش شەڕکردنەکە پێوانەی وردی تێدایە بۆ هەر شەڕکەرێک. کاتێ سەیری چیرۆکی شریتەکە ئەکەیت لەسەر تەلەفزیۆن، پێوانەکان تەمەنی شەڕکەرەکەی تێدایە، لەگەڵ کێشەکەی و ئەوەی دەستی پێئەگات. جاران ئەمانەشی تیابوو، ماسولکەی قوڵ و، سنگ، وکەمەر، ڕان، مل، بازوو، پووز، تەنانەت قیاسی قولەپێ. لەکاتێکدا من و تۆ نەتوانین شتێکی وابکەین لەگەڵ ئەو ژمارانەدا، شیکاری شەڕێکی دروست ئەتوانێت بەدیاریکراوی بەهێز بکرێت یان لاوازبکرێت پێش ئەوەی یەک بۆکزیش بهاوێژرێت.

ڕکابەرەکەت بناسە:

یەکێک لەمەزنترین شەڕەکانی یاری بۆکسبازی لەساڵی ۱۹۷٤ ژاوەژاو لەدارستان، لەنێوان پاڵەوانی کێشی زیادەی

نەدۆڕاو (جۆرج فۆرمان) و پاڵەوانی پێشوی کێشی زیادە(محەمەد عەلی). شەڕەکە لە کینچاسا، زۆیەر (کە ئێستا بوە بەکۆماری دیموکراتی کۆنگۆ) ڕویدا، هەموویان باوەڕیان وابوو کە پاڵەوانە گەنج وبەهێزترەکە ئەیباتەوە لە پاڵەوانە پیرە، خۆدەرخەرە، لاوازەکە. عەلی لەهەموان زیاتر ئەیزانی خاڵە لاوازەکانی و بەهێزەکانی لەکوێدایە. عەلی ئەیزانی ناتوانێت لەفۆڕمان خێراتر بۆکس بهاوێژێت. ئەشیزانی ئەو توانایەی ئەو هەیەتی هەمان کاریگەری لەسەر فۆڕمان نابێت کەلەسەر شەڕکەرەکانی ترهەیبوە، کەجیاوازبوون لە توانا و هێز. عەلی سەرەتا توانای ڕکابەرەکانی ئەخەملاند، ئینجا بەراوردی ئەکردن بە تواناکانی خۆی. بە بەکارهێنانی ئەوەی فێری بووە، ستراتیجییەکی دیزاین ئەکرد کەپێشتر تاقینەکردۆتەوە. زۆربەی کاتی هەشت خولەکە عەلی پشتی بەپەتەکانەوە ئەوەستاند، ڕێگەی بە فۆڕمان ئەیا بۆکس بهاوێژێت، کەهێزێکی زۆری ئەبرد و کاریگەریەکی کەمی هەبوو، لەکاتەکانی تردا عەلی خۆی لەفۆڕمان نزیک ئەکردەوە، خۆی ئەیا بەسەریا، تا وابکات فۆڕمان هەڵی گرێت، بۆکسی ئەکێشا بەدەموچاویدا. لەخولی هەشتەمدا فۆڕمان ئەوەنە بۆکسی هاوێشتبوو هیلاکبووبوو، هەروەها هیلاکی ڕەتکردنەوەی بۆکسە هاتوەکانی عەلی بوو، لەو خولەدا عەلی بەیەک بۆکس فۆڕمانی خست بەدەمدا و سەری زۆر کەسی لەجیهانی بۆکسیندا سوڕماند.

عەلی بەهێزترین شەڕکەری ئەو ڕۆژەنەبوو، بەڵام ئەو شەڕکەرە بوو کەخەملاندنێکی باشتری ئەملاوئەولای تواناکانی کردبوو. ئەبێت هەمان بیرکردنەوەت هەبێت، کاتێ سەیری دەرفەتە نوێیەکان و هەنگاوە پێشەییە تازەکان و پەیوەندییە

تازەکان بکەیت. هەروەکو بۆکسبازی ئەوەی خاڵی لاوازی شەڕکەرێکە، لەوانەیە خاڵی بەهێزی شەڕکەرێکی تربێت، کاتێ سەیری لیستی بەهرەکانت ئەکەیت، تواناکانت چییە و سود و زەرەری چییە؟

ئەگەر توانایەکی بەهێزت هەبێت لە پەیوەندییەکاندا، بەڕێوەبردنی پڕۆژەکان، لەگەڵ دروستکردنی تیمێک، بەڵام خاڵی لاوازیت لەکۆکردنەوەی پارەو بابەتە دارایەکانە، ئەم توانایەت بۆ ئەفسەرێکی باڵای دارایی بەکەڵک نایەن.

لەلایەنێکی دیکەوە ئەگەرخاڵی بەهێزت هەبێت لە تەکنەلۆجیادا، لەگەڵ دیزاینی دیجیتاڵی، ئەوا تواناکانت بۆ ئەفسەرێکی باڵای تەکنەلۆجیا شیاوە. دڵنیابە لەوەی کەتۆ بەجوانی بزانیت دەرفەتەکانت، و پەیوەندییەکانت، وئیشەکەت چییە، تا پێویستیەکانی لەگەڵ توانای تۆدا بگونجێت، تۆش زۆر سەرکەوتوبیت تیایاندا.

سەرکەوتن پێویستی بەزۆرترین هەوڵی تۆیە:

تۆ ناتوانیت زۆرترین هەوڵی خۆت بدەیت، کاتێ نازانیت زۆرترین هەوڵی تۆچییە، زانینی خاڵەلاوازەکانت و خاڵەبەهێزەکانت زۆر گرنگە، چونکە ئەبێت بزانیت چۆن بردنەوەکانت زۆر بکەیت و دۆڕانەکانت کەمبکەیتەوە. بەرەنگاربونەوەی ژیان، وبازرگانی، وئیش، وتەندروستی، و خێزانەکەت بەواتای ئەوەدێت کەئەبێت بۆکسی زۆر بهاوێژیت و وەریانبگریت. ڕاستگۆ بونت دەربارەی لاوازییەکەت ئەتخاتە ئەوشوێنەی کە بۆکسی کەمتر بهاوێژیت و کەمکردنەوەی لەکۆتایدا هەموومان ئەو

توانایەمان هەیە کەتیایدا گەشەبکەین و پەرەبستێنین، یاخود بەچەق بەستوویی بمێنینەوە و لاوازتربین، کاتێ ئەزانی بەباشی ئەتوانی چیبکەیت، ئەتوانی ستراتیجیەک بەرهەم بهێنیت بۆگەشەکردن، هەموو ئەمانە دەکرێت بکرێت ئەگەر کەمێک خۆت هیلاک بکەیت. بەلام هیچ لەمانە بەدینایەت ئەگەر نەزانیت خاڵە بەهێزەکانت چییە و خاڵەلاوازەکانت نەناسیتەوە.

چۆن بزانیت کامە خاڵە لاوازەکانتە لەگەڵ خاڵەبەهێزەکانت:

خەملاندنی خاڵە بەهێز و خاڵە لاوازەکانت پرۆسەیەکی هەستیار نییە، بەڵکو کاتی بەش بەشکردنی تواناکانتە. زانینی ئەوشتانەی بەباشی ئەیانکەیت لەگەڵ ئەوشتانەی هێشتا ماوتە بەباشی بیانکەیت، یارمەتیت ئەدات تاتواناکان و خاسیەتەکانت دیاری بکەیت. کاتێ دەست بەم گەڕانی گەنجینەیە ئەکەیت تاخاسیەتەکانت دیاربخەیت، ئەمە ئەو ناوچانەن کەلەوانەیە تیایاندا بگەڕێیت بۆ دۆزینەوەی خاڵە لاواز و بەهێزەکانت.

.پەروەردە- توانا سەرەکییەکان: ئەم توانایە پێک دێت لەمانە: بڕوانامە، زمانەکان، زانیاری تەکنەلۆجی -چۆن ، بازرگانی- توانا دیاری کراوەکان، زانیارییە بەڕێوبەرییەکان کە لەڕاهێنانی پەروەردەییەوە، یان ئەزمونی پرۆفیشناڵانەوە وەرتگرتوە.

ئەو توانایانەی کە ئەگوێزرێنەوە: ئەم توانایانە پێکدێن لەخاسیەتەکانی ڕۆژانە، کەئەتوانیت لەگەڵ خۆتدا بیانبەیت بۆ هەربارودۆخێک. وەکو تواناکانی پەیوەندییەکان، زانیاری ئابوری، ئەزمونی خزمەتگوزاری

ڕابەری، بەهرەی چارەسەرکردنی کێشەکان، لەگەڵ ئەزمونی بەڕێوەبردنی پرۆژە.

تواناکانی کارەکتەر: خاسیەتەکانی وەکو ڕاستگۆیی، بەڵێن ڕاستی، هەوڵدانی زۆر، خەڵک باوەڕت پێبکات، باوەڕبەخۆ بوون خاسیەتێکی مەزنە، سودی زۆری بۆت ئەبێت، لەبواری تایبەتی و پیشەیدا.

سەرەتا، با سەیری پەیوەندییە تایبەتیەکانت و پیشەییەکانت بکەین، ئەو توانایانە چین کەدەریدەخەیت لە پەیوەندیەکی تایبەتیدا؟ ئایا تۆ گوێگرێکی باشیت؟ ئایا تۆ کەسێکی یارمەتی دەریت؟ ئێستا بیر لەوناوچانە بکەرەوە کە مەجالی پەرەسەندنی تێدایە، ئایا ئەتوانێت زیاتر تەحەمول بکەیت؟ ئایا پێویستیت بەکارکردنە لەسەر توانای چارەسەری ناوەندی؟

دوای ئەوە با بیر لەپیشە پرۆفیشناڵەکەت بکەینەوە. ئەو توانایانە چییە کەپێویستن تاکارەکەت بەباشی بکەیت؟ ئەو توانایانە چین کەکارمەندەکانت وتویانە لەتۆدا هەیە لەکاتی هەڵسەنگاندنی کارەکانتدا؟ ئەو ناوچانە کامانەن کە دیاری کراون بۆ بەردەوامی لەگەشەکردن و پەرەسەندن؟

ئێستا لیستێک لـەبـەهـرەت هـەیـە لـەم دوونـاوچـە زۆر گرنگانەدا، ئەمەوێت دیاری بکەیت چ جۆرێکە لەتوانا، بۆنمونە (توانا سەرەکیەکانی پـەروەردە، ئـەوانـەی ئەگوازرێنەوە، وکارەکتەرەکان) تێبینی بکە لەکوێدا خاڵێکی بەهێزە یاخود لاوازە، هەمویان وەکو ئەمانە هەڵسەنگێنە: بەرز، باش، شارەزا، ئەوانەی پێویستیان بەباشکردنە. تا بیرۆکەیەکت لادروست بێت، چۆن تواناکانت ڕیزبکەیت، من ئەوانەی خۆم داناوە چیرۆکی شریتەکە لەخشتەی خوارەوە ·

چیرۆکە تایبەتییەکەی ستیڤ (چیرۆکی شریتەکە):

	جۆر
	پلە
توانا	گوازراوەکان
لاوازی یان بەهێزی	
	بەرز
پەیوەندیەکان	
	پەیوەندییان بەخوێندنەوە هەیە
بەهێزی	
	بەرز
بەبازاڕکردن	
	پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان
بەهێزی	
دروستکردنی پەیوەندییان بەخوێندەوەهەیە	
لاوازی پێویستی بە باشکردن هەیە	
	کەسێتی
گوێگرتن	
	باش
بەهێز	گوازراوەکان
دابینکردنی بودجە	
	شارەزا
لاوازی	

ئەم خەملاندنە کەسێتیە وێنەیەکی ڕاستت دەربارەی خۆت پیشان دەدات، بەلام پێش ئەوەی پەڕەکەت تەواو بکەیت ئەمە لەمێشکتدا بچەسپێنە، ئەبێت خەملاندنەکەت تەواو بکەیت لەسەر ئەو شوێنەی کەئێستا تۆی تێدایت، پێویست بە خەم خواردن لە خاڵە لاوازەکانی ڕابورد ناکات، یان بەکەم نرخاندنی خاڵە بەهێزەکان، کاتێک بەتەواوی لە چەند بەشێکدا گەشەت کردوە. تواناکانت لەکوێدایە ؟

چیرۆکی شریتەکەی تایبەت بە خۆت:

جۆر

پلە

توانا

خاڵی لاوازی یا بەهێزی

بەکارهێنانی چاودێرێکی دەرەکی:

بەکارهێنانی تایبەتییەکەت گرنگە، بـەڵام پێویستیشت خەمڵاندنە، لەوانەیە بیر لەدامەزراندنی ڕاهێنەرێکی بەبۆچوونی چواردەورتە، لەوانەیە بیر لەدامەزراندنی ڕاهێنەرێکی بەبۆچونی چواردەورتە بکەیتەوە تا یارمەتی تواناکانت بدات، گەشەسەندنی بازگانی بکەیتەوە تا یارمەتی تواناکانت بدات، ئەگەر ئەوەش نەکرا، ئەتوانیت داوا لە هاوپیشەیەکت یاخود هاوڕێیەکی باوەڕپێکراوت بکەیت کەبێلایەنانە هەڵسەنگاندن بۆ تواناکانت بکات، ئەگەر ژمارەیەک کەس هەبێت کەپشتی پێ ببەستیت، کەزۆر نزیکن لێت، لەوانەیە بیرلەوە بکەیتەوە کەداوا لەکەسێک بکەیت خەمڵاندنێکی تایبەتیت بۆ بکات و داوا لەکەسێکی تر بکەیت خەمڵاندنێکی پیشەییت بۆ بکات، کاتێک کەدەست ئەکەیت بەکارکردن لەگەڵ چاودێرە دەرەکییەکەتدا، ئەمانە چەند شتێکن تا ڕەچاویان بکەیت:

١.کەسێکی کراوەبە، خەمڵاندنەکەی چاودێرەکەت زیاتر بەسوود ئەبێت کاتێک تۆ واز لەباوەڕەکانت ئەهێنیت، گوێ لە چاودێرەکەت ئەگریت تابزانیت چی هەیە بۆ وتن.

٢. چاودێریی هەستەکانت بکە، لەوانەیە چاودێرەکەت شتێک دەربخات کەتۆ توڕەبکات، بەڵام لێی بێزار مەبە کاتێک گوێت لەشتێکی ناخۆش ئەبێت، لەکاتەکەی خۆتدا بمێنەرەوەو ئەم گفتوگۆیە بەکاربهێنە وەکو دەرفەتێک بۆ فێربون و گەشەسەندن

دڵت، ئەو ناوچانە دیاری
۲. گوێ لەمێشکت بگرە نەوەک
بکە کەخاڵە بەهێزەکانت و لاوازەکانتی تێدایە، کاریگەریان ئەبێت
لەسەر ژیانت، بەشێوازێک کەهەر بیرت لێنەکردونەتەوە .
بەڕێوەبردنی خاڵە بەهێزەکان وباشکردنی خاڵەلاوازەکان:
هەندێک خاسێتی خاڵە بەهێزەکانت و خاڵە لاوازەکانت
هەیە، کەئەبێت لێیان تێبگەیت، تا لەسەرکەوتنەکانت دڵنیا بیت.
ڕێکخستنی خاڵە بەهێزەکانت:
باوەڕت بەخۆت هەبێت، بەڵام لەخۆبایی مەبە. تۆ خاڵە
بەهێزەکانی خۆت ئەزانی لەقازانجی خۆت بەکاریان بێنە. ئەوەنە
باوەڕت بەخۆت هەبێت تا تواناکانت لەناو ئەو دەرفەتانەدا
بەکاربهێنیت کەبەسود و گەشەی خۆت کۆتایدێت، هەرچۆنێک
بێت تەنانەت هێزەکانیشت سنوریان هەیە، سنورەکانت بناسە
دەست بەسەر هەموویاندا بگرە.
ئامادەی بەرەنگاربونەوەبە. (فلۆید مەیوەزەر) هەموکاتێک
بەناوبانگترین کەس نییە، بەڵام ئامانجێکی هەیە کە ئەیەوێت
هەمیشە لەکێشی شەڕکردندا بمێنێتەوە، زۆربەی بۆکسبازەکان
ئەبێت تاچەند مانگێک ڕاهێنان بکەن، تابگەن بەکێشی شەڕکردن.
هەروەکو ئەوە ئەبێت بەبەردەوامی ئیش لەسەر خاڵە
بەهێزەکانت بکەیت، بەبەردەوامی فێرببیت، ڕاهێنانی مێشک،
لەگەڵ خوێندنەوەی هەموو شتێک کەئەتوانی دەستت بکەوێت،
تەنیا تواناکانت بەباشی ناهێڵێتەوە بەڵکو پەرەشیان پێدەدات.
گەشەبکە یان بمرە. ئەگەر خاڵی بەهێزی تر بەرهەم
نەهێنیت ئەوا دوژمنەکانت هەمیشە ئەزانن چ بڕیارێک ئەدەیت.
گۆڕانکاری لەشتەکاندا بکە، فێری توانای دیکەببە و شارەزابە
تیایاندا، بەشێوازێکی ستراتیجیانە دابان بنێ، تا لەبەشی

Scanned with CamScanner

سەرەوەی شوێنی مارکێتەکەت و بازرگانییەکەت بمێنیتەوە.

کارکردن لەسەر خاڵە لاوازەکانت:

پارێزگاریی لەخاڵە لاوازەکانت بکە. هەروەکو (محەمەد عەلی) پێویست ناکات لاوازییەکانت دەربخەیت، بیرت بکەویتەوە تادەرفەتەکان دیاری بکەیت کەهێزەکانت زیاد دەکات.

خاڵە لاوازەکانت هەڵبژێرە. خاڵە لاوازەکانت تەنیا لەوکاتانەدا زیانت پێ ئەگەیەنن ئەگەر تۆ ڕێگەیان پێبدەیت، هاوبەشی لەگەڵ ئەو کەسانەدا دروست بکە کەخاڵە لاوازەکانی تۆ خاڵی بەهێزی ئەوانن، لەوانەوە فێربە و ناوچەیەک دروست بکە کەئەتوانی تیایدا بەهێزتربیت.

گەشەبکە یاخود بمرە. ئەگەر بەهەمان شێوە بمێنیتەوە دوژمنەکانت ئەزانن لەچ کاتێکدا هێرشت بکەنە سەر، بەردەوامبە لەگەشەکردن، بەجۆرێک تەنانەت ئەو ناوچانەی پێویستیان بەچاکردنە مەجالی خەملاندنی تیا ئەبێت.

زانینی خاڵەلاوازەکانت یان خاڵە بەهێزەکانت بەدڵنیاییەوە جیاوازی نێوان سەرکەوتن و شکستە، بەهرەکانت بخەمڵێنە و ستراتیجێک دروست بکە، بەجۆرێک کەهەمیشە تواناکانت لە قازانجی تۆدا بەکاربهێنرێت.

Scanned with CamScanner

....

....

....

ئەو سێ دەرفەتە چین کەئەتوانیت تواناکانتی پێوە بلکێنیت؟

١.

٢.

٣.

ئەو تەنیا خاڵەلاوازە چییە کەئەتەوێت کاری لەسەربکەیت، تا بیکەیت بەخاڵی بەهێزیی و چۆن دەیکەیت؟

....

Scanned with CamScanner

چاپتەری سیانزە
هەرگیز لە نوێبونەوەی خۆت مەترسە:

یەک شت زۆر یارمەتیدام بەدرێژای پیشەکەم، ئەویش ئامادەبونم بو بۆ تازەگەریی لەخودی خۆمدا. کاتێ پێشکەشکاری بەرنامەی (ئاهەنگ گێڕان بۆ پەرتوکی پیرۆزی ئینجیل) بۆ ساینزە ساڵ، ئەو ئەزمونە بەتەواوی جیاوازبوو لە ئەزموونی گەشتی (پاشا ڕەسەنەکانی کۆمیدیا)، ئەزمونەکانی ڕابردوم و ڕۆیشتنم بۆ کڵێسا بەکارهێنا تابتوانم بەرنامەی (ئاهەنگ گێڕان بۆ پەرتوکی پیرۆزی ئینجیل) پێشکەش بکەم، ئەوکاتە من چومە ناو جەماوەرێکی زۆرەوە، ئامادەبونم بۆتازەگەریی لەخۆمدا، تا لەپێشکەشکردنی بەرنامە بەتەنیا ببم بەبەشێکی گروپی گەشتیاری، تابەرنامە لەگەڵ کۆمەڵە پیاوێکدا پێشکەش بکەم. ئەمەش بوە هۆکاری دروست بوونی فیلمی (پاشا ڕەسەنەکانی کۆمیدیا)، ئەمەش منی گەیاند بەئاستێکی نەتەوەیی کەپێشتر نەمبینیبوو، دوای ئەمە داواکارییەکەی (هاڕپەر کۆلینز)دەرفەتێکم هەبوو تا کتێبی یەکەمم بنووسم، هەرگیز بەتەمای ئەوە نەبووم ببم بە نووسەر، بەڵام خۆم لەترسەکە ڕزگارکردوو لەئەنجامیشدا کتێبەکە سەرکەوتنی چاکی بەخۆوەبینی، بڵاوبونەوەی زۆر باشی کتێبەکە(وەکو ئافرەتێک ڕەفتاربکە و وەکو پیاوێک بیر بکەرەوە) وای لەمیدیای فریمێنتاڵ کرد بڵێن تۆ زۆر بەناوبانگی

Scanned with CamScanner

لەناو ئافرەتاندا، بەرنامەیەکی یاریمان هەیە ئەمانەوێت بۆچونی خۆتی لەسەربڵێیت، لێرەشەوە بوم بەپێشکەشکاری بەرنامەی (ناکۆکی نێوان خێزانەکان).

هەمیشە ویستومە بەرنامەیەکی شەوان پێشکەش بکەم، بەڵام دوای بەرنامەی (ناکۆکی نێوان خێزانەکان) هەردوو کەناڵی ((NBC،Endemol) ئۆفەری بەرنامەیەی ڕۆژانەیان پێشکەشکردم. ئیتر ترسم لەپێشکەشکردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی ڕۆژانە شکا و دەستم کرد بەبەرهەمهێنانی بەرنامەیەکی تایبەت بەخۆم. ویسی بەردەوامم بۆتازەگەریی یارمەتیدەرم بوو تالەیەک شوێندا جێگیر نەبم وتەنیا یەک شتم نەوێت لەژیاندا.

گۆڕانگاری لەژیانی هەموو کەسێکدا جێگەی هەیە، ئەتوانی یان کاردانەوەت هەبێت بۆی یان ببیت بەبەشێک لێی، من بەشداری کردن هەڵئەبژێرم لەهەموو بەشێکی ژیانمدا، ئەگەر تۆ ژیانت بەکاردانەوە بۆگۆڕانکارییەکان بەسەر بەریت، ئەو کاتە تۆ لەپشتەوەی تۆپی هەشتیت (کەوەکو یاریەکی بەخت وایە ئەو کەسەی تۆپی هەشتەمی بۆدەردەچێت ئەیباتەوە)، بڕیاری من ئەوەیە کە چالاک ببم و بەژداربم لەگۆڕانکارییەکاندا. بەتەواویش باوەڕم وایە ئەوە بۆتە بەشێکی گەورەی سەرکەوتنەکانم، تازیاتر ئامادەبیت ڕازیبیت بە گۆڕانگاری و بەشداربیت تیایدا ئەوا زیاتر سەرکەوتوو ئەبیت.

گەورەکردنی ئەزمونەکانت،

جۆراوجۆرکردنی تواناکانت هەموو کاتێک، بەواتای زانینی ئەوەدێت کەچۆن ئەزمونەکانی دیکەی ژیانت بەکاربێنیت، زۆربەمان تەنیا یەک بەرهەمان هەیە، تواناکانم وەرگرتنی

زانیاریەو ڕاستەخۆ بیگوازمەوە بۆسەر شانۆیەکی جیاواز.
من ئەزانم چۆن زانیاری وەربگرم و بیگۆڕم بۆ شێوازێکی کۆمیدی ئامێز، یان ووشەیەکی هاندەر وئامۆژگاری کەر. هەموی لەهەمان کاتدا، پێشتر وامئەزانی تەنیا بەهرەی گۆڕینی زانیاریم هەیە بۆ کۆمیدی، تازیاتر چوومە تەمەنەوە ئەزمونەکانم ئەوەیان پیشاندام کەئەتوانم زانیاری وەربگرم و بۆچەند شێوازێکی تر بیگۆڕم، بەکردنی ئەم شتەش من بووم بەکەسێکی بەشداری پێکەر و هاندەر و ئامۆژگاریکەر. ئەگەر تۆ کاری قژ چاکردن ئەکەیت لەسالۆنێک، لەوانەیە تواناکەت وانە وتنەوە بێت، یان سیمینارکردن بێت لەقوتابخانەیەکی جوانکاریدا، یان دروستکردنی بەرهەمێکی قژ بێت، یاخود پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی تایبەت بەخۆت بێت، هەرگیز نازانیت بەیانی چی ئەبێت هەیشە بەمێشک کراوەیی بمێنەرەوە و تواناکانت جۆراوجۆر بکە.

بامن بەبەکارهێنانی ئەزمونی هاورێکەم (ئێرڤن ماجیک جۆنسن) کەیەکێکە لەیاریزانە مەزنەکانی باسکە کەجیهان بینیبێتی، بەڵام من باوەڕم وایە بەهرەکەی یاری باسکە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەستنە لەگەڵ خەڵکی، بەشێوازێک کە کەم کەس ئەتوانێت. یاری باسکە تواناکەیەتی، بەڵام بەهرەکەی ئەو شتانەیە لەدوای یاریەکەی ئەنجامی ئەدات، بەهێز کردنی کۆمەڵگاکان بەو سەرچاوانە و بازرگانیانە لەڕێگەی باوەڕهێنان بەکەسانی دروست لە ئەندێشەکەیدا. تواناکەی خستویەتییە بارودۆخێکەوە کەبتوانێ بەهرەکانی دەربخات. بەتەماشاکردنی (ماجیک جۆنسن) چەند سەرکەوتووە لە پیشەکەیدا وەکو یاریزانێکی باسکە، ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کەئەم پیاوە ئەتوانێ

Scanned with CamScanner

قسە بۆهەموو کەسێک بکات، باوەڕیان پێبهێنێت کەبیرۆکەکەیان ئەنجام دەدرێت، جا پاشینەیان هەرشتێک بێت، ئەمە توانا ڕاستەقینەکەیەتی، ئەو پەیوەندییە بازرگانیانە و پیشەییانەی دروستی کردوە لەڕێگەی تواناکەیەوە زۆر زیاتر و بەسودترە لەو پەیوەندییانەی کە لەیاری باسکەوە بەدەستی هێناوە. کاتێ بەڵێنی نموونەیی بوون بەخۆت ئەدەیت، تەنانەت بەهرەیەک ئەتگەیەنێت بەشوێنی زۆر مەزن.

(سینباد) کوڕێک بوو کەبەڕاستی حەزم ئەکرد وەکو ئەو بوومای،ە کاتێ سەرەتا دەستم بەکاری کۆمیدیا کرد، بیرمە ئێوارەیەک پێی وتم کەبەیەک هەفتە پێشکەشکردنی بەرنامە لەیانەکاندا توانیویەتی ٥٠،٠٠٠ دۆلار بەدەست بێنێت، من لەوکاتەیا ڕازیبووم بەوەی هەفتەی ٥٠٠ دۆلار پەیابکەم، بەڵام هەرکە گوێم لەو برە پارەیە بوو کە سینباد پەیای ئەکات، ئیتر کردم بەئامانجی خۆم، کەئەو برە پارەیە بەدەست بێنم و زیاتریش لەوە. توانینم بۆ کردنی بەرنامە لەبەردەم هەموو جۆرێک لەجەماوەر هیچ هەنگاوێک زیاتر نامهێنێتە پێشەوە، بۆ بەدەست هێنانی چەکێکی بانکی بەبڕی ٥٠،٠٠٠ دۆلار، ئەبوایە کاروبارەکانم ڕێکبخستایە و جەختم لەبەهرەکانم بکردایەتەوە، بەڕاستیش بمزانیایە چی ئەگوزەرێت لەجیهان تابتوانم ئەو جۆرە لەنوکتانە دروستبکەم کەڕێگەم پێئەدا تواناکەم لەگەڵ جەماوەرێکی زیاتردا بڵاوبکەمەوە. تۆ وەکو خیانەتکارێک هەژمارناکرێیت، ئەگەر تواناکانت پەرەپێبدەیت، تاهەموو جۆرێکی خەڵک ببیبنن. تازیاتر مێشکت کراوەبێت زوتر ئەگەیت بەخەونەکانت. ئەندێشەیەکی فراوان زۆر پێویستە کاتێ هەوڵی بەدەستهێنانی ئەگەرەکانی ژیانت ئەدەیت.

نابێت ڕێگە بە مێشک بچووکی بدەین تێکەڵی خەڵاتەکانمان بین، بڕۆرە دەرەوەی ناوچەی ئارامیت و شتێکی تازە و شتێکی سەرکێشیکەرانە تاقیبکەرەوە، کاتێ سود لەتواناکانت وەردەگریت. کتێبی پیرۆزی ئینجل دەڵێت: من بۆ ئەوە هاتووم کەلەوانەیەن ژیانێکیان هەبێت، وە بەچڕیش هەیانبێت، لەهیچ شوێنێکی ئینجیلدا نەهاتووە کەتۆ یەیتە ژیانەوە ژیانێکی ئیسراحەت و ئارام و خۆشت ئەبێت، کەهەمووان دڵخۆش ئەبن تیایدا. جۆراوجۆرکردنی تواناکانت ئەو دەرفەتانەت بۆ ئەڕەخسێنێت تاکەسی نوێ بناسیت، کەپێشتر هەلی ئەوەت نەبوە پەیوەندییان پێوەبکەیت. چەندەها هەلی ژیانێکی خۆشگوزەرانی هەیە کەخودا بەتەنیا بۆ تۆی داناوە، ئەگەر باوەڕت بەتواناکەت هەبێت تابیگەینیتە ئاستێکی بەرزتر.

کاتێ سەرەتا کتێبی (وەکو ئافرەت ڕەفتاربکە و وەکو پیاو بیربکەرەوە)م نووسی لە ساڵی ٢٠٠٩، من تواناکانم جۆراو جۆر ئەکرد، ئەبێت فێربین تاخەونی گەورەتر ببینین لەڕابردومان و ئەو بارودۆخەی ئێستا تیایداین، تاوێنەیکی گەورەتر دروست بکات و هانمان بدات بەرەو پێشەوە بچین.

قاچی تێوە ناوە بەڵام نەچەقیوە:

گروپێکی میوزیک هەیە، کەمن زۆر شانازیان پێوە دەکەم، بەناوی (لەپێشەدا)، ئەگەر سەیری بەرنامە تازەکانی شەوان ناکەیت کەجیمی فالۆن پێشکەشی ئەکات، ئەوا هەلی بینینی باشترین گروپی میوزیک لەدەست دەدەیت، کەهەموو شەوێک بەرنامە پێشکەش ئەکەن، ئەوەی لامپەسەندە دەربارەی گروپی لە پێشەدا ئەوە سەرەتای دەست پێکردنیان لە گروپێکی شەوە

Scanned with CamScanner

ئاهەنگی لایڤدا بوو لە فیلادەلفیا، بەڵام کەسەیری بەرنامەکە ئەکەیت ئێستا ئەوان لەگەڵ هەمواندا میوزیک ئەژەنن، (وستیڤن تایلەر و ویلی نیلسۆن). گروپی لە ڕیشەدا بەڕونی چونەتە ناو (هیپ هۆپ) وکلتورەکانی میوزکی سۆڵدا، بەڵام تیایدا نەچەقیون. ئەم گروپە بەڕاستی ڕیشەکانیات بەرز نرخاندوە، بەڵام ئەندامانی گروپەکە ڕێگەیان بەڕابردویان نەیاوە، کە لەیەک ئەندێشەدا جێگیریان بکات بۆ داهاتوی پیشەکەیان.

بەهەر شێوەک بێت، نامەوێت هیچ لەو کلتور و میراتانە و بەهرانە فرێبدەیت کەلەگەڵ تواناکەتدا دێت، ئەوکۆمەڵە خاسیەتانەی کەتۆ هەتە، تواناکەت جیائەکاتەوە لەکەسانی دیکە، لەوساتەی کەئەبێت کات تەرخان بکەیت تا تواناکەت دەوڵەمەند بکەیت، بەو تەکنیک و فێڵانەی ئەو خاسیەتانە کەبەدرێژایی ساڵەکان فێری بویت. لەشوێنێکدا چەق مەخۆ، نامەوێت بکەویتە تەڵەی ئەوەی تەنیا بزانی بەوڕێگایە کێکێکی هاوسەرگیری دروست بکەیت کەدایکت فێری کردویت، کاتێ سەرەتا چویت لەدوکانەکەدا کارت کردوە لەساڵی ١٩٨٥. ئەزانم زۆر بەباشی ئەتوانیت گیتار بهەژێنیت لەناو گروپەکەتدا لە شەوێکی شەممماندا، بەڵام هەلی فێربونی گیتاری کلاسیکی لەدەست مەدە بۆ ئاهەنگێکی خانەنشینی لەکۆتای ئەو هەفتەیەدا، کێ ئەزانێت؟ لەوانەیە ئاهەنگی خانەنشینیەکە زۆر خۆشتربێت لەبەرنامەی شەوی شەممان، ئەگەر گۆرانیەکی گونجاو هەڵبژێریت. من کۆمیدیەن (ڕیتچارد پڕایەر)م زۆر خۆش ئەوێت، ئەشتوانم زۆربەی نوکتەکانی دووبارە بکەمەوە بەباشی، بەڵام جێگیربونم لەم بارودۆخە ئەوا نامکات بەوجۆرە کۆمیدیەنە کەبانگێشت ئەکرێت بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی وەکو ئاهەنگ گێڕان

Scanned with CamScanner

بۆ ئینجل. کردنی شتێک کەئەبێتە هۆکاری دڵخۆشی لەناو کڵیسایەکدا زۆر جیاوازە لەوەی خەڵک بهێنێتە قاقا لەیانەیەکدا لەشەوی هەینی.

کاتێ بەرنامە کۆمیدییە تایبەتەکەم کرد بەناوی (هەڵەمەکە ....ئەو جارێ پەیوەندی لەگەڵ مندا ماوە)! لەساڵی ۲۰۰٦، ئەوە یەکێک لەبەرنامە سەرەتایەکانم بوو، کەبۆ جەماوەرێکی زۆرینەی مەسیحی پێشکەشم کرد، دوعام لەخودا ئەکرد کەهەڵەیەک لەدەمم دەرنەچێت لەبەردەم ئەم کەسە بەرەوشتانە، ئەویش بابەتی بەنرخ و کۆمیدی ئامێزی پێبەخشیم، کەزۆر گونجاو بوو بۆ ئەو جەماوەرە و جەماوەری تر. بنەچەکانم نەگۆڕابوون، بەڵکو ناوەڕۆکی بابەتەکانم گۆڕابوون.

ڕێگە بە پاشینەکەت مەدە ببێتە سنورێک لەسەرت، زیرەکترین خەڵکی ناو بازرگانی باشترین شت کە لەدایک و باوکیان و ڕێنیشاندەرەکەیان، و هاوپیشەکەیان و خاوەنکارەکەیانەوە فێریبوون بەکاریان هێناوە بۆ دروستکردنی خۆیان، هەرگیز گوێت لەداهێنەرێکی وەکو (بیل گەیتس) یا (وارین بەفێت)، یا (ئۆپرا وینفری) نابێت، بڵێن (ئێمە ئەم شتە بەم ڕێگایە دەکەین چونکە هەر لەکۆنەوە واکراوە) کەسە سەرکەوتوەکان ئەوشوێنە بەرز دەنرخێنن کەلێوەی هاتون، بەڵام ڕێگە بەڕابردویان نایەن ئاستی داهاتویان دیاری بکات، کەسە سەرکەوتوەکان هەمیشە داهێنەرن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کردارەکانی سەرکەوتن:

ساتێک تەرخان بکە بۆ نووسینی خاسیەتەکان و بەهرەکان، کە لەگەڵ تواناکەتدا دێت، ئەتوانێت ئەوەنە سادەبێت وەکو دروستکردنی ئەجێندایەک بۆ چاوپێکەوتن، یان گەورە بێت وەکو ڕێکخستنی سەیرانێک بۆ ڕۆژی کرێکاران لە ئۆفیسەکەتدا.

....

....

....

....

....

لیستێک بنوسە تا تواناکەت جۆراوجۆر بکەیت و بڵاوی بکەیتەوە بۆ جەماوەرێک و ئەرینایەکی گەورەتر. مەترسە لە بیرکردنەوە لەشتی مەزن، چۆن بەڕاستی ئەتوانیت پەرە بەتواناکەت بدەیت و بیگەیەنیتە ئاستێکی بەرزتر؟

....

....

....

....

....

....

....

Scanned with CamScanner

چاپتەری چواردە
هێزی ووتنی نەخێر:

دوای چەند ساڵێک، بووم بەخاوەنی یانەیەکی کۆمیدی تایبەت بەخۆم، یەکێک لەو شتانەی لەو بازرگانییەوە فێری بووم ئەوەبوو کەهەرگیز خواردنەوەی مەستکەر نافرۆشم بەکەسێکی تر. ناخۆشترین ئەزمونم قسەکردنە لەگەڵ مرۆڤی مەست و سەرخۆش! بەڵێنم بە خودا داوە کاتێ لەم بازرگانییەی یانە کۆمیدییەکە ئەچمە دەرەوە جارێکی تر کحول بەکارناهێنم.

ئاسان بوو کە ئەم بەڵێنە ببەمەسەر تا کراون ڕۆیاڵ (کە خواردنەوەیەکی کحولییە)بوو بو سپۆنسەری سەرەکی گەشتی پاشاکانی کۆمیدیا، دەستم بەپێشکەشکردنی بەرنامەکە کردبوو کاتێ بەڵێندەری ئاهەنگەکە لیستێکی پێدام کە پڕ بوو لەشتی پۆزەتیڤانە، تا باسی بکەم دەربارەی خواردنەوەی (کراون ڕۆیاڵ) تا هانی خەڵکی بدات بیکڕن. بە نەخێر وەڵامم دانەوە، دەستی کرد بەباسکردنی ئەو هەموو پارەیەی بەدەستی دەهێنین لەڕێگەی خواردنەوەکە، قسەکەشی ڕاستبوو. وەهیچ عەیبێک لەبەرهەمەکەدا نییە، ئەگەر بەکەمی بخورێتەوە، ئەگەر ئەو خواردنەوەیە هەڵببژێریت تابیخۆیتەوە. بەڵام من بەڵێنم دابوو کەبەهیچ جۆرێک ڕیکلام بۆخواردنەوەی مادە کحولییەکان

Scanned with CamScanner

ناکەم، منیش هەڵەی خۆمم هەیە، جگەرە ئەکێشم، من نموونەیی نیم، بەلام هانی خەڵک نادەم تا کحول بخۆنەوە. ئەمەش بوو بەکێشەیەکی گەورە، بەڵێندەرەکە هەڕەشەی بڕینی پارە و سپۆنسەرەکانی لێکردم، هەنێک دەمەقالێی زارەکی تێکەوت لەگەڵ بەڵێندەرەرەکەش چەند کەسێکی تر هەوڵیان ئەدا تا واملێبکەن ڕیکلام بۆ کحول بکەم، ئەم دەمەقالێیە تا شەش هەفتە بەردەوام بوو، (بیری) هەموو شتێکی ئەکرد تا هانمبدات خوارنەوە کحولیەکان بفرۆشم. بەڕاستی هیچ کێشەیەکم نەبوو لەگەڵ سپۆنسەرەکان و هاتبوون بۆ بەرنامەکە و سپۆنسەری چاک بون. بەڕاستی یارمەتیدەرمان بوون، تاجی سەر جانتاکە بەڕاستی پاشاکانی ناساند.

بۆ سپۆنسەرەکەشم ڕوون کردەوە من ئەم بەرهەمە نافرۆشم، چونکە حەزم لێنییە، کاریگەری چی ئەبێت لەسەر خەڵک. ئیتر کێ لەوە تێناگات؟ چونکە من بەناوبانگم و ئەستێرەی بەرنامەی (ستیڤ هارڤی)م، ئەوەیان بۆ ڕون بویەوە ئەگەر من ئەو قسەیە بکەم قورسایی زیاتر ئەبێت، من ناڵێم واباشترە نەیخۆیتەوە، وەکو کەسێکی خاوەن ڕەوشت من ئەوە ئەڵێم کەشتێک بەخەڵکی نافرۆشم کەخۆم بەکاریناهێنم. ئەبوایە لەسەر قسەی خۆم سوربم، سپۆنسەرەکان لەمەبەستم گەیشتن، لەوە دڵنیابونەوە کەناتوانن بەزۆر ڕیکلامم پێبکەن بۆ بەرهەمەکەیان. لەسەر شتێک سور بووم کەبەگرنگم زانیوەو ئێستاش بەشانازییەوە سورم لەسەر قسەکانم. نەخێر وشەیەکی زۆر بەهێزە. خۆم خستە مەترسی دەرکرن لەئیشەکەم، چونکە باوەڕم بەو شتە هەبوو کەسوربووم لەسەری. بتوانی بڵێیت نەخێر یارمەتیت ئەدات تا بەباوەڕەوە ستاندەرە تایبەتیەکانی

...نیت، هـەروەهـا لـەئاسـودەبونـت لـەدانـانی سنورەکان،
...دووکیان شتی گرنگن لەگەشتەکەت بەرەو سەرکەوتن.

هێزی ووتنی نەخێر:

ووتنی نەخێر لیستێک لەهێزت پێئەبەخشێت، کە ناوم لێناون
...ە هێزەکە)، کەئەمانەی خوارەوەن:

هێزی ووزە. ووتنی نەخێر، هێزی ئەوەت ئەداتێ کەبایەخ
بەو شتانە بدەیت لەژیانت کەنزیکت ئەخاتەوە لە چارەنووست.

هێزی کەمکردنەوەی خۆبەزلزانی. ووتنی نەخێر، بەواتای
ئەوەدێت کەتۆ دانبەوەدا ئەنێیت ئەوەنە بەهێز نیت کەهەموو
شتێک ئەنجام بدەیت. تەنانەت ئـەوکاتـەی هـەمـوو هەلێکی
خۆتداوە، ئەبێت بزانی ئێمە خواوەند نین هەوڵی هەموو شتێک
مەیە، ئەو پلانەی کەهەتە بۆ تواناکەت ڕێنیشاندەرت ئەبێت.

هێزی دەسـەڵات پێدان. ووتنی نەخێر، توانای ئەوەت
پێئەبەخشێت کەڕێگەبدەیت کەسێکی تر بدرەوشێتەوە، پێشنیاری
کەسێکی تربکە، تائەو ڕێزە وەربگرێت، نەویستنی تۆ دەرگا
ئەکاتەوە بۆ ئەوانی تر تا دەربکەون.

هەندێک کەس هەمیشە ئەڵێن بەڵێ تا خەڵکی تر ڕزگاربکەن،
هەڵەکانیان بشارێتەوە، کاتێ کارەکانیان بەباشی ئەنجام نادەن.
بوەستە، ووتنی نەخێر زۆر لـەو کەسە ئەکات تاکارەکانی
بەئەنجام بگەیەنێت، تەنانەت ئەگەر ڕێگەی پێبەیت جارێکیش
بکەوێت ئەوا تۆ یارمەتی ئەدەیت لەداهاتوویدا، بەووتنی نەخێر
تەنیا ئەوە دوائەخەیت کە لەچارەنووسیا نووسراوە.

هێزی دزین لە دوژمنەکەت. لەوانەیە خەڵک تواناکەت بدزن
و یاری پێبکەن. ووتنی نەخێر، یارمەتیت ئەدا تا تواناکەت لەکاتی

گونجاو وشوێنی گونجاو بەکاربهێنیت بۆمەبەستی گونجاو، بوەستە لەبەخشینی تواناکانت بەو کەسانەی ئەیانەوێت بۆ گەشەسەندنی میراتی خۆیان بەکاری بهێنن لەسەر حسابی تۆ، ڕێگە بەکەس مەدە سەرنجت لابات لەسەر ئەندێشەکەت. گەورەکردنی ئەم هێزە یارمەتیت ئەدا تا خۆت لەهەموو ئەو بارودۆخانە بدزیتەوە کەزیاتر و زیاتر لە سەرکەوتن دورت ئەخەنەوە.

لیستی نەخێر:

کاتێ باسی ووتنی نەخێر ئەکەم بۆخەڵک، زۆربەی کەس ئەم پرسیارە ئەکەن: چۆن ئەزانێت بۆچ شتێک بڵێیت نەخێر؟ ئەم پرسیارە لەشوێنی خۆیدایە، چونکە هەموو ئەو هەل ودەرفەت و پەیوەندی و ئەزمونانە کەدێنە سەر ڕێگەت، ئەگەر ئەو شتانەش بێت کەتۆ ئەتەوێت، مەرج نییە بۆتۆ باش بێت، ئایا تائێستا شتێکت ویستوە دوایش پێت بەخشراوە و بە بەڵێ وەڵامتداوەتەوە، دوایی وتوتە یاخوا ڕازینەبوومایە؟ منیش تووشی ئەو حاڵەتە بووم، کەواتە با لیستێکت پێبدەم کەیاریدەدەرت ئەبێت تا دیاری بکەیت چ ئۆفەرێک نەخێر وەردەگرێت.

.ئایا ئەم دەرفەتە، بۆنەیە، پەیوەندییە، ئیشە، دواکارییە...هتد، نزیکت ئەخاتەوە لەیەکێک لەبڕگەکانی ناو بۆردی ئەندێشەکەت؟

بەڵێ نەخێر.

. ئایا ئەم دەرفەتە، بۆنەیە، پەیوەندییە، ئیشە، دواکارییە... هتد، پاڵپشتی تواناکەت ئەکات؟

بەڵێ نەخێر

. ئایا ئەم دەرفەتە، بۆنەیە، پەیوەندییە، ئیشە، دواکارییە... هتد، ئەبێتە ڕێگر لەبەردەم شتێکدا کەئەیکەیت یان ئەتەوێت بیکەیت، هاوتەریبی یەکێک یان زیاترە لەبڕگەکانی ناو بۆردی ئەندێشەکەت؟

بەڵێ نەخێر.

. ئایا ئەم دەرفەتە، بۆنەیە، پەیوەندییە، ئیشە، دواکارییە... هتد، بەهاوبەشی سود بەتۆ و هاوبەشەکەت ئەگەیەنێت بە بێ گوێدانە ئەوەی زیاتر سود بەکامتان ئەگەیەنێت؟

بەڵێ نەخێر.

. ئایا ئەم دەرفەتە، بۆنەیە، پەیوەندییە، ئیشە، دواکارییە... هتد، لەدژی ئاکارێکی ڕەوشتی ئەوەستێتەوە ئەگەر سودت پێبەگەیەنێت لەچەند بوارێکی دیکەوە؟

بەڵێ نەخێر.

.ئایا بە شێوازێکی دادوەرانە قەرەبوو دەکرێیتەوە (کاتێ دەیبینیت) بۆ ئەم دەرفەتە، بۆنەیە، پەیوەندییە، ئیشە، دواکارییە...هتد؟ بەڵێ نەخێر.

ئایا ئەمە یارمەتیت ئەدات تا نزیک بیتەوە یان دوربکەویتەوە لەئامانجەکەت؟ بە وتنی نەخێر لەئێستادا، ئەوا لە داهاتوو قەرەبووت بۆئەکرێتەوە.

CS Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

چاپتەری پانزە
بە سەرکەوتنەکانت وەڵامی ئەوانە بدەرەوە کەڕقیان لێتە

کتێبی پیرۆزی ئینجیل دەڵێت: ژیان ومردن لەژێر کاریگەری هێزی زمانتە:
لەگەڕانەکەت بۆسەرکەوتن، تا زیاترت هەبێت و زیاتربیت، ئەوا بەرهەڵستیت بۆ دروست ئەبێت. بەداخەوە، بەڵام هەموو کاتێ بەرهەڵستیەکان تەنیا بـارودۆخ نین، بەڵکو زۆربـەی کەسانی ترن، ئەو کەسانەش وەکو دژایەتیکەر دەردەکەون، هەموو کاتێک بڕیاری ئەوەبدەیت کاری زیاتر بکەیت، زیاتر بیت، و زیاترت بوێت، ڕێک لەویادا بەرهەڵستیەکان دروست دەبن، هەواڵە باشەکە ئەوەیە بێ دژایەتیکەرەکان هیچ بەرەو پێشچونێک ڕونـادات، هیچ پێویست بـەوە ناکات بەرەنگاری بەرهەڵستیەکان بیتەوە، چونکە هـەربـەردەوام دەبێت. تاکە چارەسەری دوژمنەکانمان سەرکەوتنە، یەکەم بیرکردنەوەت لەوانەیە ئەتوانم وەلامیان بدەمەوە، بەڵێ خۆ ئەتوانی وەلامیان بدەیتـەوە، بـەلام ئەگـەر وابکـەیت ئەبێت سەرکەوتنەکەت

بوەستێنیت، باوکم ووتی: هەرگیز قاچت لەسەر پەیژەکە لامەبە تا شەق لەکەسێک بدەیت کەئەویش شەرت پێ ئەفرۆشێت. ئەگەر وابکەیت ئەوا سەرکەوتنەکەت ئەوەستێنیت، کاتێ ئەوان شەق ئەهاوێژن، باوکم پێی ووتم کەبەردەوام بم لەسەرکەوتن، تائەوان تێئەپەڕێنم، ئیتر پێمناگەنەوە کاتێ لەهەوڵی ئەوەدان من بریندابکەن و پێشکەوتنەکانم بوەستێنن، و لەدواوە بەجێدەمێنن، چونکە ڕێگەیان بەخۆیان داوە سەرنجیان لابچێت لەسەر ئەجێندا تایبەتەکەی خۆیان.

سەیری سەرکەوتن بکە وەکو ئەوەی لەسەر پەیژەیەک بیت، هەرکاتێک پلەیەکی پەیژەکە تێئەپەڕێنیت ئەبێت قاچێکت لەقاچێکی دیکەت بەرزتر بکەیتەوە، ئەگەر بوەستیت تا وەڵامی دوژمنێکت بدەیتەوە ئەوا تۆ سەرناکەویت، بەڵکو کات بەسەر ئەبەیت لەگەڵ بڕیار دەرنەکەرێکدا، هێز لەناوبەرێکدا، لەرزۆک، وجوڵاو. ئەوان بەس دوژمنن، تاکە ئامانجیان دواخستنی پێشڕەویەکانتە. ئەو کاتەی ئەوەستیت لە وەڵامدانەوەیان ئەوا یارمەتیت داون تا بەئەنجامی بگەیەنن، ناتوانیت بەرگەی ئەوە بگریت یەک ڕۆژ بەسەر بەریت بە خۆ هیلاککردن بەوجۆرە کەسانەوە. ئەوکەسانەی من ئەیانناسم و گرنگی بەبازرگانییەکانیان ئەدەن، هەرگیز وەڵامی بەرهەڵستیکارەکان نادەنەوە، کاتێ ئەوە یان نییە، لەم هەموو گەردونەدا دوژمنەکان هیچ نرخ و بە هایەکیان نییە، هیچ پەخشکەرێکی تەلەفزیۆن ناڵێت بۆ ساتێک بوەستن ئێمە لێرە پەخشدەکەین، بەڵام با بزانین بەرهەڵستی کارەکان چیدەڵێن. هیچ کەسێک کەبەتەمای چاپکردنی کتێبێکە ناڵێت: ئێمە دەست بەچاپکردنی ئەم کتێبە ئەکەین، بەڵام پێش ئەوە باگوێمان لەبۆچوونی ڕەخنەگرەکان بێت و بزانین ئەوان چی

ئێمە بەدوای بەرهەڵستی کارێکدا ئەگەڕێین، ئێمە پێگەیەکمان هەیە لەئۆفیسەکەماندا کەپارەیەکی باشی هەیە بۆ دژایەتیکەرێک ئەگونجێت. ئەگەر لەکەسە بەهێزەکان تێئەگەیت، ئەوانەی بڕیاردەدەن، هێز لەناوبەرەکان، لەرزۆکەکان و جوڵاوەکان، ئەوە ئەزانیت کە ئەوان هەر هەست بەبوونی دژیاتیکەرەکان ناکەن. جائیتر تۆ بۆبیکەیت؟

باوکم هەمیشە پێی ئەوتم: کوڕەکەم، قەڵەمێکیان مەدەری تاهەراسانت بکەن پێی. کاتێ بەبارودۆخێکدا تێئەپەڕیم (تایلەر پێری) تەلەفۆنی بۆکردم ووتی: (ستیڤ)، کاتێ لەپێگەکان باست ئەکەن، ئەوە تەنیا پێگەیە، ئەگەر وەڵام بدەیتەوە ئەوا دەبێت کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی بکەیت، تۆ کاتی کەسە بچوکەکانت نییە، تۆ کاتی بەرهەڵستییەکانت نییە، بەهەر شێوازێک لەمە بڕوانیت تاکە چارەسەر بۆ دوژمنەکان سەرکەتنەکانتە، لەهیچ بارودۆخێکدا وەڵامدانەوەی کەسە ڕەخنەگرەکان جا بەهەر شێوازێک وەڵامیان بدەیتەوە سودی بۆتۆ نابێت. تۆ تەنها تیشک ئەخەیتە سەر کەسێکی وشک و بێمانا، تۆ ڕۆشنایی بەکەسێک ئەدەیت کەهیچ زیرەکییەکی نییە.

من فێر بووم کەزاڵبم بەسەر هەستەکانمدا، کاتێ تەماشای سەرۆکەکەمان ئەکەم، من لەژیانمدا کەسێکی ئاوا شاهانە و سەرنج ڕاکێشم نەبینیوە. ئەتوانێت بوەستێت و وەڵامی هەموان بداتەوە، بەڵام بەتەنیا واناکات بگرە لەگەڵ ئەوەشدا بەئاشتیانە کارەکەی خۆی کە سەرۆکە بەئەنجام دەگەیەنێت لە کاتێکی ئاوا نەهامەتیدا. ئەتوانین هەمان قسە بکەین لەسەر (نیلسۆن مەندێلا)، (دایکە ترێزا)، قەشە (بیلی گراهم) کتێبێکی قەشەنگی (خانەدی)

هەیە بەناوی نزیکبونەوەی ماڵە. ئەم پیاوە هەموو ژیانی تەرخان کردوە تاخەڵکی فێری کاری باش و شیکردنەوەی ئینجیل بکات. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک هەر ڕەخنەی لێئەگرن، بەدرێژایی مێژوو نمونەی ئەو کەسانە ئەبینین کەهەمیشە هێرش ئەکرێتە سەریان، بەڵام ئەوان گوێی پێنادەن و بەردەوامن لەڕۆیشتن. نە کات و نە هێزی ئەوەت هەیە تاوەڵامی بەرهەڵستی کارەکان بەیتەوە. ئەوان هیچ دەسەڵاتێکیان نییە بەسەرتەوە، مەگەر خۆت پێیان ببەخشیت. (مارتن لوسەر کینگ) شتێکی ووتوە کەهەمیشە لەخەیاڵمدایە: «هیچ پیاوێک ناتوانێت بەسەرپشتتدا سەربکەوێت مەگەر پشتت چەمابێتەوە!» کەواتە ڕێک بوەستە و پشتت مەچەمەنێرەوە، بەردەوامبە لەسەرکەوتن. هەفتەیەک تەواو نابێت کەسێک هەر ئەبێت تا قسە لەسەر (ستیڤ هارڤی) بکات. من هیچ کێشەم نییە لەناوەڕاستی بۆچونی خەڵکیدابم، چونکە چەند ساڵێک پێش ئێستا بڕیاری ئەوەمداوە کەڕێگە بەکەس نەیەم پێناسەی من بکات، ئێمە لەوڵاتێکی ئازاددا دەژین، خەڵکی ئەتوانێت هەرشتێک بەمن بڵێت کەخۆی ئەیەوێت. بەڵام لەکۆتایدا من ئەوە هەڵئەبژێرم چۆن ئەو قسانە کاریگەریان ئەبێت لەسەر من و چارەنوسم، هەموو ڕۆژێکیش ئەوە هەڵئەبژێرم تا قسەخۆشەکانی خەڵک نەموەستێنن لە جێبەجێ گەیاندنی توانا ئیلاهیەکەم. ئەوکەسانەی کەچەقیان بەستووە لەپیسی و خڵتەی نەهامەتییەکانیان ژەهرەکەی خۆیان هەڵدەدەنە سەر کەسانی تر، تارزگاریان بێت لەو خەم و پەژارانەی کەڕۆژانە تووشی دەبن، هەندێک ڕۆژ ئەتوانین باشتر بەرگەی تەقە بێ ئامانجەکان بگرین لەڕۆژەکانی تر. پرسیارەکە ئەمەیە: چۆن ئەتوانین بەچالاکی بمێنینەوە و بەرەو ئامانجەکانمان بڕۆین لەژینگەیەکی

پڕ لە بێهیوا بوون؟

چۆن نێگەتیڤی بوون ڕەنگدەداتەوە لەژیانتدا؟

چۆن نێگەتیڤی بوون ڕەنگدەداتەوە لەژیانتدا لەهەر ڕۆژێکدا هەرجۆرێک لە بێهیوا بوون لەژیانتدا دەردەکەوێت، جا لە هاوپیشەیەکتەوە بێت، یان کەسێکی بێگانەی سەر شەقام بێت، یان بەپەشیمانییەوە هاوسەرەکەت بێت، ئەگەر تۆ هەناسە ئەدەیت و ئەژیت بەدڵنیاییەوە کەمێک لە بێهیوا بوون بەرەو ڕێگاکەت دێت. نەرێنی بوون وەکو وزەیەکی ڕەشبینانە، و ڕەخنەگرانە، زیانبەخشانە دەردەکەوێت، کەلەسەر ڕێگای سەرکەوتن لاتدەبات. ئەگەر ئاگادارنەبیت، بەتەنیا وزەی نەرێنیبوون لەسەر ڕێگاکەت لاتنابات، بەڵکو لەڕاستیدا لەناوتدەبات. هەرزوو ئەبینی کەڕۆژێکت خەسارکردوە بەبیرکردنەوە و وتنی «باشە من ئەوەندە خراپ بووم»؟ یان «ئەوان مەبەستیان چیبوو لەو قسەیە»؟ جا چۆن هێزەکەمان بەدەست دەهێنینەوە و بەسەربەرزییەوە بوەستین بەدرێژایی گەشتەکەمان؟ ئەبێت ببین بەشارەزای لابردنی وزەی نەرێنیبوون و گرنگی بەئەندێشەکەمان بدەین. تەماشای (ئۆپرا) بکە ئەندێشەکەی و ویستی بۆ دروستکردنی نێتۆرکی (OWN) نمونەی سەرەکی کەسێکە کەسەرکەوتنەکانی ڕقی ئەوکەسانە هەڵدەستێنێت کە پێیان ووتوە نەخێر تۆ توانای ئەوەت نییە. ڕەخنەلێگرەکانی هەر لەسەرەتای دروستکردنی نێتۆرکەکەیەوە ئەیان ووت شکست دێنێت، نەتئەتوانی ڕۆژنامەیەک بکەیتەوە یان سەیری پێگەیەک بکەیت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بێئەوەی کەسێک باسی ڕێژە کەمەکانی بینەرەکانی کەناڵەکە نەکات، یان نەڵێن ئەو خۆی بەچی ئەزانی تا نێتۆرکێک بۆخۆی دروست

بکات؟ ئەبوایە هەر خۆی خانەنشین بکردایە لەدوای تەواوبونی بەرنامەی ئۆپرا وینفری؟

ئەوە شتێکی باشە کەئۆپرا پێویستی بە وردبونەوە لەگونجاوی یان نەگونجاوی نییە لەلایەن کەسانی چواردەورییەوە، تا بەردەوام بێت لەڕۆیشتن بەرەو پێشەوە، ئۆپرا بەردەوامبوو لەکردنی ئەو کارانەی ئەیکات بە باشترین شێوە: پێشبینییەکانی هەموانی تێپەڕاند کاتێ وایکرد نێتۆرکەکەی قازانجی بۆگەڕاندەوە بەکەمتر لەسێ ساڵ، لەگەڵ بەرنامەی کوالیتی بەرز، وەکو ئایانالا، ژیانم چاک بکە، وە بەرنامەکەی تایلەر پێری بەناوی (ئەوانەی هەیانەو ئەوانەی نیانە). ئۆپرا بەئاسانی ئەیتوانی سامانەکەی بدات لەدورگەیەکدا بۆخۆی ئیسراحەت بکات ،دوای تەواو بوونی بەرنامەکەی، باڕاستیەکەتان پێبڵێم: من هیچ لێی تورە نەئەبووم ئەگەر وایبکردایە، بەڵام وویستی ئەو ئافرەتە بۆ بردنەوە و سەرکەوتن لەهەموو شتێک گرنگتریش بۆ فێرکردن و بەژدارییپێکردن لەگەڵ خەڵکیدا بەدرێژایی ڕێگاکە، بەڕاستی شتێکە شایستەی ڕێزلێگرتنە، مانگە سەرەتاکانی پێشکەشکردنی بەرنامەی (ستیڤ هارڤی شۆ)م لەبیرە، کاتێ ئۆپرا بەتایبەتی تەلەفونی بۆکردم دوای ئەوەی یەکێک لە زنجیرەکانی لێ پەخشکرا، ووتی: "ستیڤ ڕێگە بەوکەسانە مەیە کەباوەڕت پێبهێنن کە نەبیت بەوکەسەی کەخۆت ئەتەوێت. ئەبێت لەگەڵ خۆتدا زۆر ڕاستگۆبیت».

لەڕاستیدا کە شاژنی بەرنامە تەلەفزیۆنەکان لەکاتی خۆی گرتوە و تەلەفۆنی بۆکردوم تا یارمەتیم بدات، گرنگی بە ئەندێشەکانم بدەم و لەئاڕاستەی دروستدا بڕۆم، زۆر لەوە زیاتر ئەگەیەنێت بۆمن کەئەتوانم دەری بیڕم. ئاماژەیەک

لەنمونەکانی ئۆپراوە وەربگرە. بەدڵنیایەوە لەهەردوو لای ڕاست و چەپەوە بەرهەڵستکارەکانت بۆ دێت. تۆ کێ دەبیت لەبەردەم ئەو کەسانەی ڕەخنەت لێدەگرن؟ ئایا ئەکەویتە ژێر قورسایی بۆچوونی کەسێکی دیکەوە؟ یان ئامادە دەبیت بۆ بەرەنگاربوونەوە، وادەکەیت بەرهەڵستیەکان هانتبدەن تاسەرکەوتنی گەورەتر ئەنجامبدەیت؟

ئەمانەی خوارەوە چوار جۆری ڕەخنەگرەکانە کەئەبێت ئاگاداریان بیت:

ئەو بەرهەڵستی کارانەی کەدەڵێن (ڕقم لە هەموو شتێکە)!

لەوانەیە ڕۆژێکی خۆش بێت، هیچ هەورێک لە ئاسماندا نەبێت، ئەو بەرهەڵستی کارەی کەڕقی لەهەموو شتێک ئەبێتەوە هۆکارێک ئەدۆزێتەوە تا سکاڵابکات، تەنانەت کاتێک شتە باشەکان ڕوئەدات لەهەوری ڕەشبینیان نایەنە دەرەوە، ترسناکترین شت دەربارەی ئەم بەرهەڵستی کارانە ئەوەیە کەتوڕەن دەربارەی شتێک کەدەمێکە ڕویداوە، زۆر بەکەمی وردەکارییەکانیان بیر دەکەوێتەوە، هەموو جیهان بەرەو پێشەوە چون، بەڵام ئەوان لەساتێکدا گیریان خواردوە، ناشزانن چۆن خۆیان ڕزگار بکەن، ئەم جۆرە لەوزە خراپترینیانە، لەبەرئەوەی لەناوبەرەو بەردەوامە، ئەبێت ئەوەشت لەیادبێت ئەو وزەیەی کەلەو بەرهەڵستی کارانەدایە ڕقیان لەهەموو شتێک ئەبێتەوە، بەدەگمەن پەیوەندی بە تووە هەیە. نایانەوێت ئیتر بە چەقبەستویی بمێننەوە لە نەهامەتییەکانیان زۆر زیاتر لەتۆ، لەبەرئەوەی ناتوانن ڕێگای ڕزگار بونیان ببینن، پەلاماری ... کترین کەسیان بدەن، بۆیە ئەگەر کەوتیتە سەر ڕێگایان، ئەوا

نەرێنی بونەکەیان لابەو بەردەوامبە لەژیانت، بوەستە لەوەی شوێنێکیان پێ بدەیت تا نەرێنی بونەکەیان تیادا کۆبکەنەوە، ئیتر ئەوان هێزە نەرێنییەکەیان بۆ تۆ نانێرن، ئایا هەست بەوە دەکەیت کەچەند وزەی نەرێنیت بۆ دێت لەلایەن کەسانی ترەوە؟ تائێستا کەسێکت ناسیوە کەویستویەتی ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە بە مشتومڕکردن لەگەڵ تۆدا؟ خاڵە لاوازەکانت ئەزانن و بەکاریدێنن تا تورەت بکەن، تۆش هەمیشە تێ دەکەویت، دامەنیشە خراپیەکەیان قبوڵ مەکە، لە شوێنەکە برۆ و زۆریان لێبکە تا ڕەشبینیەکەیان ببەن بۆ شوێنێکی تر، ئەزانم ئەمە لەگەڵ خێزانەکەت و هاوسەرەکەت کەمێک قورس ئەبێت. بەڵام لەهەندێک پەیوەندیدا بەداخەوە ئێمە مەجبور دەبین لە نێوان تەبایی خۆمان و کەسێکی تر هەڵبژێرین، هەرگیز ڕێگە نەدەیت وزە نەرێنیەکەیان سەرکەوتنەکانت لە ناوببات .

ئەو بەرهەڵستی کارانەی کە بەرەو ئاستێکی نزمتر ڕاتدەکێشن:

ئەو ڕەخنەگرانەی کەبەرەو ئاستێکی نزمتر ڕاتدەکێشن، ئەو کەسانەن کەڕقیان لێتە، لەبەرئەوەی کە خۆزگە ئەخوازن ببن بە تۆ. بەڵام لەجیاتی ئەوەی ئەو شتانە بکەن کەتۆ کردوتە، تا بگەن بەم ئاستەت، وایان لاباشترە لەگەڵ خۆیاندا تۆش ڕابکێشن بەرەو خوارەوە، لەڕێگەی بردنی وزەکەت و خەونەکانت و سەرکەوتنەکانت، جیهانیش ئیشێکی باشی کردوە تا لەم جۆرە دژایەتیکەرانە بەرهەم بێنێت، چونکە ئێمە پەیامی ئەرێنیمان کەمکردۆتەوە دەربارەی تواناکانی خەڵکی، وە ئەو پەیامانەمان زیاد کردوە کەوا لەخەڵک

Scanned with CamScanner

شایەنی شتێکن هی ئەوان نییە. تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ئامێرێکی نوێی بەم دوژمنە هێزە بەخشیوە، جاران بەرهەڵستی کارەکانت تەنیا لەجیهانی ئاسایی هەبوو، ئێستا لە فەیسبووک ئەتوانیت دوژمنێکت هەبێت لە ڕۆژئاوای ناوەندەوە کەڕقی لێتە، تەنیا لەبەرئەوەی حەزی لەو شێوازی ژیانەیە کە تۆ تیایدا دەژیت، لەکاتێکا ئەمە زۆر بێمێشکانە دەردەکەوێت، ئەوە دەخاتە ڕوو کەئەم جۆرە لە وزەی نێگەتیڤانە چەند بەربڵاوە، ئەکرێت لەلایەن کەسێکەوە بێت کە بەنهێنییەوە ژیانی تۆی لاپەسەندە، بەڵام نازانێت چۆن دڵی پێت خۆش بێت.

لەپایزی ساڵی ٢٠٠٥دا ڕێکەوتنێکی نوێی ڕادیۆییم کرد لە نیویۆرک لە ڕادیۆی (ڕێکخراو)، تەنیا لە چوار بازاڕدا هەموو ئەو کەسانەی چواردەورم کەئەبوایە پاڵپشتیان بکردمایە لەپاشەملە باسیان ئەکردم و ئەیانوت: هەڵەیەکی زۆر گەورە ئەکەم، چەندەها کەس هەر گاڵتەیان پێ ئەکردم، بەڵام من سور بووم لەسەر دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی ڕادیۆیی کە ئەبێتە سووتەمەنی ئاستی داهاتوی پیشەکەم، من خۆم زۆر هیلاک ئەکرد، بایەخم پێدەدا، زۆر بەخێرایی بەرنامە بەیانیانەکەی (ستیڤ هارڤی شۆ) لە ٢٢ بازاڕی جیاوازدا بڵاوبوەوە .

بەرهەڵستکاری بارودۆخەکان:

بەرهەڵستکاری بارودۆخەکان، ئەو ڕیباکارانەن کەبەکارت ئەهێنن بۆ سودی خۆیان، وەکو ماسی (پیرانا) وان، لەناو ئاودا چاوەڕێ ئەکەن تا بتخەنە ناو ئاوەکەوە، لەهەر ساتێکدا ئەوان ڕکابەریت ئەکەن، تا سوود لەدەرفەتە تازەکان ببینن، درۆ ئەکەن و زانیاری هەڵە دەربارەی کەسایەتیت و ڕەفتارەکانت

Scanned with CamScanner

بڵاوئەکەنەوە، ئەم دوژمنانە زیرەکن، بەڵام باشترین شێوە تا ڕزگارت بێت لێیان ئەوەیە پلانی سەرەکی و خۆزگەکانت بەتایبەتی بهێڵیتەوە، ئەگەر زانیاریان نەبێت لەسەرت ئەوا هیچ دەسەلاتێکیان بەسەرتەوە نییە.

ئەو بەرهەڵستی کارانەی کەرقیان لەخۆیان ئەبێتەوە:

بەرهەڵستکاری ڕق لەخۆ بوەوە، یەکێکە لەهەرە ڕکابەرە بەهێزەکان، تا زاڵ بێت بەسەریاندا، چونکە ئەو کەسەیە بە زەقی سەیرت ئەکات، هەموو ڕۆژێک لەئاوێنەدا لەهەنێک کاتدا ئەو ڕەشبینییە لە جیهانەوە دێت، کاتێک هیچ شتێک بەراورد ناکرێت بەو وزە نەرێنییەی ئەیخەینە ناو ژیانمانەوە . خۆ بەکەمزانینمان و گومان و شەرم و ڕەشبینی، خەونی زیاتر لەناوبردووە، سەرکەوتنی زیاتری وەستاندوە، زۆر زیاتر لەدوژمنێکی دەرەکی، کاتێک کەتۆ خراپترین دوژمنی خۆتی، ئەوا دەبێت ڕۆشنایی بۆ خۆت بهێنیت، کاتێک خۆت بەند ئەکەیت لەزیندانی ترسەکانتدا، ئەبێت هەر خۆت کلیلی ڕزگاربونت بدۆزیتەوە، تا زاڵ بیت بەسەر ترسەکانتدا، ئەبێت نرخ و بەهای خۆت لەیاد بێت، ئەبێت هەموو بەیانییەک هەستیت لەخەو و ئەو توانایەی کەخواوەند پێی بەخشیویت دووپاتی بکەیتەوە، نابێ ڕێگە بە ترسەکانت و گومانەکانت و دوو دڵیەکانت بدەیت زاڵبن بەسەر چارەنووستدا، ئەتوانیت ڕابەری ئەو ڕەشبینیانە بکەیت کەلە هەریەکە لەم دوژمنانەوە دێن، ئەگەر تا ئێستا زاڵ نەبویت بەسەریاندا ئەوا ببە بەو وزە ئەرێنییە کە ئەبێتە ڕۆشنایی، نەک تەنیا بۆ خۆت، بەڵکو بۆ کەسانی چواردەورت، کەبەهرەکەت و ئەندێشەکەت پشتیان پێ بەستووە.

Scanned with CamScanner

- Do not let anybody bring You down
- Do not change for anyone
- Just do You

چاپتەری شانزە
هاوسەنگی جادویی ژیان:

بەدەستهێنانی سەرمایەکانی ژیـان زۆر لـەوە زیاترە کەچەکێکی بانکی بەدەست بهێنیت. دەوڵەمەندبوونی ڕاستەقینە لەوەدایە کەکات تەرخان بکەیت تا بەتەنیا لەگەڵ هاوسەرەکەت بیت، یان ئەوکەسەی پەیوەندییەکی درێژخایەنت لەگەڵدا هەیە، هێز و تواناکەت پێشکەش بکەیت بەمنداڵەکانت،ماڵەکەت بکەیت بەپەرستگا و زۆر بەتەندروستی بمێنیتەوە.

بۆمن ڕۆشناییەکانی جیهان هاوسەرەکەمە (مارجوری) و لەگەڵ حەوت منداڵەکەمان، وەئیشکردنم لەکارێکدا کەزۆر لام پەسەندە. بەڵام سەرەڕای ئەم پیرۆزیانە، سەرکەوتن بەتەواوی دەربـارەی ئەوەیە لەوساتەدابم کاتێ لەگەڵ خێزانەکەمدام و هێزم هەبێت لەگەڵ بارودۆخی ئارامی مێشک تابەردەوام بم لەو ئیشەی کەزۆرم حەزلێیە. دانانی هاوسەنگی دروست لەنێوان خێزانەکەم و پیشەکەم، و ژیانی ماڵەوەم، بەڵێ... ژیانی خۆم تەنیا کاتێ ڕودەدات کەشوێنێک دروست ئەکەم تا دڵنیابمەوە لەوەی هەر لایەنێکی ژیانم بایەخپێدانی باش وەردەگرێت. ئەمە ئەو ڕێگایەیە تا بەڕاستی بتوانیت تاموچێژ وەربگریت لەو سامانەی کەلەگەڵ تواناکەت دێت.

CS Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

دەرچوونت لەهاوسەنگی:

کاتێک هەبوو کەبەڕاستی هەستم بەسەرکەوتنی پیشەیی ئەکرد، من پیشەکەم، لەگەڵ پارەکەم، و سەیارەکان، جل و بەرگەکانم هەبوو، لەکۆتایدا گەیشتبوم بەئاستێک لەپیشەی کۆمیدیا کەئەمتوانی بچم بۆهەر شوێنێک کەبمەوێت، چیم بوێت بیکرم. بەڵام ئەگەربەڕاستی ڕاستگۆبم لەگەڵ خۆمدا، من هیچ دڵم خۆشنەبوو، خۆم هیلاک ئەکرد وشانازیشم ئەکرد بەسەرکەوتنەکانمەوە، بەڵام هەمیشە ڕوو خۆشترین کەس نەبووم. کاتێ هەموو پارەکانت بەجوانی کەڵەکە نەکردوە، لەوانەیە زۆر شارەزابیت لەشاردنەوەی ڕاستییەکە لەکەسانی چواردەور و هاوڕێکانت، تەنانەت خێزانەکەشت، بەڵام لەکۆتایدا خۆت هەستی پێئەکەیت، کاتێ ژیانت گونجاو نییە، من سەرکەوتوو بووم لەبواری پیشەیدا، بەڵام سەرمایە ڕاستەقینەکانی ژیانم بەدەست نەهێنابوو. من نیشانەیەکی خۆڕزگارکردنم هەبوو کەزۆر کەمتر بوو لە ژیاننامەیەکی ئەستێرەیی. ئەمزانی ئەبێت سیستەمێکی ژیان دروستبکەم، تا هاوسەنگی بهێنێت بۆ سەیرکردنم بۆ هەموو لایەنەکانی جیهانم، کەئامادەم دەکات بۆ وەرگرتنی هەموو جۆرێک لەسەرمایەکانی جیهان، لەجیاتی تەنیا سەرمایە داراییەکان، ئایا جیهانت ئێستا هیچ هاوسەنگییەکی تێدا نییە؟ ئەگەر وابێت ئەوا تۆ بەتەنیا نیت. دواکارییەکانی کۆمەڵگای ئێستا زۆرت لێئەکات تا ببیت بە هاوبەش و ۱۲۰ کاتژمێر ئیش بکەیت، تا ببیت بەبەڵێندەرێک. ئەگەر منداڵیشت هەبێت ئەوا خشتەکەت زۆر قەرەباڵغتر ئەبێت، بەبۆنەی کاری ماڵەوە و پرۆگرامەکانی دوای قوتابخانە، لەگەڵ چالاکیەکانی

کۆتایی هەفتە، دوای ئەمە ئەبێت کات دابنێیت بۆ ڕاهێنانکردن وخواردنی تەندروست و پەیوەندیکردن بە پەرستگاکەتەوە، تەرخانکردنی کاتی مانادار تەنیا بۆتۆ.

من باوەڕم وانییە کەهاوسەنگیەکی ڕاستەقینەی ژیان دەربارەی دابەشکردنی کات بەیەکسانی ، کاتێکی وادێت کە پێویست ئەکات ئیشی زیاتر بکەیت، چونکە پارەی خوێندنی منداڵەکەت زۆرە، یان کاتێ ئەبێت زیاتر لەماڵەوە بمێنیتەوە، چونکە هاوسەرەکەت پێویستی بەپاڵپشتییە. زۆر پێویست ئەبێت کەڕێگەی دروست بدۆزیتەوە، تا مەجالی کات بەسەربردن لەگەڵ خێزانەکەت تەرخان بکەیت، کاتێ خشتەی ئیشکردنەکەت هەمیشە داوای کاتی زیاتر دەکات. یان وتوویژ بکەیت بۆ هەڵبژاردنی جێگرەوەی کار، لەگەڵ خاوەن کارەکەتدا، وەکو ئیشکردن لە دەرەوەی ئۆفیسەکەدا، یان ئیشکردن لەو کاتانەی داواکاری کار کەمترە، تا بتوانی لەگەڵ خێزانەکەت کات بەسەربەریت و توانای پارەدانت هەبێت بۆ پێداویستیەکان. هەمووومان ئەبێت ئەو ڕێگەیە بدۆزینەوە تا گرنگی بەتەندروستی جەستەیمان بدەین، چونکە بەبێ تەندروستیمان هیچ کارێکمان بۆ ناکرێت. ئیجا تۆ ئامادەیت تا هاوسەنگییەک بۆ سەرکەوتن دروست بکەیت کە بەکەڵکی ژیانت دێت؟

هاوکێشەی سەرکەوتن:

ئەمە هاوکێشەیەکی سادەیە، کەلەژیانی خۆمدا بەکارم هێناوە، ئەمەوێت تۆش ڕێگایەک بدۆزیتەوە تا ئەم هاوکێشەیە زیاد بکەیت بۆ ناو ژیانت، ئەمە هاوکێشەکەیە:

((ماڵەوە+تەندروستی+باری دارایی=سەرکەوتن))

جوانی ئەم هاوکێشەیە لەوەدایە، تا تۆ هەفتانە کۆشش بۆ هەریەکێک لەپێکهاتەکانی ناو هاوکێشەکە دەکەیت، ئەوا هەمیشە هاوسەنگیەکی سەرکەوتوانە ئەهێڵیتەوە، تەنیا یەک تەڵەی تێدایە:

لەژێر هەر بارودۆخێکدابیت نابێت گرنگی پێدانت بۆماڵەوە و تەندروستیت و باری دارایت کەمتر لە٥ ی بایەخپێدانت وەربگرن، هەموو هەفتەیەک. با بچینە ناو هەموو بەشەکان بەجیا و ئەو هەڵبژاردنانە تاووتوێ بکەین بۆ تۆ، تا کاتەکەت بەچەند شێوازێک تەرخان بکەیت، تا تواناکەت گەورەتر بکەیت و ئامادەت بکات تاهەموو سەرمایەکانی ژیان وەربگریت.

پارێزگاری کردن لەبنچینەی ماڵەکەت:

وشەی (ماڵ) واتای جیاوازی هەیە لای هەموان. ماڵەکەت لەوانەیە ئەوخێزانە ڕاستەوخۆیە بێت کەلەژێر یەک سەقفدا دەژین پێکەوە، یان ماڵەکەت لەوانیە ئەو هاوڕێ نزیکانەت بێت کەوەکو خوشک و برای یەکن. بەڵام هەرکەسێک سودەکانی سەرکەوتنەکەت وەردەگرێت، ئەبێت دڵنیابیت لەوەی کەتۆ کات و وزەی گونجاو لەوکەسانەدا تەرخاندەکەیت کە زۆر گرنگن لات، بۆچی؟ وەڵامەکە زۆر ڕوونە... بەو ڕێگایانەی کەژیانت دەوڵەمەندتر دەکەن. هەموومان باشترین بەهانەمان هەیە، تا لەگەڵ ماڵەوەدا کات بەسەرنەبەین، ئەمانەش هەندێکن لەو بەهانانە:

"خۆشەویستم ئەزانی من ئەم هەموو کاتە ئیش ئەکەم تا پارە بۆ تۆ پەیدابکەم".

"بم بورە کوڕەکەم، باوکت زۆر هیلاک بوو بۆیە نەیتوانی بێت بۆ یاریەکەت ئەمڕۆ.

"ئەزانم دووهەفتەیە بەڵێنی ئەوەم پێداویت کە یەکببینین، بەلام باوەڕبکە ئەم پڕۆژەیە نان و ئاوی لێحەرام کردووم"

لە ووشە بەناوبانگەکانی (بیلی دی ویلیەمس) لە فلیمی کلاسیکی سالی١٩٧٥ ناوی فیلمەکە ماهۆگەنی «سەرکەوتن هیچ نییە ، ئەگەر لەگەڵ خۆشەویستێکدا بەشداری پێنەکەیت». سەرکەوتنەکانمان بوونیان نییە، کاتێ کاتی گونجاو، وەجال و وزەمان نییە تا لەگەڵ کەسە خۆشەویستەکانماندا بەشداری پێبکەین. مامەڵە لەگەڵ ماڵەکەت و خێزانەکەت وەکو شتێکی گرنگی پیرۆز بکە، دڵنیابە لەوەی هەموان تێدەگەن بە واتای چی دێت. دڵنیابەرەوە لەوەی هەموو میوانەکانت یاساکانی ماڵەکەت ئەزانن و ڕێز لەو شوێنە دەگرن کەتۆ پێی دەڵێیت ماڵەوە، ڕێگە بەکەس مەدە بێتە ماڵەکەتەوە و سەرپێچی بکات، ئارامی و بێدەنگی ماڵەکەت نەهێڵێت کەتۆ بۆ خێزانەکەت دروستت کردوە. ماڵەکەت دەربارەی دروستکردنی ئەو مەسافەیەیە کەئەبێتە پەرستگاکەت. کاتێ یەکەم چێکی بانکی بایەخدارم وەرگرت، هاوڕێیەکم هات بۆماڵەکەم و پێی وتم کەئەبێت کەسێکی شارەزابێت لە(فەنگ شوەی) کە ڕاهێنانێکی چینیە لەماڵەکاندا بەکاریئەهێنن تا وزەی ماڵەکە ڕێک بخەن و ئاسودەیی بۆخاوەن ماڵەکە بهێنن. من کەکوڕێکی ئاسایی خەڵکی کلیڤلاندم، هیچ زانیارییەکەم لەسەری نەبوو، و هیچ حەزیشم بەوە نەئەکرد شتێک بێنمە ماڵەکەمە ناوێکی سەیری وەکو (فەنگ شوەی) هەبێت، بەلام کە زانیم تەکنیکێکە بۆ ڕێکخستنی ژینگەکەت، بەپێی شتە گرنگەکانی ناوژیانت، من زۆرم حەز لێی بوو، ئیتر بانگهێشتی کەسە شارەزاکانی، ناو ئەو بوارەم کرد بۆماڵەکەم، تا نموونەی ئەو ڕەنگانەمان پیشانبدەن کە ئارامی و ئاسودەیی

Scanned with CamScanner

زیاد ئەکات لەماڵەکاندا، ڕێگەی نوێیان پیشاندایان بۆ ڕێکخستنی کەلوپەلەکانی ناوماڵ، تا وزەی ئەرێنیانە زیاد بکات و سامان رابکێشێت، من ئێستەش نەمزانی ئایا ئەو تەکنیکە بەڕاستی سودی هەبوو (قەشەکەم بانگ کرد تا بێت و ماڵەکە پیرۆز بکات نەوەک تەکنیکەکە بێ سود بێت).

بەڵام ڕێخستنی هەموو بەشەکانی خانوەکە بەشێوازێکی ڕێکوپێکانە، بەڕاستی گۆڕانکارییەکی گەورەی دروست کرد، تاوەکو ماڵی خۆمن سەیری بکەین، ئەمانە چەند ڕێگایەکە تا کاتێکی خۆش لەگەڵ خێزانەکەنت بەسەربەریت:

١.تەرخانکردنی کاتێک بۆ خێزانەکەت.

٢.کاتێکی تایبەت بۆهاوسەرەکەت دیاری بکە.

٣.کاتی یاریکردن لەگەڵ منداڵەکان دابنێ.

٤.نوێژبکەن و لەگەڵ یەکتریدا بمێننەوە.

٥.ئیش لەسەر لیستی گیانەکەم ئەوە بکە،..........

٦.بیر لەدامەزراندنی خزمەتگوزار بکەرەوە.

ڕێز لە تەندروستیت بگرە:

من بەڵێنم بەخۆمداوە، هەموو ڕۆژێک کاتژمێر ٣:٤٥ خولەک وەرزش بکەم، بەبێ گوێدانەوە ئەوەی ئایا من لەماڵەوەم یان لەگەشتم، بۆچی؟ چونکە ئەندێشەکەم داوای دەکات، خشتەی ڕۆژانەکەم ئەمانەی تێدایە، پێشکەشکردنی بەرنامەی بەیانیان (ستیڤ هارڤی شۆ) لە ٦بەیانییەوە بۆ ١٠بەیانی، کاری بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنی بەرنامەی دووەم

(ستیڤ هارڤی شۆ) لە کاتژمێر ١١:٣٠ بەیانییەوە بۆ بۆ٧:٣٠ ئێوارە، دوای ئەوەش ئەگەڕێمەوە ماڵەوە تا بەرپرسیارێتییەکانم

وەکو هاوسەرێک و باوکێک جێبەجێ بکەم، ئەگەر دەساڵ گەنجتریش بومایە هەرگیز خشتەیەکی ئاوا پڕ بەرنامەم بۆ جێبەجێ نەئەکرا، بەبێ ئەو وزەیە و تەحەمولەوە کەدەستم ئەکەوێت لەوەرزشکردن.

ئەمەش خشتەیەکی ئاسایی ڕۆژانەی ستیف هارڤییە:

٣:١٥ بەیانی هەڵبسە لەخەو ودوعا بکە.

٣:٤٥ بەیانی ڕاهێنانی وەرزشی لەیانە.

٤:٤٥ ڕاپۆرتێک بنووسە بۆ بەرنامە ڕادیۆییەکەی ستیف هارڤی.

٥:٠٠ بەیانی بەرنامە ڕادیۆییەکە دەست پێدەکات.

٩:٠٠ بەیانی بەرنامەکە کۆتایدێت.

١٠:٠٠ تەلەفۆنە ڕۆژنامەوانییەکان و تازەکردنەوەی بازرگانییەکان

١٠:٣٠ چوپێکەوتنی ڕۆژانەی تیمی وەبەرهێنانی بەرنامە ڕۆژانەکان

١١:٠٠ بەیانی چاکردنی میکیاج و خۆ ئامادەکردن بۆ سەر شاشە

١١:٣٠ تۆمارکردنی بەرنامەی یەکەم.

٢:٣٠ دوانیوەڕۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ خانمەکەم و سەرکردنی بازرگانیەکان و تەلەفۆنە ڕۆژانامەوانییەکان

٤:٤٥ تۆمارکردنی بەرنامەی دووەم

٦:٤٥ تەوابونی بەرنامەکە

٧:٠٠ کۆبونەوەی تیمی وەبەرهێنان دوای بەرنامەکە

٧:١٥ ئێوارە ڕۆیشتن بەرەوماڵەوە

Scanned with CamScanner

۸:۰۰ دوای ئەوەش ئەگەڕێمەوە ماڵەوە تا بەرپرسیارێتیەکانم وەکو هاوسەرێک و باوکێک جێبەجێ بکەم.

لەکۆتایی ڕۆژەکەدا تەندروستییەکەت سامانەکەتە. ئەبێت کات تەرخان بکەیت بۆ ڕێزکردنی تەندروستی جەستەیی و دەرونی و ڕۆحیمان، تەنیا یەک لاشەمان هەیە، تاکارەکانمانی پێوە بەڕێوە ببەین لەسەر زەوی. بۆیە ئەبێت بایەخ بە خەوی باش و خواردنی باش و لەشولارێکی ڕێک بدەین. ئەوەبدۆزەرەوە کەبۆتۆ گونجاوە و دەست بەو کارانە بکە کە هێزی تەواو بە پەرستگاکەت(جەستە) ئەبەخشن و پێویستی بەبەکارهێنانی تواناکانت ئەبێت و مەبەستەکانیشت بهێنیتەدی، ئەگەر تۆ بایەخ بەتەندروستیت نادەیت، ئەمانەی خوارەوە چەند خاڵێکن تا بتگەیەنێتە ئاڕاستەی دروست:

.دڵنیابە لە خشتەکەتدا پشکنینە ساڵانەکەتی تێدایە.

.کات تەرخان بکە بۆجۆرێک لەچالاکی جەستەیی هەموو ڕۆژێک، ئەگەر تەنیا ۲۰خولەکیش بێت هەرباشە.

.ڕێجیمێکی تەندروست هەڵبژێرە کەهێز و توانات پێ ببەخشێت و بۆ شێوازی ژیانی خۆت بگونجێت.

.خواردنەوەی زۆری کحول لابە .

.ئاوی زۆر بخۆرەوە.

من خۆ دکتۆر نیم، بەڵام ئەزانم تەندروستیت بە قەدەر ئەو سفرانە گرنگە کە لەئەکاونتی بانکەکەتدا هەیە، جەستەت پێویستی بەچییە پێی ببخشە، تا ئەو ژیانە فەراهەم بکەیت کەئەتەوێت.

با ڕۆحت زاڵبێت بەسەرتدا:

ئامانجەکەم لێرەدا باسکردن لەدینێکی دیاریکراو نییە، یان واتلێبکەم هەست بەتاوانباربوون بکەیت، چونکە کارەئاینییەکانت جێبەجێ ناکەیت، بەڵام هانت ئەدەم تارێگایەک بدۆزیتەوە ملکەچی ڕۆحتببیت ڕۆژانە، جا لەڕێگەی نوێژکردنەوە بێت، یان لەڕێگەی بیرکردنەوەی قوڵەوە بێت، یاخود دۆزینەوەی کەسانێک کەهەمان باوەڕی تۆیان هەیە، هەر شتێک بێت تا بەبیرت بهێنێتەوە مەبەستێک و ئامانجێکی گەورەتر هەیە بۆژیانت، خۆت بگونجێنە لەگەڵ ئامرزی ڕۆحتدا وئەو پەیوەندیە هەر بهێڵەرەوە بەبەردەوامی.

چاودێریکردنی تەندروستی دەروونیت:

فشارو پاڵەپەستۆی ژیانە بەناوبانگەکەمان توانای ئەوەی هەیە بەتەواوی زیان بەتەندروستی و باشبوونمان بگەیەن، ئەگەر ئاگادار نەبین، ئەگەر هەست بەوە بکەیت ئەچیتە ناو بارودۆخێکی هەستیارەوە کەزۆر لەوە زیاتربێت بتوانی بە قسەکردن لەگەڵ هاوڕێیەکتدا یان ڕێنیشاندەرێکی ڕۆحی باوەڕپێکراو چارەسەری بکەیت. ئەوا ئەم کارە مەکە، دووبارەی ئەکەمە مەیکە، بەشانازییەوە بڕۆ بۆلای شارەزایەکی بواری دەروونـی، بەبێ گوێدانە پاشینەت و ڕەگـەزت وبارودۆخە داراییـەکـەت، ناتوانین بـەرگـەی ئـەوە بگرین کەتەندروستی دەروونیمان پشت گوێ بخەین. ئەگەر بمانەوێت بە تەواوی چێژ لەسەرکەوتنەکانمان و ئاسودەبونمان و دڵخۆشبوونمان ببینین لەگەڵ کەسە خۆشەویستەکانمان.

باری دارایت ڕێکبخە:

ئینجا ئەگەر تازە زانکۆت تەواو کردبێت، یان چەند بازرگانییەکت هەبێت بەناوی خۆتەوە، ئەوا هەمووومان ئەتوانین زیاتر گرنگی و بایاخ بەباری دارایمان بدەین، ئەم هەنگاوانە ئەکرێت زۆر بچوکبن، وەکو سەرفکردنی پارەی کەمتر لە خواردن، یان هەنگاوی زۆر گەورەبێت وەکو دووبارە ڕیزکردنەوەی باری دارایی ماڵەکەت. کەسە سەرکەوتوەکانی ئەمڕۆ ئەزانن چۆن پارەکانیان بەژیرییەوە بەکاربێنن و بەشێوازێک بەهێزتریان بکات لەداهاتوویاندا. چەند ساڵێک پێش ئێستا ڕێک دوای ئەوەی من و (مارجۆری) هاوسورگیریمان کرد، بەبڕی ٢٠ملیۆن پارەی باجم بۆگەڕایەوە، لەو خەوە ناخۆشە خەبەرم بوویەوە کەزانیم ژمێریارەکەم بۆ ماوەی شەش ساڵ پارەی باجی نەجداوە. ئەوەتا من ئێستا ژیانێکی خۆشم هەیە لەگەڵ ئەو هاوسەرەی خۆشم ئەوێت، بەڵام تووشی کێشەیەکی دارایی زۆر قوڵبووم، کەبەلایەنی کەمەوە ١٢ساڵم ئەوێت تالێبێمە دەرەوە. من ڕاستیەکەم بەهاوسەرەکەم ووت، ئیتر دەستم بەکارکردن کرد و خۆم زۆر هیلاککرد، هەموو ڕێکەوتنێکی کارم واژۆ ئەکرد، ئیمزاکرنی کتێبەکانم و دەرکەوتنە کەسییەکانم ئەکرد، لەڕاستیدا لە فڕۆکەخانەکاندا ئەژیام، بەڵام ئەمویست پشانی هاوسەرەکەمی بدەم کەزۆر جدیم تا ڕزگارمان بێت لەم کێشە داراییە. دوای ئیمزاکردنی ڕێکەوتنێکی خەمناک بۆ فرۆشتنی نێتۆرکی ڕادیۆکەم، من زۆر شانسم هەبوو تا پارەکە بدەمەوە بەنیوەی ئەو کاتەی بۆمدانرابوو. ئەو ئەزمونە فێری کردم کەجارێکی تر نەمەوێت هەورێکی دارایی ڕەش بەسەر ژیانمەوە

Scanned with CamScanner

بێت. تەندروستی دارایی دەربارەی ئەوەیە تەماشای هەموو بارودۆخە ئابوریەکەت بکەیت .

ئەمانەی خوارەوە چەند لایەنێکن تا ڕەچاویان بکەیت:

.ئایا جیاوازی نێوان قەرزی دارایی باش ئەزانیت وەکو (کڕینیماڵێک و شوقەیەک، یان پارە خستەسەر خوێندنی منداڵەکەت) بەپێچەوانەی ئەمەوە (هەڵگرتنی پارەیەکی زۆر لەسەر کارتی بانکی).

.ئەتوانی چی بکەیت تا قەرزە خراپەکانت نەهێڵیت، پارەی قیستە باشەکانت بدەیت؟

.ئایا ئامادەیت تۆماری ئەو شتانە بنووسیت کەکڕیوتن، تا دواتر بزانیت پارە لەچیدا کەمتر سەرف بکەیت؟

.ئایا بەشی پێویست پارەت هەڵگرتوە بۆ پاشەکەوتی خانەنشینیت یان پاشەکەوتی زانکۆی منداڵەکەت؟

.ئەتوانیت چی بکەیت تا پارە زیاتر کۆبکەیتەوە؟

.ئایا ئەتوانیت پارەی کرێدت کارتەکەت بدەیت لەگەڵ بەرزترین ئاستی سوو؟

.ئایا ئەتوانیت ڕێژەیەکی کەمتر لەسوو بەدەست بهێنیت لەسەر یەکێک لە کارتەکانی بانک؟

ئەم فاکتەرانە دیاری دەکات باری داراییت تاچەند تەندروستە، ئەمانەی خوارەوە ئەو پێنج شتەن کەهەموو کەسێکی سەرکەوتوو ئەبێت هەیبێت بۆ بناغەیەکی جێگیری دارایی:

Scanned with CamScanner

بودجەیەک و پابەندبوون پێوەی، شتێکی سەرەکییە بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتییەکی ئابوری بۆ تۆ و خێزانت .

٢.کـردنـەوەی حیسابێکی پـارەو پاشـەکەوت، کەسە سەرکەوتووەکان ئەزانن چۆن بازرگانییەکانیان بەڕێوە ببەن بێ فێڵ و تەڵەکە، بانکێک بدۆزەرەوە کەباوەڕی پێدەکەیت و دەستبکە بەدروستکردنی داهاتووی داراییت .

٣.پاشەکەوت، پاشەکەوت، پاشەکەوت: جا ئەگەر هەفتەی پێنج دۆلاربێت یاخود لەسەدا دەی مووچەکەت بێت ئەوەی کە بۆتۆ گونجاوە سەرمایە ببەخشە بەژیانت و بەداهاتوت، لەڕێگەی پاشەکەوت کردنی ئێستادا.

٤.باجەکانت بدە، شتێکی زۆرئاسانە لەکاتی خۆیدا باجەکانت بدە، هەموو ساڵیک (مامە سام- حکومەت) گوێ بەوە نادات لەناو کۆمەڵگەدا چەند ناسراویت، تەنها پرسیار لەوکەسە بەناوبانگانە بکە کەوا بیریان ئەکردەوە ئەتوانن لە باجدان ڕزگاریان ببێت.

٥.سەرمایەکەت تەرخان بکە لەخوێندەواری منداڵەکەتدا دەربارەی ئابوری، ئێستا قسەی لەگەڵ بکە دەربارەی گرنگی مامەڵەکردن بە پارەوە و پاشەکەوت کردن و پارە خستنەکارەوە.

کاتێک شتە بنەماییەکانت زانیوە ئەتوانیت ڕەچاوی ئەمانە بکەیت :

.دامەزراندنی شارەزایەک لەبواری دارایدا کاتێک ئەگەیت بەخاڵی لووتکەی پێویستیبوونت بەیارمەتی زیاتر، تا باجەکانت بدەیت، یان جۆراوجۆرکردنی هەگبەکەت، ئەمە کاتی ڕەچاوکردنی دامەزراندنی کەسێکە کەبارودۆخە ئابورییەکان بەڕێوە دەبەن، یان ژمێریارێک، پلان دانەرێکی بـواری ئـابوری. ئەگەر بیر لەدامەزراندنی کەسێکی شارەزا ئەکەیتەوە. دڵنیابەرەوە ئاوەی

کەپەیوەندییەکی باشت ئەبێت لەگەڵیدا، تاهەرکارێک بتەوێت
باسی باری ئابوری خۆتی لەگەڵ بکەیت ئەوە پارەکەی خۆتە!
دروستکردنی چەند هەلێکی سەرمایە بەخشین، هەموو
پارەکانت لەیەک پڕۆژەدا سەرف مەکە.
باری ئابوریت لەیاد بێت، هەروەکو باری تەندروستیت و
ماڵەکەت، تا کاتی زیاتر وزەی زیاتری بۆ تەرخانبکەیت، زیاتر
پەرەدەسێنن و زیاتر نمونەیی ئەبن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

چاپتەری حەڤدە
خودای گەورە دڵت خۆش بکات تا سوپاس گوزاربیت:

دایکم مامۆستای قوتابخانە بوو، ژمارەی ئەو وانانەم لەبیرنەماوە کەدایکم فێری کردوم تا گەیشتومەتە تەمەنی ٢٠ساڵی، لە تەمەنی ٥٧ساڵیدا هیلاکم، ناتوانم هەمویان باسبکەم، ئەبێت کتێبێکی دیکەی بۆ بنووسم، یەکێک لەوشتانەی کە هەمیشە پێی ئەوتم : خودای گەورە دڵت خۆش بکات تا سوپاس گوزاربیت... ڕۆحییەن من لەوە تێگەیشتبووم، بەڵام با لەچوارچێوەی ڕۆحیانەتییەوە دەریبکەین، ئەمەوێت ئەوەت بۆ ڕونبکەمەوە کەبونت بەهۆکاری دڵخۆشی کەسێکی تر، یەکێکە لەبنەما گرنگەکانی سەرکەوتن. یەکێک لەوشتانەی هەر لەسەرەتای ژیانمەوە فێری بووم، تا یارمەتی خەڵکی زیاتربدەیت، تاسەرکەوتووبن، تۆش زیاتر سەرکەوتوو ئەبیت، کاتێ سەرمایەکانت لەگەڵ کەسێکی تردا هاوبەشی پێدەکەیت، تۆ مەبەستی هەبوونت لەم جیهانەدا جێبەجێدەکەیت، وەکو ئادەمیزادێک. ئێمە هەموومان لێرەین تا یارمەتی یەکتری بدەین. کاتێ پلەیەک لەسەرکەوتن وەردەگریت جا لەهەر ئاستێکدا بێت، ئەوە ئیش وئەرکی تۆیە تا ئەوە فێری کەسێکی تربکەیت،

ئەوەی من بینیومە لەکەسە سەرکەوتوەکان ئەوەیە، تازیاتر ببەخشن خودای گەورە زیاتریان پێئەدات، تابگەنە پلەیەک تا زۆر لەوە زیاتر ببەخشن. ئەمە بنەمایەکە شمولی زۆر کەس ناکات، خۆ هەر ئەوە بەس نییە خانویەکی گەورەت هەبێت لەسەر گردێک، کاتێ یارمەتی کەسی تر نەیەیت ئەوانیش وەکو تۆ خانویەکیان هەبێت، کەواتە تۆ بەتەنیا ئەمێنیتەوە لەسەر گردەکە، ئەوەش هیچ خۆش نییە.

هەرلەوکاتەوەی منداڵ بووین ئەبوایە ئەم وانەیە فێرببوینایە:

ناتوانیت یاری خەتخەتێن بکەیت بەتەنیا. ناتوانی یاری پەتپەتێن بکەیت بەتەنیا، ناتوانیت یاری چاوشارکێ بکەیت بەتەنیا، هەموو ئەویاریانەی بەمنداڵی ئەمانکرد زۆر خۆشتر ئەبوو کاتێ لەگەڵ منداڵەکانی تر ئەمانکرد. هەموو کاتێک باشترە کاتێ ئەزمونەوکەت لەگەڵ چواردەورت بەشداری پێدەکەیت، ئەو بنەمایە لەیاد مەکە کەبەمنداڵی فێری بویت، چونکە گەورەبویت، و ئەتەوێت بچیتە ناو ژیانی پارە پەیداکردنەوە. ئەو بنەما سادەیەی بەشدارییپێکردن لەیاد مەکە، مەوەستە لەیاری کرد بەکۆمەڵ. من یاری گۆڵفم زۆر لاپەسەندە، بەڵام نابێت فێری یاریکردن بیت دوای بچیت بەتەنیا یاری بکەیت هەموو ڕۆژێک، گۆڵف یاریەکی ناوازەیە کاتێ چێژ لەهەستی برایەتی ئەبینیت و بەشدارئەبیت لە پێشبڕکێدا، کات لەگەڵ هاورێکانت و خێزانەکەت بەسەر ئەبەیت، چێژ لەجوانتریت و قەشەنگتریت دیمەنە سروشتیەکان ئەبینیت، بەهۆی ئەمانەوە یاری گۆڵف لای من پەسەندە. لەسەر ڕێڕەوی یاری گۆڵف هەمیشە کەسێکت لەگەڵدا بێت باشترە، ئەتوانم بەیەکێک لە هاورێکانم

شتانەی دڵت خۆش ئەکەن لەگەڵ کەسێکدا بەشداری پێبکەیت، چ سودێکی هەیە ئەگەر دیمەنێکی جوان ببینیت و کەسی لێنەبێت کەبیبینێت لەگەڵتدا؟ هەموو ساتە مەزنەکانی ژیان زۆر ماناداتر ئەبێت کاتێک لەگەڵ کەسێکدا هاوبەشی پێدەکەیت.

کاتێ خەڵاتێکم وەرگرت و هاوسەرەکەم لەناو جەماوەرەکەدا بوو زۆر پێم خۆش بوو کەئەو لەوێدابوو، چونکە وەکو شایەتحاڵێک وایە بۆسەرکەوتنەکانم، کاتێ ئەستێرەکەی خۆم وەرگرت لەسەر ڕێگای کەسە بەناوبانگەکانی هۆلیود، خۆشترین شت ئەوە بوو منداڵەکانم لەگەڵمدا بوون، دڵخۆشبووم بەوەی هاورێکانم و خێزانەکەم لەوێدا بوون، تا ئاهەنگ بۆ سەرکەوتنەکەم بگێڕن، دکتۆر (فیل) چەند وشەیەکی پیرۆزبایی کردنی ووت، هەروەها (ئێلین) قسەکانی هەمووی جوان بوو، (سیدرێک) هەموو ئەندامانی بەرنامەی (ستیڤ هارڤی شۆ) هاتبوون، من توانیم ئەم ساتە مەزنەی ژیانم بەشدارییکەم لەگەڵ ئەو کەسانەی کەزۆر لام گرنگبوون. کاتێ لەوە تێدەگەیت کەخودای گەورە دڵخۆشت ئەکات تاسوپاسگوزار بیت، ئەوا ژیانت ئەدرەوشێنێتەوە و ئەیگوازێتەوە. تا دروستکەرەکەمان بەرپرسیارێتی زیاترمان پێبدات، ئەوە بەمانای ئەوەدێت لێمان ڕائەبینێت. کاتێ من ئەبەخشم بەکەسێکی فەقیر و چەند ژیانی ئەو ئەگۆڕم ئەوا ئەوەندەو زیاتریش ژیانی خۆم ئەگۆڕم، کاتێ من یارمەتی منداڵێک ئەیەم تا بچێت بۆ قوتابخانە، ئەگەر یارمەتی نەیەم ئەوا ناتوانێت بچێت، ئەوا خواوەند ئەمخاتە ئەو بارودۆخەوە تا سەرچاوەی زیاتر وەربگرم و یارمەتی دە منداڵی تربدەم بچن بۆ قوتابخانە. لەوانەیە هەندێکتان (ستیڤ) بۆپارەی خۆت سەرف ئەکەیت تا منداڵ بنێریت بۆ قوتابخانە؟

کاتێ لەوە تێدەگەیت کەخودای گەورە دڵخۆشت ئەکات تاسوپاسگوزار بیت، بۆت ڕوون دەبێتەوە کەبەخشین ئەبێت بە بەشێکی سەرەکی سەرکەوتنەکانت. نازانم ئەگەر هەستت بەوە کردبێت، بەڵام کاتێ کەسە دەوڵەمەندەکان کۆدەبنەوە پاڵپشتی پڕۆژەکانی یەکتر ئەکەن بەچەکی بانکی گەورە. بەڵام ئەوانەی کەمتر دەوڵەمەندن لەوانەیە نەتوانن ئەوەبکەن، هەندێک کات یارمەتی یەکتر هەرنایەن، تەنانەت لەو بابەتانەیٚ کەپەیوەندی بەپارەشەوە نییە، کەسە دەوڵەمەنەکان ئەوکارە ئەکەن، چونکە لەمەبەستەکەی تێدەگەن، ئەوان وەکو ئەرکێکی سەرەکی سەیری بەخشین دەکەن.

تۆ وائەزانیت ئاهەنگی (مێت گالا) دەربارەی چییە؟ میدیاکان تەنیا فاشیۆن پیشاندەدات، بەڵام لەڕاستیدا مێت گالا کۆکردنەوەی پارەیە بۆ بابەتە زۆر ماناداەکان. وەکو مۆزەخانەی مێترەپۆلیتان بۆ هونەر لە نیۆرک. کاتێ خەڵک ئەبەخشێت هەستێکی زۆر خۆشی ئەبێت، لەبازرگانییە گەورەکاندا ئەم بنەمایە ناوی (گەڕانەوە یا بەخشین)ە، کەسە سەرکەوتوەکان تێدەگەن کەبەخشین لەکۆتایدا ئاستی ئەوکەسانەی خوارخۆیان باشتردەکات. کەسە سەرکەوتوەکان ڕاهاتون بەبەخشین. کاتێ لەوە تێدەگەیت کەبەخشین چەند هێزت پێدەبەخشێت ئیتر زیاتر دەبەخشیت. پێویست ناکات دەوڵەمەند بیت تائەم بنەمایە پەیڕەو بکەیت، ئەتوانیت بەشتە بچوکەکان دەست پێبکەیت. ئەتوانی یارمەتی بانکی خواردنی ناوخۆیی بدەیت، یان ئەتوانیت یارمەتی باوکە بەتەمەنەکەت بدەیت تا کارەکانی بۆبکەیت، ئەتوانی خۆبەخشی بکەیت لەئاهەنگێکی زانکۆ.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بەکێ زۆرتر ببەخشرێت، چاوەڕوانی شتی زۆرتر لەو دەکرێت:

دایکم فێری ئەمەشی کردووم، بەکێ زۆرتر ببەخشرێت، چاوەڕوانی شتی زۆرتر لەو دەکرێت، داواکاریەکان لەو کەسانە زیاتر دەکرێت کەخواوەند زۆری پێبەخشیون، تازیاتر سەربکەویت ئەبێت زیاتر پەیابکەیت، خەڵک داوای زیاترت لێدەکەن. ئەبێت چاوپێکەوتنی زیاتر بکەیت و زیاترخۆت بگونجێنیت، و کات باشتر بەڕێوەببەیت، من حەزم لە خوێندنەوەی (تێلێپڕۆمتەر) نییە، کە بریتییە لەو شاشەیەی کەنووسینەکانی لەسەرە و پێشکەشکارەکە ئەبێت بیخوێنێتەوە، بەڵام ڕاهاتووم لەگەڵیدا، من بەرنامەی زۆر تۆماردەکەم و قسە لەگەڵ خەڵکی زۆر دەکەم، تاهەموو شتێکم بیربێتەوە. بۆیە ئەبوایە فێری خوێندنەوەی (تێلێپڕۆمتەر)بم، بەکێ زۆرتر ببەخشرێت، چاوەڕوانی شتی زۆرتر لەودەکرێت، ئەبوایە کارامەتر و لێهاتووتربم. ئەگەر بەشی داواکارییەکان جێبەجێ نەکەیت ئەوا بەشی بەخشین ئەوەستێت. با چەند ئەتوانم ڕاستگۆ بم لەگەڵتدا:

من بەلامەوە ئاساییە کە کات تەرخان بکەم بۆنووسینی ئەم کتێبە و زانیاریەکان کۆبکەمەوە، چونکە زۆر سوپاسگوزارم تا ئەودەرفەتەم پێبدرێت بتوانم ئەم کارە بکەم، من تافێری ئەم زانیارییانە بووم ناخۆشی زۆرم بینیوە و توشی نەهامەتی زۆربووم، بەڵام نەبوەتە ڕێگر تا کاتێک بدۆزمەوە لەناو خشتە پڕەکەم کە پێشکەشکاری بەرنامەی ڕادیۆی و تەلەفزیۆنی و بەرنامەی یاری ئامێزم، هاوسەرێکم، باوکم، بازرگانێکم، لەگەڵ بەنامەیەکی گەشتکردن بۆماوەیەکی زۆر، تا

Scanned with CamScanner

کتێبێک بنوسم بەهیوای ئەوەی سود بەخەڵک بگەیەنم، من ئێستا ئەرکێکم هەیە تا خەڵک هۆشیار بکەمەوە و ئەو ئامرازەیان پێبدەم کەیارمەتیان ئەدات تا زیاتر سەرکەوتووبن، لەئێستادا بووە بەئەرکێک.

پێویست ناکات لەو قەشەیە توڕەبیت کە کۆمەڵێک قاپی کۆکردۆتەوە و بە بازنەیی دایناوە، کاتێ تۆ لەویادا دانیشتویت و سـود لـە قسەکانی و پەیامەکەی وەردەگـریـت. ناتوانیت لەبانکەکات تـوڕە بیت کاتێ بەهۆی پارەکانی تـۆوە قازانج دەکـەن، چونکە بانکەکە پارەکانت ئەپارێزێت. ناتوانیت لە بەڕێوبەری کۆمپانیای (ڕێگەی یەکگرتوو)توڕەبیت بەبۆنەی ئەو مووچە گەورەیەی کەوەریدەگرێت. ئەو یارمەتی چەند سەد ملیۆنێک ئەدات. ناتوانیت توڕەبیت لەپڕۆسەکە، لەجیاتی ئەوە لەنمونەکەوە فێربە، ببە بەیەکێک لەوکەسانەی کەئامادەباشی ئەوەیان تێدایە بەشداریبکەن و هۆشداریبدەن و دیاری ببەخشن، و یارمەتی بدەن، ئامۆژگاریبکەن و هانی خەڵک بدەن دوای ئەوە سەیربکە چی دێتە سەر ڕێگات. خەڵکی وادەزانن تاپارە زیاتر پەیدابکەیت و کەمترخەرج بکەیت. ئەوا دەوڵەمەدتردەبیت، بۆ تێڕوانینە کورتەکە ئەوە ڕاستە، بەڵام لەکۆتایدا ئەو هۆکارەی تۆی بۆدروستکراوە یەتە سەر ڕێگات، چونکە بەکێ زۆرتر ببەخشرێت، چاوەڕوانی شتی زۆرتر لەو دەکرێت، ئەگەر پارە پەیابکەیت و هـەوڵ بدەیت هەمووی قۆرخ بکەیت، خواوەند سیقەت پێناکات، لەلایەنی ئەوەی داواکارییەکان جێبەجێبکەیت، بۆیە پێدانەکان ئەوەستن، تەنیا پرسیار لەوکەسانە بکە کەهەموو شتێکیان هەبووە و لەدەستیانداوە. ئەگەر ڕاستگۆبن لەگەڵتدا ئەم بنەمایەت بۆباس دەکەن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

سەرکەوتن بەس دەربارەی توانین نییە بۆ بەدەستهێنان، بەڵکو دەربارەی تواناکانتە تا لەڕێگەی بەخشینەوە خزمەت بکەیت، سەرکەوتنی ڕاستەقینە لەمیراتەکەماندا دەردەکەوێت، ئەگەر تۆ توانای ئەوەت هەبێت وەکو نمونەیەک بۆ جیلی داهاتوو خزمەتبکەیت، ئەوانەی بەبۆنەی تۆوە گەشە ئەکەن بەرەو ئاستێکی بەرزتر سەرکەوتنەکانی ئەمانیش هەروەکو میراتی تۆ هەژماردەکرێت. ڕێگەیەکی تر بۆ سەرکەوتنی ڕاستەقینە سوپاسگوزارییە، لەگەڵ ڕازی بوون بەچارەنووس. ئەم هەستانە دەردەکەوێت لەڕێگەی بەخشینەوە. سەرکەوتنەکەن نابێت بەتەنیا بۆخۆت بێت، بەڵکو ئەبێت سودیشی بۆ چواردەورت هەبێت. من بەڕاستی باسی چونەناوەوەی ناوەڕۆکی ئەوەی پەرە بەتواناکەت ئەدات. چی شتێک تواناکەت ئەهێڵێتەوە لەکاتێکدا ژمارەی ڕۆژەکانی مانگ زۆرترە لەژمارەی ئەو برە پارەیەی لەبانک هەتە. پێویستت بەچییە تا بەباوەڕبەخۆبونەوە لەپشتی ئەندێشەکەت بوەستیت، سەرەڕای هەموو شتێک. ئێستا ئەزانی تواناکەت ئەوشتەیە کەئەتوانی بیکەیت و ئەتوانی باشتریش بیکەیت لەهەموان. خواوەند ناچێت دەرگایەکی دەرفەتت بۆبکاتەوە بە ئاسانی تا تواناکەتی تیا بەکاربهێنیت، ئەگەر تۆش هەوڵی خۆت نەدەیت تا تواناکەت بڵاوبکەیتەوە و بەکاری بهێنیت هەر کاتێک بتوانی.

ماسیۆ ٢٥:٢٣ کەدەقێکی ئینجیلە دەڵێت: هەربژیت خزمەتگوزارە باش و دڵسۆزەکە! تۆ دڵسۆزی کەمێک شت بویت، منیش ئەتکەم بەبەرپرسیاری شتگەلێک.

کاتی نموونەیی ئەبێت لەشتە کەمەکان، ئینجا شتە

زۆرەکان بەدەست ئەهێنیت. کاتێ بەڕاستی بەهرەکەت خۆش ئەوێت بەلاتەوە ئاساییە بەبێ پارە بیکەیت، یان کەسێکی دوای خۆت فێربکەیت. تۆ دانت بە تواناکەتدا ناوە کاتێ ئەچیتە ناو بەهرەکانتەوە. سەرکەوتن دوات ئەکەوێت بۆ هەرشوێنێک بچیت، تۆش پێشتر باجەکەی بدە.

دانپیادانانەکان:

ئەگەرمن دان بەو هەموو کەسەدابنێم کەیارمەتیان داوم، تابگەم بەم ئاستەی ئێستام لەسەر سەرکەوتن و بنووسم، ئەوا پەڕەمان پێنامێنێت. با کۆی بکەمەوە بەووتنی ئەمەوێت سوپاسی هەموو ئەوکەسانە بکەم کەیارمەتیان داوم بەهەر شێوازێک بێت، تابگەم بەو پێوانەی سەرکەوتنەم کەتیایدام، ئێوە خۆتان ئەناسن، ئەمەوێت سوپاسی هەمووتان بکەم. ئەمەوێت سوپاسی هەموو ئەوانە بکەم کە هەر دەورێکیان هەبووبێت لەسەرکەوتنم، ئێوە لام زۆر بەنرخن، ئەمەوێت سوپاسی ئامۆژگاریکەرەکانم بکەم، تەنانەت ئەوانەشی ئامۆژگاریان کردووم بێئەوەی بمناسن. ئەمەوێت سوپاسی ئەوکەسانە بکەم کەقسەی ژیرانە و سەرنجڕاکێشیان نووسیوە، ئەمەوێت سوپاسی هەمووتان بکەم، چونکە بێ ئێوە، نەمئەزانی من ئێستا لەکوێدا ئەبووم. دانپێدانانەکەم بۆخواوەندی مەزنە، دروستکەرم، باوەڕم وایە خودا ئێوەی ناردووە بۆم، ڕاست یا هەڵە، باش یا خراپ، ئەرێنی یا نەرێنی، ئێوە هەمووتان لەورێگایەدا دانراون تائەم کەسە دروست بکات، لەگەڵ ئەوەشدا من بەرهەمێکی تەواونەکراوم، سوپاسگوزاری خواوەندم بۆئەوەی من کێم و لەکوێدام، سوپاسی ئەکەم بۆبەخشینی ئێوە بەمن، سوپاسی هەموو

CS Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

پیرۆزیەکانی ودیارییەکانی دەکەم، سوپاسی لێخۆشبوونەکانی ئەکەم، سوپاسی ئەکەم چونکە ئەو خەون کوژەر نییە، بەڵکو خەون بەدیهێنەرە، سوپاسی هەموو ئامۆژکاریەکانی و وشەکانی کتێبە پیرۆزەکانی دەکەم، سوپاسی ئەکەم بۆژیانم، ئەو هۆکاری هەموو ئەو شتانەیە کەمن تیایدام. هۆکاری سەرەکی هەموو شتێکە. حەز ئەکەم سوپاسی منداڵەکانم بکەم (براندی، کارلی، مۆرگان، برۆدریک، جەیسۆن، لۆری، وینتۆن) بۆ دابینکردنی خولیای بەردەوام، تاببم بەباشترینی خۆم بۆئەوان، زۆر حەزئەکەم ببم بەپیاوێک ئەوان وەکو نمونە سەیری بکەن و لایان پەسەندبم، تا دوای مردنیشم منیان هەر بەدڵ بێت.

ئیمزاکراوە
سەربازێکی ئاینی مەسیح خاوەن کەم و کورتی
ستیڤ هارڤی

دەربارەی نووسەرەکە:

نوسەری کتێبە پڕفرۆشەکانی نیویۆرک تایمز (وەکو ئافرەت ڕەفتاربکە، وەکو پیاو بیر بکەرەوە)، (قسەی ڕاستەوخۆ بێ پێچوو پەنا) دەستی کردوە بەکاری کۆمیدیای سەر شاشە، لەناوەڕاستی سالآنی هەشتاکان، لەساڵی ١٩٩٧هارڤی گەشتی کردوە وەکو یەکێک لەپاشاکانی کۆمیدیا، لەگەڵ سیدریک (ئاهەنگێڕ)و بێرنی ماک، بەرنامەکە دوایی ئەبێت بەبابەتی فیلمێکی سپایک لی، بەناوی (پاشا ڕەسەنەکانی کۆمیدیا) .ستیف هارڤی ئێستا پێشکەشکاری بەرنامەی ڕۆژانەیە لەگەڵ بەرنامەی (ناکۆکی خێزانەکان) لەگەڵ بەرنامەی بەردەوامی ستیف هارڤی شۆ بەیانیان لەڕادیۆ، هەروەها دروستکەی ڕێکخراوی ستیف و مارجۆریە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ستیڤ هارڤی

ئەوەی ئەم نوسەری پڕفرۆشترینی کتێبی نیۆرک تایمز تایبەت ئەکات، توانای گێڕانەوەی چیرۆکە، ئەم کەسە زۆر بەناوبانگەی میدیا کەملیۆنەها پارەی پەیاکردوە لەڕێگەی ئەوەی خەندە بخاتە سەر لێوی خەڵکی، لەوە ناترسێت گاڵتە بەخۆشی بکات، جێسیکا توومەر، گاید پۆستس. پیاو و ئافرەتەکان سیقەی پێئەکەن تاڕاستیکەی پێبڵێن. ئێسێنس.

Scanned with CamScanner

چەند ساڵێکی خایاند، تا ستیف هارڤی تواناکەی خۆی دۆزیــەوە لەگەڵ بەهرە تایبەتەکەیدا، تاخەڵک بخاتە پێکەنین و گوێی لێبگرن. تەنانەت تووشی ئەوە بوو کە بێ ماڵ بمێنێتەوەو لە ئوتومبیلەکەیدا بژی. بـەڵام سـەرەڕای ئەمانە بایەخی بەئامانجەکانی داوە، ئەویش بەبەکارهێنانی تواناکەی و تۆکمەیی بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی بێشومار، ئێستاش لەکتێبی «وەک کەسێکی سەرکەوتوو ڕەفتار بکە، وەک کەسێکی سەرکوتوو بیربکەرەوە»، یارمەتیت دەدات تا خەونەکانت بەدیبهێنیت و سەروەتەکەت دروست بکەیت. هەموومان لەگەڵ توانایەک لەدایکبووین، تەنیا ئەوەت لەسەرە بەکاری بهێنیت و بیلکێنیت بەئـامـرازی دروسـتـەوە، بەکاریبهێنیت لەهەموو کایەکانی ژیانتدا، لەگەڵ بنەما هۆشیارییەکان و نوێخوازەکانی ستیڤ، لەکتێبی «وەک کەسێکی سـەرکـەوتـوو ڕەفتاربکە، وەک کەسێکی سەرکوتوو بـیـربـکـەرەوە»، نەخشەی ڕێگاکەتە بۆ دیاریکردنی تواناکانت، و نمونەییکردنی و ڕێگەی پێبدە تا ژیانت بگوازێتەوە.

وەک کەسێکی سەرکەوتوو ڕەفتار بکە، وەک کەسێکی سەرکەوتوو بیربکەرەوە

GOLDEN BOOK

CS Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner